ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٨٠٥ | یەکشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٤٠٠ _ ٢٢ی ئاگوستی ٢٠٢١
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرالدا

- بەیاننامەی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب | ٢
- هۆکارەکانی گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ دەسەڵات | ٦
- سێ پاڵنەری سەرەکی بۆ «سەربەخۆییخوازی» | ٩
- لە «برایمخان نادری»یەوە هەتا «مووسا باباخانی» | ١١

# برین هەڵدەگرین، بەڵام لە جاران سوورتر ڕێگە دەبڕین



سەروتار

## ڕەئیسی و ئاستەنگەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی

کەماڵ کەریمی

دوای ساڵانێک مانۆڕی کێبەرکێ لە نێوان تاقمە جیاوازەکانی نێو دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا و دابەشبوونی دەسەڵات لە نێوانیاندا، ئێستا هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و داد و بەڕێوەبەری یەکلا بووەتەوە و تەنانەت شورای شاری تاران وەک پێگەی سەرەکیی ئیسلاح تەڵەبەکانیش کەوتووەتە دەست یەکێک لە ئوسوولگەرا توندئاژۆکان کە تەنانەت هیچ پێشینە و پسپۆڕییەکیشی بۆ ئەو بەرپرسایەتییە نییە.

لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین دەسەڵات کەوتووەتە دەست ئەو دامودەزگایانە کە لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا لە پشت پەردەوە حکوومەتیان ئیدارە کردووە. ئەو دەزگایانەی کە بە شێوەی مافیایی دەسەڵاتی بڕیارادان و ئابووری و ڕاگەیاندن لە ڕێگەی بەیتی ڕێبەری و تەنانەت نیزامییشیان لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە قۆرغ کردبوو. بەمجۆرە و لە ڕێگەی ئەوانەوە ئیبراهیم ڕەئیسی کە بۆ خۆی هەموو تەمەنی لەگەڵ ئەم دامودەزگایانەدا کاری کردووە و ئەزموونێکی باشی لە سەرکوتکردنی خەڵک بە پشتبەستن بە فەرمانەکانی ڕێبەر و سپای پاسداران هەیە، دەبێتە سەرۆککۆمار و لە یەکەم پەیامیدا ڕادەگەیەنێ کە «لەپێناو ئەو بایەخانەی بۆ ئیمام خامنەیی گرینگن هەنگاو هەڵدێنێ» و یەکدەستبوونی حکوومەت بە «دەستپێکی فەسڵێکی نوێ بۆ قەرەبووی ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## سەرچڵی باسەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین کۆبوونەوەی خۆیدا بە ئاماژە بە ماهییەتی نەگۆڕ و خۆسەپێنی نیزامی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە ئەم نیزامە نە لە ئاستی نێوخۆییدا توانای چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی وڵات و پێڕاگەیشتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەیە و نە دەتوانێ لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی وڵاتدا هەنگاوێکی ئەرێنی بەرەو پێش هەڵێنێ.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی باوەڕی وایە کە بەهێزترکردنی بەرەی خەڵک لەدژی کۆماری ئیسلامی و بەڕێکخستنکردنی پتری نارەزایەتییەکان، ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر هێزە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان تا بتوانن وەڵامدەری دۆخەکە و چاوەڕوانیی خەڵک و بزووتنەوە بن.


لەو کۆبوونەوەیەدا پێ لەسەر ئەوە داگیرا کە پیلانگێڕیی بەردەوامی ناوەندە سەربازی و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەدژی حیزبی دێموکرات و بەئامانجگرتنی ئەم حیزبە وەک مووشەکبارانی ناوەندی دارشتنی هەڵوێست و سیاسەتی حیزب و هەروەها هەوڵی دانانەوەی بۆمب و تیرۆری کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە، نیشانەی ترسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نفوزی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جێگە و پێگەی ئەم حیزبە لەنێو خەڵکی کوردستاندایە.

## خەڵکی ئێران دۆخی خۆیان بیر ناچێتەوە


کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر هەوڵ دەدا بە زەقکردنەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ئەفغانستان بۆ کاتییش بووبێ، سەرنجی بیروڕای گشتیی ئێران بۆ لای تالیبان و دەرەوەی سنوورەکانی بگوازێتەوە، بەڵام خەڵکی بێمافی ئێران دۆخی نالەباری ژیانی خۆیان بیر نەچۆتەوە.

خەڵک دەبینن کە لەسۆنگەی فەرمان و ڕێگرییەکانی خامنەیی بۆ کڕین و هاوردەی واکسەن لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، چۆن ئەو پەتا سامناکە ڕۆژانە ئازیزەکانیان لەباوەش دەفڕێنێ و لە کۆشی مەرگیان دەخا. خەڵک بە چاوی خۆیان دەبینن کە چۆن لە وڵاتی سوئێد کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامی کە دەستی لە ئەشکەنجە و کوشتنی بەندییە سیاسییەکانیاندا بووە، بە تاوانی جینایەت دەرحەق مرۆڤایەتی دادگایی دەکرێ و بەوە تروسکەی دادپەروەری لە دڵیاندا چرۆ دەردەکا.


خەڵکی ئێران کێشەی بێئاویی خوزستان و ناوچەکانی دیکەی وڵات، سەرکوتی خۆپیشاندانەکان، پرسی گرتن و بێسەروشوێنکردنی خەڵکانی نارازی، گرانی و بێکاریی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و زەوتکرانی ماف و ئازادییەکانیان بەوە بیر ناچێتەوە کە تالیبان لە ئەفغانستان جینایەت دەکا. ئەوان دەزانن کە کۆماری ئیسلامی چی ماوە بە سەر خەڵکی خۆی نەهێنێ و خامنەیی بۆخۆی لە جینایەت و تاوانە ڕێکخراوەکاندا ڕووی هەموو جەللادەکانی مێژووی سپی کردۆتەوە.



بزووتنەوەی کورد لە ئێران دەرفەتە، ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە هەڕەشەیە بۆ سەر ئازادی و دێموکراسی و پێکەوەژیان لەم وڵاتەدا
(٥)



باڵادەستیی کۆماری ئیسلامی لە عێراق بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ئەم وڵاتەی بێئیرادە و دەستەوەستان کردووە
(٦-٧)



پایەکانی ئەو ڕێژیمە لەسەر تیرۆر و خوێنڕشتن دامەزراوە، بەئاسانی سندم ناکرێ و بەگژداچوونەوەی جیددیی دەوێ
(٨)

◆ درێژەی سەروتار

## ڕەئیسی و ئاستەنگەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی

... کەموکورتییەکان» لە قەڵەم دەدا. ئەمە لەوانەیە ڕووی خۆشی بابەتەکە بێ کە ساڵانێکە ڕێبەر و کۆنەپارێزەکان خەونیان پێوە دەدی. ئەویش یەکدەستکردنی دەسەڵات بوو لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام ئەو وەزعەی ئەمڕۆی ئێران ڕاست پێچەوانەی ئەو دڵخۆشییەی ڕەئیسی و ڕێبەر و هاوپەیمانەکانی دەردەخا.

ئەزموونی هەموو تەمەنی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی ئەوەی دەرخستووە کە گۆڕانی سەرۆککۆمار، کە لانیکەم سێ کەسی دواییان بە تەئییدی خامنەیی گەیشتنە ئەو پۆستە هیچ گۆڕانێکی ئەرێنییان لە وڵات و ژیانی خەڵکدا دروست نەکردووە، بۆیە گومان هەیە کە ئاغای ڕەئیسییش توانای قەرەبووی کەموکورتییەکانی هەبێ. ئەگەر خەڵک لە دەورانی ئەحمەدینژاددا فریوی دروشمە هەڵخەڵەتێنەرە پوپۆلیستییەکانی دەخوارد و لە هاتنەسەرکاری ڕووحانیدا چاویان بڕیبووە موعجیزەی کلیلەکەی ناوبراو، خۆبواردنی ئەو خەڵکە لە دوایین هەڵبژاردندا دەریخست کە هیچ هومێدێکیان بە دروشمی فریودەرانە و بە کلیل و ئەرزشەکانی ئیمام نەماوە. جگە لەوەی کە ئێستا کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەربەستی گەورە لەبەردەم ئەودا هەن کە لە دەورانی ئەوانی دیکەدا یا نەبوون یا کەمتر بوون.

لەگەڵ ئەوەی کە ئێستاش شەڕی دەسەڵات لە نێوان خودییەکانی ڕێژیمدا کۆتایی نەهاتووە، کۆمەڵێک ئاستەنگی گەورە چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە، ڕووبەڕووی دەسەڵات بوونەتەوە. یەکەم ئاستەنگی بەردەم ڕەئیسی ئاکامی هەڵبژاردن بوو کە دەرکەوت متمانە و پشتیوانیی خەڵکی لەگەڵ نییە و بەم جۆرە جگە لە کۆمەڵە کەسێک کە بەشێک لەوانیش بە هۆکاری دیکە جگە لە متمانە بە ڕێژیم بەشداری هەڵبژاردن بوون، بەردەنگێکی لە وڵاتدا نییە و هۆکاری ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ وەزعی خراپی ئابووری و ژیانی خەڵک. لە نێوخۆی وڵات دەبینین کە ئاستی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لە پانتایی ئێراندا چەندە زیادی کردووە و چۆن بە دەربڕینی هاوپێوەندیی نێوان خەڵک لە شارە جیاجیاکانی وڵات لە هەر ڕووداوێکدا بۆ وێنە خۆپیشاندانەکانی خووزستان لەم دواییانەدا هاودەنگیی خەڵک بەرامبەر ڕێژیم دەردەکەوێ. هۆکاری پەرەگرتنی ئەم ناڕەزایەتییانە لەلایەک نەبوونی ئیمکانی چارەسەری کێشەکانی خەڵکە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بە هۆی گەندەڵی و ناکارامەیی ڕێژیم و لەلایەکی دیکەشەوە بێزاربوونی ئەو خەڵکەیە لە درێژەی دەسەڵاتی ئەم حکوومەتە. ئەگەر ئاوا لە وەزعی نێوخۆ بڕوانین دەبێ سەرەکیترین ئەرکی سەرۆککۆماری چارەسەری کێشە ئابوورییەکان بێ هەتا کاریگەری لەسەر باشتربوونی ژیانی خەڵک بکا، کارێک کە زۆر ئەستەم دەبیندرێ.

ئێستا لەگەڵ ئەوەش کە ڕەئیسی پشتی بە لایەنە بەهێزەکانی دەسەڵات بەستووە، بەڵام جیاوازی بەرژەوەندیی ئەو دەزگا و نیهادانەی لە پشت ئەون و ئەو بەبێ ئەوان ناتوانێ هیچ کارێک بکا، گەورەترین کۆسپ دەبێ لە سەر ڕێگای ئەگەر خۆیشی بیەوێ، بۆ ئەوەی کارێک بکا. بێگومان بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی ئەم دەزگا جۆراوجۆرانە و نەبوونی سیستمێکی دامەزراوەیی ئیداری و ئابووری لە وڵاتدا، نەتەنیا ڕێگە خۆشکەر نابن بۆ بردنەپێشی هیچ پڕۆژەیەک لە خزمەت بەرژەوەندییە گشتییەکاندا، بەڵکوو دەبنە کۆسپێک لەسەر ڕێگەیان و ژیانی خەڵک بەرەو خراپتربوون دەبا. ئەمەش جگە لەوەی کە کێشە دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و قبووڵنەکردنی داواکارییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و لە ئەنجامدا درێژەی تەحریمە ئابوورییەکان، هۆکاری نەرێنی دەبن بۆ چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی نێوخۆ.

لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە کە دەتوانێ کێشەی گەورەتر بۆ ڕێژیم دروست بکا ڕوانینی وەزیرەکانی دەوڵەتی ڕەئیسییە کە هەر کامیان سەر بە دەزگایەکی بەستراوە بە سپای پاسدارانن، بە تایبەت وەزیرەکانی دەرەوە و نێوخۆ کە جگە لە شەڕ و سەرکوت شتێکی دیکە لە ڕابردوویاندا نییە. بوونی ئەم کابینە و جۆری ڕوانینەکانیان دەتوانی سەرەتایەک بێ بۆ درێژەپێدان بە سیاسەتی سەرکوت لە نێوخۆ و پەرەپێدانی شەڕ و نائەمنی لە ناوچەدا، لە ڕێگەی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ڕێژیم لە وڵاتانی دەوروبەر و پەرەگرتنی تێرۆریزم. سیاسەتێک کە نەتەنیا لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێراندا نەبووە بەڵکوو یەکێک لە هۆکارەکانی وێرانی و تێکچوونی ژیانی خەڵکیش بووە. پێداگری لە سەر ئەم ڕەوتە دەتوانێ هەستەوەریی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ پاراستنی خۆی بورووژێنێ و مەترسیی هێرشی ئەو وڵاتە بۆ سەر ناوەندە ئابووری و سەربازییەکان کە تا ئێستا زیانی زۆری بە ڕێژیم گەیاندووە زیاتر بکا. هەر چۆنێک بێ لە ڕێژیمێک کە تا ئێستا بەرامبەر بە هیچ ڕووداوێک ئەگەر ژیانی گشتیی خەڵکیشی خستبێتە مەترسییەوە وەڵامدەر نەبووە و بەرامبەر داواکاریی خەڵک خۆی بە بەرپرسیار نازانی، دەبێ چاوەڕوانی زۆر شتی خراپتریش بکرێ. هەروەک چۆن بە قسەی خامنەیی بەر بە هێنانی واکسێنی دژی پەتای کۆرۆنا گیرا و بە هۆیەوە دەیان هەزار کەس گیانیان لە دەست دا و دوای چەند مانگ تازە داوا دەکا واکسێن بکرێن، دەکرێ لە داهاتووشدا لەم فتوا هەڵانە زۆر ببیسین بەبێ ئەوەی خۆی بە بەرپرسیار بزانێ بەرامبەر بە وڵامدانەوە. هەر ئەمانەش وایان کردووە کە خەڵک هیچ متمانەیەکیان بە ڕێژیم نەمابێ و چاوەڕوانی ئەوە نەبن کە لە سێبەری ئەواندا بحەسێنەوە.

ئێستا بەتەواوی دیارە کە ئەوام تەنانەت لە وتاردان بۆ دڵخۆشکردنی خەڵکیش دۆشداماون و شتێکیان نییە کە بە خەڵکی بڵێن هەتا متمانەیان بۆ بگەڕێتەوە. ئەمە تەنانەت دەتوانێ شوێندانەر بێ لەسەر ڕۆحییەی دەسەڵاتداران و دەوروبەرەکەیان. هەربۆیە لە نەبوونی پلانێک بۆ چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی خەڵک و وڵامدانەوە بە پرسەکانی ئازادی و پاراستنی مافەکانی خەڵک، دەبێ ئەگەری سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان و دیتنی ڕێکارە ئەمنییەتییەکان بۆ سەرکوتی کوێر ببینین. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئێستا ئێتر تەنانەت هێزەکانی ڕێژیمیش ئەو چاو و گوێ بەستراوانەی ساڵانی پێشوو نین کە بۆ کوشتنی کوێرکوێرانەی خەڵکی وڵاتەکەیان گوێ بۆ هەموو فەرمانێک شل بکەن و سەرکردەکانی ڕێژیمیش ئەمەیان هەست پێ کردووە.

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی حەفتا و شەشەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات

**خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری کوردستان!**

**ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکرات!**

٢٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ، ٧٦ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی کۆماری کوردستان و حیزبی پێشەنگی قۆناغە یەک لەدوای یەکەکانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تێدەپەڕێ و بەمجۆرە ئەو حیزبە پێ دەنێتە چارەگەسەدەی چوارەمی تەمەنی سیاسی و خەباتگێڕانەی خۆی. لەو بۆنە بەشکۆیەدا وێڕای ناردنی هەزاران سڵاو بۆ دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە – لە سەرووویانەوە قازی محەممەد- و هەموو شەهیدانی کاروانی نەپساوەی خەباتی ئەو حیزبە، پیرۆزبایی هەرمان و خۆڕاگریی سەربەرزانەی حیزبی دێموکرات بە خەڵکی کوردستان و ئەندامان و لایەنگران و کادر و پێشمەرگە قارەمانەکانی دێموکرات دەڵێین و پەیمانی شێلگیری و وەفاداری بە ڕێبازی شەهیدانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە.

حیزبی دێموکرات وەک یەکەمین حیزبی هاوچەرخی کوردی کە خاوەنی پێگەی فراوانی خەڵکی بێ و تا ئێستا لە مەیدانی خەباتی بەکردەوەدا مابێتەوە، بۆ وڵامدانەوە بە زەروورەتێکی مێژوویی دامەزرا کە تا ئێستاش هەر لە جێگای خۆیەتی. ئەو زەروورەتە بریتی بوو لە تەیارکردنی گەلی کورد بە ئامرازێکی ڕێکخستنی جڤاکی و نوێنەرایەتیی سیاسی کە هەر لەو کاتەدا کە هەڵقوڵاوی واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بێ، خەباتی کورد بە ڕوح و ڕێکارێکی سەردەمیانە بباتە پێش و پرسی کورد لە خانە فراوانترەکانی کارتێکەریی سیاسیدا پێناسە بکا و ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەمین تاقیکاریی ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانەی خۆی بە ئەزموونی پڕشنگداری حوکمڕانیی کوردی و لە ڕێگای دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یەکەمین و تاقانە کۆماری مێژووی کورد دەست پێ کرد. لەو چوارچێوەیەشدا کۆمەڵێک هێمای سیاسی و شوناسخوازانەی داهێنا و فەرهەنگ و ڕوومایەکی جوان و دروستی لە کوردایەتیدا جێخست کە دواتر هەموو نەتەوەی کورد بە هی خۆی کردن. هەربۆیە هەر لە دەسپێکەوە حیزبی دێموکرات بوو بە ڕووگەی زەینی و مێژوویی نەوە یەک لەدوای یەکەکانی تێکۆشەرانی کورد لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان و تەنانەت زۆر لە ئازادیخوازانەی ڕاستەقینەی ئێرانیش. دواتریش، سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگ و سەختییانە کە ئەو حیزبە لەژێر دەسەڵاتی شوومی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی لە ئێران و لە ژیئۆپۆلیتیکی دژوار و نالەباری ناوچە لە سێ چارەگە سەدەی ڕابردوودا لەگەڵیان ڕووبەڕوو بووە، لەسایەی باوەڕی چەسپاو و سووربوون لەسەر خەباتی بەکردەوە و بردنەپێشی ئەو خەباتە بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان و بە پابەندی بە کۆمەڵێک پرەنسیپ و بایەخ، حیزبی دێموکرات بووە بە پارچەیەکی هەرە بەپرستیژ و شوێندانەری پازەڵی سیاسەتی کوردی کە سەرەڕای تێپەڕینی زیاتر لە حەوت و دەهە و نیو لە تەمەنی، بۆ ئێستا و ئایندەی چارەنووسی کورد و خەبات بۆ ئازادی و دێموکڕاسی لە ناوچەدا هەروا جێگای متمانە و حیساب لەسەرکردنە.

ڕازی هەرمانی حیزبی دێموکرات و خۆڕاگریی ئەو حیزبە لە مەیدانی ئەستەمی خەباتدا پێش هەموو شتێک لەوەدایە کە ئەو حیزبە ڕەگ و ڕیشەی پتەوی لەنێو مێژووی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان‌دایە، زمانحاڵی هەرە زوڵاڵی پرسی ڕەوای گەلێکە کە هەتا ئێستا چارەسەر نەبووە و لە هەر هەلومەرجێکدا ژیرانە و دلێرانە بۆ وەدیهاتنی ئامانجە ڕەواکانی ئەو گەلە بەبێ وەستان، بەکردەوە و بە مایەلەخۆدانانی یەکجار زۆر درێژەی بە خەبات داوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە بنەڕەتەوە لەسەر ژێرخانی مێژوویی و نەریتیی کۆمەڵگەی کوردستان هەستابووە سەر پێ، هەر لە ئەوەڵەوە تا ئەمڕۆ خاوەنی سەرلەوحێکی مۆدێرن بۆ کاری سیاسی و خەباتگێڕانە بووە. هەر لەو کاتەدا بەڵام حیزبی




**ڕازی هەرمانی حیزبی دێموکرات و خۆڕاگریی ئەو حیزبە لە مەیدانی ئەستەمی خەباتدا پێش هەموو شتێک لەوەدایە کە ئەو حیزبە ڕەگ و ڕیشەی پتەوی لەنێو مێژووی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان‌دایە، زمانحاڵی هەرە زوڵاڵی پرسی ڕەوای گەلێکە کە هەتا ئێستا چارەسەر نەبووە و لە هەر هەلومەرجێکدا ژیرانە و دلێرانە بۆ وەدیهاتنی ئامانجە ڕەواکانی ئەو گەلە بەبێ وەستان، بەکردەوە و بە مایەلەخۆدانانی یەکجار زۆر درێژەی بە خەبات داوە.**

دێموکرات ڕێکخراوێکی داخراوی ئیدئۆلۆژی یان حیزبی تەنها چینێکی کۆمەڵایەتی نەبووە و هەرگیز لە فراوان ڕاگرتنی پێگەی جەماوەریی خۆی و لە گرینگیی دانەبڕان لە خەڵکی کوردستان غافڵ نەبووە. ئەمە جیا لە دروستکردنی گەورەترین سەرمایە بۆ خەباتی ئەو حیزبە کە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، ڕەنگدانەوەی لە کولتووری حیزبی و خەباتگێڕانەی ئەو حیزبەشدا هەبووە، بە چەشنێک کە حیزبی دێموکرات بەدرێژایی خەباتی خۆی تێچووی ئینسانیی ئەو خەباتەی نەک تەنیا لە ڕیزی پێشمەرگە لەخۆبوردووەکانی، بەڵکوو لەنێو ڕێبەری و سەرکردەکانیشی کە پێشەوا و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی دیارترینیان بوون، دابین کردووە.

خەباتی ڕزگاریخوازانە و تێکۆشان بۆ وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە هەر شکڵێکی مومکیندا کە وەدیهێنەری مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو گەلە بێ ئەولەوییەتی کاری حیزبی دێموکرات بووە و هەر ئەوەش دەلیلی وجوودیی حیزبی دێموکراتە. بەڵام لە ڕۆژی یەکەمەوە تا ئێستا ئەو حیزبە لە باقیی پرس و ئاریشەکانی نێو کۆمەڵگەش غافڵ نەبووە و حیزبی دێموکرات هەمیشە لە ڕۆئیای سیاسی و خەباتگێڕی و دەوڵەتداریی خۆیدا بە دیدێکی پێشکەوتنخوازانە و بەرپرسیارانەوە چاوی لە ئیدەئال و پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکانی تر وەک مافەکانی مرۆڤ، مافی ژنان، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، ژینگە و ژێرخانی ستراتژیی کوردستان، زمان و فەرهەنگی کورد، و سەرەنجام دێموکڕاسی (هەم وەک خیسڵەتێکی دەروونی بۆ بزوتنەوەی کورد و هەم وەک بەستێن و دەستەبەرێک بۆ چارەسەری پرسی کورد) بووە و کاری بۆ کردوون.

حیزبی دێموکرات بە درێژایی خەباتی خۆی لە تاودان بۆ ئامانجەکانی ئەو خەباتە و لە مامەڵە لەگەڵ ئەکتەر و فاکتەرە دەروونی و دەرەکییەکانی دەوروبەری ئەو خەباتە بەردەوام تێکۆشاوە سیاسەتێکی دروست و ئوسووڵی بباتە پێش کە بنەماکەی ئەخلاق، واقیعگەرایی و وەفاداری بە ڕیسالەتی نەتەوایەتی بووە. لەلایەکی دیکەوە، ئەو حیزبە لە بڕینی ڕێگای خەباتدا هەمیشە هەوڵی داوە هێندێک پرەنسیپ لەبەرچاو بگرێ و پێیان وەفادار بمێنێتەوە کە چ بەشێوەی زاتی و چ لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەییدا بە پێویستی زانیوە ڕەچاویان بکا. زۆر لەو پرەنسیپانە وەک دووری لە دۆگماتیزم و پاشکۆیەتی، سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی، ڕەچاوکردنی ستانداردە شارستانی و مرۆییەکان، ئەولەویەتی ڕێگاچارەی ئاشتییانەی پرسی کورد، دەستێوەرنەدان و زیان نەگەیاندن بە بەرژەوەندیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، و ... هتد ئەوەندە گرینگن کە لە مەودای مێژووییدا خیسڵەتێکی ناسنامەییان بۆ حیزبی دێموکرات و خەباتەکەی هەبووە.

لەگەڵ ئەوە کە هێشتا ئەو ئامانجانەی حیزبی دێموکراتیان بۆ دامەزراوە وەدی نەهاتوون، بەڵام ئەو ڕابردووە درێژ و پڕشنگدارە و ئەو جێگە و پێگە دیار و تایبەتییە کە حیزبی دێموکرات لە مێژوو و لەسەر نەخشەی بزوتنەوەی کورددا هەیەتی، بۆ ئەو حیزبە سەرچاوەی زۆر شانازیی مەزن و خوڵقێنەری زۆر دەسکەوتی دیار و گرینگ بووە. بەدەر لە هەموو ئەو هێما و پرەنسیپ و خیسڵەتانە کە حیزبی دێموکرات بە پرسی کورد و خەباتی ئەو گەلەی بەخشیوە، کەمترین دەسکەوتی خەباتی ئەو حیزبە ئەوە بووە کە هۆشیاریی نەتەوایەتیی تاکی کورد جارێک بۆ هەمیشە لە قالبێکی مۆدێرندا ڕێک بخا و بە نەیارانی کورد بسەلمێنێ کە هەڕەشە و نەیارییەکان هەرچەند و هەرچییەک بن، خەباتی ئەو گەلە تا گەیشتن بە ئاواتەکانی هەر بەردەوام دەبێ.

بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی کراوە و واقعبینانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناپایەداریی پارامێترەکانی بوار و دەرفەت بۆ تێکۆشانی سیاسی و ئاسایی، ئەو حیزبە هەمیشە

**ئەو حیزبە لە بڕینی ڕێگای خەباتدا هەمیشە هەوڵی داوە هێندێک پرەنسیپ لەبەرچاو بگرێ و پێیان وەفادار بمێنێتەوە کە چ بەشێوەی زاتی و چ لەپێناو بەرژەوەندیی نەتەوەییدا بە پێویستی زانیوە ڕەچاویان بکا. زۆر لەو پرەنسیپانە وەک دووری لە دۆگماتیزم و پاشکۆیەتی، سەربەخۆیی بڕیاردانی سیاسی، ڕەچاوکردنی ستانداردە شارستانی و مرۆییەکان، ئەولەویەتی ڕێگاچارەی ئاشتییانەی پرسی کورد، دەستێوەرنەدان و زیان نەگەیاندن بە بەرژەوەندیی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، و ... هتد ئەوەندە گرینگن کە لە مەودای مێژوویدا خیسڵەتێکی ناسنامەییان بۆ حیزبی دێموکرات و خەباتەکەی هەبووە.**

خەباتێکی فرەڕەهەندی بردۆتە پێش و تێکۆشاوە بەردەوام سروشت و مێکانیزمەکانی ئەو خەباتە بەڕۆژ بکاتەوە و خۆی لەگەڵ هەلومەرجی قۆناغە جیاوازەکان بگونجێنێ. بەهۆی دێموکراتیک نەبوونی ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران و لە سایەی ئامادەیی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بۆ فیداکاری و گیانبازی، خەبات و خۆڕاگریی پێشمەرگانە و چەکدارانە ڕەهەندی هەرە دیار و پڕشنگداری خەباتی حیزبی دێموکرات بووە. بەڵام حیزبی دێموکرات ئەو کاتەی پەنای بۆ مێتۆدی چەکداریش بردووە، وەک ئامرازێک لەپێناو چارەسەری سیاسی بەکاری هێناوە و هاوکات بە گرینگییەوە ڕوانیویەتە هەموو بەستێن و شێوازەکانی دیکەی خەبات وەک خەباتی جەماوەری، دیپلۆماسی، مێدیایی و ... هتد، و بەرنامەڕێژیی بۆ کردوون. هەر لەو سۆنگەیەوە، حیزبی دێموکرات خەباتی خۆی بە دابڕاو لە ڕەوت و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دەرەوەی خۆی نەزانیوە. ئەو حیزبە وێڕای باوەڕی قووڵ بە جەوهەری ڕەسەنی مەسەلەی کورد و مافی ڕەوای گەلی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و هەڵبژاردنی ئازادانەی ئامانج و تاکتیکەکانی خەبات، هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکان و هاوکاری و هاوپێوەندی لەگەڵ هێز و لایەنە ئێرانییەکانی لە چوارچێوەیەکدا کە لەگەڵ جەهانبینی و بەرژوەندیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتەبا نەبێ بەپێویست زانیوە، بەکردەوە کاری بۆ کردووە و باجی زۆر گەورەشی بۆ داوە.

> **حیزبی دێموکرات خەباتی خۆی بە دابڕاو لە ڕەوت و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دەرەوەی خۆی نەزانیوە. ئەو حیزبە وێڕای باوەڕی قووڵ بە جەوهەری ڕەسەنی مەسەلەی کورد و مافی ڕەوای گەلی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و هەڵبژاردنی ئازادانەی ئامانج و تاکتیکەکانی خەبات، هەڵوێست وەرگرتن لە بەرامبەر پرۆسە سیاسییە سەراسەرییەکان و هاوکاری و هاوپێوەندی لەگەڵ هێز و لایەنە ئێرانییەکانی لە چوارچێوەیەکدا کە لەگەڵ جەهانبینی و بەرژوەندیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتەبا نەبێ بەپێویست زانیوە، بەکردەوە کاری بۆ کردووە و باجی زۆر گەورەشی بۆ داوە.**

هەروەک چۆن حیزبی دێموکرات بە دەسکەوت و شانازییەکانی مێژووی خۆی لەخۆبایی نەبووە، لە کەموکوڕی و کەمایەسییەکانی خۆی و خەباتەکەشی غافڵ نەبووە و حاشایان لێ ناکا. ئاشکرایە حیزبی دێموکرات بەدرێژایی خەباتی خۆی و بارتەقای ئەو بەرپرسایەتییە سیاسی و مێژووییە قورسەی لەسەر شانی بووە، لە ژینگە و بەستێنکدا جوڵاوەتەوە کە دەرگیری کێشە و ئاستەنگ و ئالەنگاریی وای کردووە کە بوونە هۆی ئەوەی ئەو حیزبە نەتوانێ هەمیشە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵک و زەرووڕەتەکانی سەرکەوتنی خەباتدا بێ. ئەگەر بەشێک لەو ئاستەنگ و ئالەنگارییانە پێوەندییان بە فاکتەرەکانی دەرەوەی ئیرادەی حیزبی دێموکراتەوە بووە و هۆکاری بەرتەسک بوونەوەی مەیدانی خەبات و دوورخستنەوەی سەرکردایەتیی دێموکرات لە چەقی ئەسڵیی ئەو خەباتە بوون، بەشێکی دیکەیان پێوەندییان بە دینامیزمی نێوخۆیی بزوتنەوەی کورد و کەموکوڕییەکانی ئەو بزوتنەوەیە لەڕووی مشوورخۆریی سەردەمییانە و یەکڕیزیی گەلی کورد و هاوهەنگاویی بەکردەوەی هێزە سیاسییەکانی ئەو گەلەوە هەیە. بەڵام لێرەشدا ئەوەی جێگای هیوایە ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات هەرگیز لە گوێ‌گرتن لە ڕەخنە و بۆچوونی جیاواز و بەخۆداچوونەوە نەترساوە. لەوەش گرینگتر، بەسەرنجدان بە چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان و ڕۆڵی میحوەری و شوێندانەری حیزبی دێموکرات لە بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، حیزبی ئێمە لە ساڵانی دواییدا بۆ یەکخستنی زیاتری نێماڵی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات (بەتایبەتی لە چوارچێوەی "ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"دا) و لەوەش وردتر و بڕیاردەرتر بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات هەنگاوی جیددیی ناوە کە موژدەبەخشی قۆناغێکی باشتر و بەرهەمدارتر لە خەباتی هاوبەشی کورد لە ڕۆژهەڵاتە. هەرلەوکاتەدا نایشارینەوە کە کۆی ئەو پرۆسەیە بۆ ئەوەی بەوەخت ئەو ئاکامەی لێ بکەوێتەوە کە چاوەڕوان دەکرێ و خەباتی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات یەکگرتووانەتر و مەیدانیتر بێ، هێشتا پابەندی و مایەلەخۆدانان و خۆپێوەماندووکردنی زیاتری هەموو لایەکی پێویستە.

> **ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی ئێمە وێڕای گرینگی‌دانی لە پێشوو زیاتریش بە بازنە فراوانەکانی هاوپێوەندی و هاوخەباتی، پتەوکردنی نێماڵی کورد لە ڕۆژهەڵات و تەیارکردنی ئەو گەلە بە ئامرازە ستراتژییەکانی ڕزگارکردن و پاراستنی نیشتمانی کوردستان لە دەست زوڵم و زۆر و هەڕەشە کۆن و نوێیەکان بە ئەولەوییەتی کاری خۆی دەزانێ.**

ئەمڕۆ لەکاتێکدا حیزبی دێموکراتی کوردستان پێ دەنێتە چارەگە سەدەی چوارەمی تەمەنی سیاسی و خەباتگێڕانەی خۆی کە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان و هەلومەرجی سیاسیی ناوچە بە بەراورد لەگەڵ کاتی دامەزرانی حیزب و قۆناغەکانی دواتری خەباتی ئەو حیزبە گۆڕانی گەورە و بنەڕەتییان بەسەردا هاتووە، پرسی کورد بە تەواوی لە دنیادا ناسراوە و تێکۆشەرانی ئەو گەلە زیاتر لە هەر گەلێکی دیکەی ئەم دنیایە نیشانیان داوە کە پشتگوێ خستن و سەرکوت و تۆقاندن، گەلانی ژێردەستە لە خەبات و فیداکاری لەپێناو مافی ڕەوای خۆیاندا پاشگەز ناکاتەوە. کەچی دەسەڵاتی ئەمڕۆی ئێران هەروەک حکومەتەکانی پێش خۆی لەو وڵاتەدا هەروا بە چاوچنۆکی و دژمنکارییەوە دەڕوانێتە مەوجوودیەت و خواستەکانی گەلی کورد و هاواری هەقخوازانەی گەلی ئێمە هەروا بە حاشا لێکردن و هەڵاواردن و هێرش و قەڵاچۆ وەڵام دەداتەوە. سیاسەتێک کە بە قیمەتی زەربەوەشاندن لە بنیاتی سروشتی و ئینسانیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواو بووە و بەرەنگاربوونەوەشی ڕووبارێک لە خوێنی شەهیدانی پێویست بووە کە تازەترینیان شەهید مووسا باباخانی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە لە ڕۆژانی ڕابردوو لە تاوانێکی تێرۆریستیدا بەدەستی پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر تێرۆر کرا.

لە ئاستی گشتیی ئێرانیشدا ئەمڕۆ دەبینین کە لەگەڵ مایەپووچ دەرچوون و نامەشرووعبوونی لە هەموو کات زیاتری کۆماری ئیسلامی، بێزاریی خەڵکی ئێران لە سیاسەت و ئیدارە و سیناریۆ نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانی ئەو ڕێژیمە بە لوتکەی خۆی گەیشتووە و ناڕەزایەتیی خەڵک هەر جارە لە گۆشەیەکی ئێران و لەنێو چین و توێژێکی ئەو کۆمەڵگایەدا دەتەقێتەوە. پێ‌بەپێی ئەوەش هاوار و ویستی خەڵک گۆڕانێکی نەوعی و ڕادیکاڵ، و زەرفیەتی خەباتیان سروشت و بنەمایەکی تازە و هەمەلاگیری بەخۆیەوە گرتووە. بەو حاڵەشەوە، ئێمە پێمان‌وایە کە بۆ یەکلابوونەوەی حیسابی خەڵک و حکومەت لە ئێران هێشتا زۆر فاکتەری دیکە وەک یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆنی مەیدانی بەدژی ڕێژیم، دروستبوونی ڕایەڵەیەکی پتەو بۆ ڕێکخستنی هێزی هەراوی خەڵک، وەدەرکەوتنی درز و داماویی زیاتر لەنێو خودی نیزامدا و شکڵ‌گرتنی یەکدەنگیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لانیکەم لە ئاستی ئوروپا و ئەمریکا لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا پێویستن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی ئێمە وێڕای گرینگی‌دانی لە پێشوو زیاتریش بە بازنە فراوانەکانی هاوپێوەندی و هاوخەباتی، پتەوکردنی نێماڵی کورد لە ڕۆژهەڵات و تەیارکردنی ئەو گەلە بە ئامرازە ستراتژییەکانی ڕزگارکردن و پاراستنی نیشتمانی کوردستان لە دەست زوڵم و زۆر و هەڕەشە کۆن و نوێیەکان بە ئەولەوییەتی کاری خۆی دەزانێ. لەو پێناوەشدا وێڕای ڕاکێشانی سەرنجی ناوەندە نێونەتەوەیی و ئێرانییەکان بۆ لای هەقانیەتی پرسی کورد و کارسازیی فاکتەری کورد لە بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا؛ وێڕای چاوەڕوانی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی باشووری کوردستان بۆ دەرک کردنی پێویستییە خەباتگێڕییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ داوا لە چین و توێژ و بژاردە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان و گۆشە جیاوازەکانی جوغرافیای فرەچەشنی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان دەکەین کە یارمەتیی چارەنووسساز بە یەکخستنی زەرفییەتەکانی خەبات و تێکۆشانی کورد بە هەموو شکڵ و شێوەکانیەوە و لە دەوری یەک دوورەدیمەنی ستراتژی و بەپێی یەک ئاجێندای خەباتگێڕی بکەن. با بەم جۆرە هەم پیلانی نەیارانی کورد بۆ لەرزۆک کردنی جێگە و پێگەی ئێستا و ئایندەی کورد لە ئێران و ناوچەدا پووچەڵ بێتەوە، هەم ئەو گەلە لە خەباتی لەمەودوایدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی تەیارتر و بەکارتر بێ.

> **کەمترین دەسکەوتی خەباتی ئەو حیزبە ئەوە بووە کە هۆشیاریی نەتەوایەتیی تاکی کورد جارێک بۆ هەمیشە لە قالبێکی مۆدێرندا ڕێک بخا و بە نەیارانی کورد بسەلمێنێ کە هەڕەشە و نەیارییەکان هەرچەند و هەرچییەک بن، خەباتی ئەو گەلە تا گەیشتن بە ئاواتەکانی هەر بەردەوام دەبێ.**

ئێمە ئاگادار و وشیاری ئەو ڕاستییەش هەین کە هەموو ئەو داوا و چاوەڕوانییانە، خەڵکی کوردستان و بژاردە سیاسی و مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵات و دۆستانی دێموکرات پێش هەموو لایەنێک ڕووبەڕووی خۆمانی دەکەنەوە و لە بەرپرسایەتیی سەر شانمان لەو پێوەندییەدا غافڵ نین. هەربۆیە لەم قۆناغە هەستیارەی خەبات و بوونمانی نەتەوەی کورددا کە: سەرەڕای دەسکەوت و پێشکەوتنەکانی ئەو گەلە لە سەردەمی نوێدا، بەداخەوە جارێکی دیکە گەمارۆی هێرش و هەڕەشەکان بۆ سەر گەلەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان تەنگ بۆتەوە و ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کورد زۆر ژیرانە و یەکگرتووانە نەجوڵێنەوە ڕەنگە بزوتنەوەی کورد جارێکی دیکە تامی تاڵی دەورانی داکشان و پاشەکشەی هەمەلایەنە بچێژێتەوە؛ لەم بارودۆخەدا کە گلۆڵەی شەڕووڕترین ڕێژیمی جیهان و دەسەڵاتی حاکم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە لێژی؛ لەم ڕۆژە بەشکۆیەدا کە یادی دامەزرانی پشوودرێژترین و بەپرەنسیپترین حیزبی کوردییە؛ لەگەڵ ڕووحی شەهیدان و لەبەردەم بارەگای گەلەکەمان بەڵێن دەدەین کە هەموو هێز و هەوڵی خۆمان لە جارانیش زیاتر بۆ دابینکردنی باشترین کاردروستایی درێژەدان و بەئەنجامگەیاندنی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخەینە گەڕ و بەم چەشنە بڕگە و قۆناغەکانی لەمەودوای خەبات هەڵگری مزگێنیی دەسکەوتی گەورە بۆ دۆستانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ئەمەگناسی کوردستان بەتایبەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بێ.

سڵاو لە بیرەوەری و پەیام و هێماکانی ٢٥ ی گەلاوێژ!

سەرکەوێ خەباتی کورد بۆ ڕزگاری و ئازادی!

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٣ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**(١٤ی ئووتی ٢٠٢١ی زایینی)**

## بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبارەی تێرۆری مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب



**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان!**
**دامودەزگا حکوومەتی و ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان!**

هەروەک لە ڕاگەیەندراوە خەبەرییەکانی پێشووی سکرتاریادا بە ئاگاداریی بیروڕای گشتی، میدیاکان، و دەزگا پێوەندیدارەکانمان گەیاندبوو: بەداخێکی گرانەوە کاک مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەوی پێنجشەممە، ١٤ی گەلاوێژ (٥ی ئاگوستی ٢٠٢١) بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری هەولێر تێرۆر کرا.

کاک مووسا باباخانی، خەڵکی کرماشان، لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٠ هەتاوی بوو. ئەو وەک تازەلاوێکی کرماشانیی بەهەست و شۆڕشگێڕی گەلەکەی، لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەستیی نەتەوەکەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد و وەک پێشمەرگە و کادرێکی بەوەج لە ماوەی ٢٣ ساڵ تێکۆشانی پێشمەرگانەیدا زۆربەی قۆناغەکانی بڕی و لە کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

کاک مووسا باباخانی لە ئۆڕگانەکانی پارێزگاری، تەشکیلات و ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا ئەرک و بەرپرسایەتی بووە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و، کۆکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنیان لە دەوری ئامانجەکانی حیزب بەتایبەت لە ناوچەی کرماشان ماندوویی‌نەناسانە کاری کردووە. هەر ئەو چالاکییە بەرچاو و هەڵسووڕانە دیار و شوێندانەرەی مووسا باباخانی بوو کە ئەوی بۆ دەزگای ئەمنیەتی و تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردبووە ئامانج کە دواجار توانییان خۆی لێ نیزیک بکەنەوە و زەفەری پێ ببەن.

کاک مووسا باباخانی کە هێشتا ٤٠ بەهار لە تەمەنی تێ‌نەپەڕیبوو، یەکێک لە ڕێبەرە لاوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە بە وشیاریی سیاسیی زۆر و ئەرک‌وەخۆگریی کەم‌وێنەوە هەم لە سەنگەری ڕاگەیاندندا و هەم لە بواری کاری پێوەندی و ڕێکخستن بەتایبەت لە ناوچەکانی کرماشان و خوارووی کوردستاندا هەڵدەسووڕا. کاری مێدیایی و مەیدانیی بەرچاوی ئەو کادرە دیارەی ڕێبەریی حیزب کە ئومێدی پاشەڕۆژێکی پڕشنگداری بۆ حیزب و نەتەوەکەی لێ دەکرا، ئەویان کردبووە چەقڵی نێو چاوی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم. بۆیە بەوردی بۆی کەوتنە پیلان و خستیانە داو و شەهیدیان کرد.

بێگومان لەدەست‌دانی کادرێکی وەک مووسا باباخانی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بە خەسارێکی گەورە دادەنرێ، بەڵام حیزبی دێموکرات لە ساڵانی ڕابردووشدا و لە درێژەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ زەبروەشاندن لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەردەوام ئامانجی سەرەکی بووە. تەقینەوەی شەوی یەڵدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ساڵی ١٣٩٥، تێرۆری فەرماندەی حیزب قادر قادری لە ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٦ کە حەوتووی ڕابردوو ئاکامی پەروەندەکەی لەلایەن لقی ٢ی دادگای تاوانەکانی هەولێرەوە ڕاگەیەندرا، مووشەک‌بارانی قەڵای دێموکرات لە هاوینی ١٣٩٧ و تێرۆر و ئێعدامی کۆمەڵێک تێکۆشەری دیکەی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات چەند نموونەیەک بۆ بەردەوامیی ڕەفتار و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و کردەوەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە دەرحەق بە حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارودۆخێکدا پەرەی بە کردەوە تێرۆریستییەکانی لە هەرێمی کوردستان، ئورووپا، ئەمریکا و نێوخۆی وڵاتیش داوە کە پتر لە هەموو کاتێک بەرەوڕووی قەیرانی بەڕێوەبەری و ناڕەزایەتییەکانی هەردەم پەرەئەستێن لە نێوخۆی وڵات بۆتەوە. لەبەر ئەوەش کە توانای چارەسەری قەیرانە جۆراوجۆرە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و، وەڵامدانەوە بە ویست و داخوازە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێرانیان نییە و، لە ڕاپەڕینی جەماوەری ترسیان ڕێ نیشتووە، مانەوەی خۆیان و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە لە سەرکوتی زیاتر و تێرۆر و تۆقاندندا دەبینن؛ سیاسەتێک کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی درێژەی بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆری کاک مووسا باباخانی لە شاری هەولێر، لەکاتێکدا هەوڵی بەرپرسانەی دامودەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە هاتنە سەر خەت و بەدواچوون بۆ ئەم ڕووداوە بەرز دەنرخێنێ، چاوەڕوانیشە کە وێڕای ئاشکراکردنی دەستەکانی پشتی پەردەی ئەم تێرۆرە، تاوانبارانی ئەم کردەوە تێرۆریستییە بدۆزنەوە و بیاندەنە دەستی عەداڵەت. ئەمەش چاوەڕوانییەکی بەرحەق و ڕەوایە کە بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و ئەمنییەتی تێکۆشەرانی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوڕووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێ. هاوکات پێویستە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرنجدان بە شەپۆلی نوێی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرنامە بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم دابنێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی تێرۆری شەهید مووسا باباخانی سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری، هاوسەنگەرانی و هەموو خەڵکی کوردستان بە تایبەت ناوچەی کرماشان و خوارووی کوردستان دەکا. ڕوحی شەهید مووسا باباخانی، تازەترین قوربانیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شاد و ڕێگای خەبات و تێکۆشانی هەتا گەیشتن بە ئازادی و وەدیهاتنی ئامانجەکانی بەردوام دەبێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیتەی ناوەندی**
**١٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠**

# ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسیی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکەی ڕۆژی شەممە ١٦ی گەلاوێژی نەغەدە

بەداخەوە ڕۆژی شەممە ١٦ی گەلاوێژ لە ئاکامی دەمەقاڵەیەک لە نێوان چەند هاووڵاتییەکی کورد و ئازەری لە شاری نەغەدە، هاونیشتمانییەکی کورد بە ناوی فەردین ئیبراهیمی خەڵکی گوندی گردکاشانی شنۆ، کە بۆ کاسبی چووبووە نەغەدە گیانی لەدەست دا و چەند کەسیش بریندار بوون. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە بووە هۆی ئەوەی کە ئاڵۆزییەک لە شاری نەغەدە دروست ببێ و ئەو ئاڵۆزییە تا درەنگانی شەو درێژەی هەبوو.

بەرپرسان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی وەک پیشەی هەمیشەییان لەجیاتی ئەوەی دۆخەکە هێور بکەنەوە، لە هەوڵی ئەوەدا بوون بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بکەن. لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە ئەوە ڕاست سیاسەتی دەسەڵاتدارانی تاران بە نیسبەت ئەو ناوچەیە و ڕووداوەکانی ئەو ناوچەیە بووە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە هاووڵاتیانی کورد و ئازەری تا کاتی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەیان بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە بەردەوام هاوکار و یارمەتیدەری یەکتر بوون. جیاواز لە ڕێکەوتننامەی مێژوویی نێوان کۆماری کوردستان و فیرقەی ئازەربایجان، تەنانەت لە کاتی خۆپیشاندانەکانی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لەساڵی ٥٧ ئەو دوو نەتەوەیە پێکەوە بە هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتر خۆپیشاندانەکانی خۆیان بە دژی ڕێژیمی پێشوو بەڕێوە دەبرد و تێدا سەرکەوتووش بوون. بەڵام لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی تاران هەوڵیان دا ئەو پێکەوە ژیانەی کورد و ئازەری تێک بدەن و بۆ قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن. لەگەڵ ئەوەشدا بەداخەوە هەندێ لایەن و میدیای غەیرە کوردییش لە جیاتی هەوڵدان بۆ هێورکردنەوەی ئەم ڕووداوە، بە هاندانی خەڵکی ئازەری خەریکی ئاڵۆزی و بشێویی زیاترن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان داوا لە هاووڵاتیانی ئازیزی کورد و ئازەری لەو ناوچەیە دەکا نەکەونە داوێکەوە کە نەیارانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئەم دوو نەتەوەیە لەوەها بارودۆخێکدا دایدەنێن و دەیانهەوێ کورد و ئازەری بکەنە دوژمن و تووشی شەڕێکی کارەساتبار و ماڵوێرانکەریان بکەن. لە هەمان کاتدا داوامان لە کۆمەڵگای مەدەنی بە کورد و ئازەرییەوە ئەوەیە کە، لە گەڵ هەوڵیان بۆ هێورکردنەوەی ئەم ڕووداوە، ڕێگا نەدەن فەرهەنگی توندوتیژی بە سەر عەقڵانییەتدا لەم ناوچەیە زاڵ ببێ و پێکەوەژیانی ئاسایی و ئاشتیخوازانە لە خەڵکی ناوچەکە تێک بدا.

لە کۆتاییدا وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری فەردین ئیبراهیمی، ئاواتی هەرچی زووتر چاکبوونەوە بۆ بریندارانی ئەم ڕووداوە دەخوازین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠**

# کەماڵ کەریمی: بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لەژێر کاریگەریی بیری حیزبی دێموکراتدا شکڵی گرتووە

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٢٦ی گەلاوێژ و بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە بنکەکانی حیزب و شاری کۆیە، سمینارێکی تایبەت بە ٧٦ەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

لەم سمینارەدا کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب باسێکی پێشکەش کرد و لە قسەکانیدا بە ئاوڕدانەوە لە دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، دانانی سروودی نەتەوایەتی و دامەزرانی سپای میللی کوردستان بە ناوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، باسی لە ماهییەتی شوناسخوازانەی بەرنامە و ئیدەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاریگەریی بیری نەتەوەیی حیزبی دێموکرات لە سەر بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد.

بەڕێز کەریمی لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە ئاستی قوربانیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کۆماری کوردستانی لێ ڕووخێندراوە، سەرکۆماری لێ شەهید کراوە، دوو ڕێبەری هەرە بەرجەستەی لێ تێرۆر کراوە، بە دەیان کادری ڕێبەری و هەزاران تێکۆشەری کادر و پێشمەرگەی لێ شەهید کراوە، لە سەر هۆکاری بەئامانجگرتنی ئەم حیزبە لە لایەن دەسەڵاتە ناوەندگەراکانی تارانەوە، قسەی بۆ بەشدارانی سمینارەکە کرد.

قسەکردن لە گۆڕانکارییە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی ئەمڕۆی ناوچەکە و ئێران بەشێکی دیکەی باسەکەی کاک کەماڵ کەریمی بوو. لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان باسی لە خۆئامادەکردنی بزووتنەوەی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەر و پێشهاتێک کرد. کەریمی لەم بارەوە جەختی لە سەر یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد و هەر لەم سۆنگەیەوە بە گرینگییەوە باسی لە پرسی دوو لایەنی حیزبی دێموکرات کرد و بۆ یەکڕیزیی نێوماڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکڕیزیی نێوان حیزبەکان و هەروەها کاریگەریی کورد لە سەر ڕووداو و پێشهاتەکانی داهاتووی ئێران و کوردستان، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی بە زامن و پێویستیی سەرەکی لە قەڵەم دا.

لە دوایین بەشی ئەم سمینارەدا ژمارەیەک لە بەشداران بە هێنانە بەر باسی تێبینی و پێشنیار و پرسیارەکانیان، باسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد کە لە لایەن بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی‌یەوە وڵامیان درایەوە.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی لەبارەی کۆتاییهاتنی حەوتەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک چۆن هەتا ئێستا بە هەست بە بەرپرسایەتییەکی زۆرەوە هەوڵی بەکردەوەی بۆ یەکخستنەوەی ڕیزی دێموکراتەکان داوە، تا گەیشتن بە دوائامانج لەو هەوڵانەی بەردەوام دەبێ**

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی خۆیدا دوایین ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکە و بارودۆخی ئێران و کوردستان و هەروەها پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی خستە بەر باس.

ڕۆژی هەینی، ٢٩ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی (٢٠ی ئاگوستی ٢٠٢١ی ز)، حەوتەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزب و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسانی ناوەندەکانی حیزب، بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕزگاریی کورد و کوردستان و تازەترین شەهیدی حیزب و گەل، شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە شەوی ١٤ لە سەر ١٥ی گەلاوێژی ئەمساڵ لە شاری هەولێر و بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران تێرۆر کرا، دەستی پێ کرد. لە برگەی دەسپێکی کۆبوونەوەکەشدا بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات لە پێوەندی لەگەڵ دوایین ڕووداوەکانی ناوچەکە، بارودۆخی ئێران و کوردستانی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی هێنایە بەرباس.

لە لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا بە ئاماژە بە دەستبەکاربوونی دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی، باس لە هەوڵی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ یەکدەستکردنی پتری دەسەڵات و بەرتەسککردنەوەی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری فەزا و بەستێنەکانی نارەزایەتی و دەنگهەڵبڕین کرابوو. دەفتەری سیاسی بە ئاماژە بە ماهییەتی نەگۆڕ و خۆسەپێنی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەم ئاکامگیرییەی کرد کە ئەم نیزامە نە لە ئاستی نێوخۆییدا توانای چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی وڵات و پێڕاگەیشتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەیە و نە دەتوانێ لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان و لەپێناو بەرژەوەندییەکانی وڵاتدا -وەک تا ئێستا نیشانی داوە- هەنگاوێکی ئەرێنی بەرەو پێش هەڵێنێ.

بەرەی خەڵک و ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامی لە ئێستا و داهاتووی ئێران و کوردستاندا، تەوەرێکی دیکەی لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیی حیزب بوو. بەپێی لێکدانەوەکە بازنەی نارەزایەتییەکانی خەڵکانی ئێران بەرانبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام لە گەورەبوونەوە دایە و هاوکات بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستانیش ڕەوتی پەرەسەندن و گەشەسەندنی خۆی دەپێوێ و زمانی وەڵامدانەوەی دەسەڵاتیش هەروەک جاران سەرکوت و خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتییەکان بووە. ئاکامگیریی لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی لەو پێوەندییەدا ئەوە بوو کە بەهێزترکردنی بەرەی خەڵک لەدژی کۆماری ئیسلامی و بەرێکخستنکردنی پتری نارەزایەتییەکان، ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر هێزە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان تا بتوانن وەڵامدەری دۆخەکە و چاوەڕوانیی خەڵک و بزووتنەوە بن. هەر لەم پێوەندییەدا بەپێی لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نایەکگرتوویی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و تا ڕادەیەک نەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمەی وەڵامدەر بۆ قۆناغی ئێستای نارەزایەتییەکانی خەڵک و چۆنیەتیی ڕوانینیان بۆ ئێرانی داهاتوو، کەمایەسییەکی بەرچاوە کە پێویستە بۆ چارەسەری ببێتە خەمی هەمو لایەک.

بەڵام سەرەڕای زۆر گیروگرفت و بەربەستی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەجێدابوونی ئەو ڕەخنەگەلەی لە حیزب و لایەنەکانی کوردستان دەگیردرێ، گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی سیاسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و ڕۆڵ و کاریگەریی حیزبەکان دیار و حاشاهەڵنەگرە. لەم بارەوە هەروەک لە لێکدانەوەکەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا باس کراوە، کاریگەریی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر کۆی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەفتاری خەباتکارانەی کۆمەڵگەی کوردستان بە مەبەستی بەگژداچوونەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم و بەدواداچوونی ویست و داخوازییەکانیان، جێگە و پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها تیشک خرابووە سەر ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە نێو بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و هەم لە بازنەی حیزبەکانی کوردستاندا هەموو هەوڵێکی بۆ پێکهێنانی یەکڕیزی و هاوئاهەنگبوون لە گەڵ یەکتر بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی ئیدارەی ئێرانی داهاتوو و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بەکار بردووە.

لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی ئەوەشی تێدا بەرجەستە کراوە کە پیلانگێڕیی بەردەوامی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەدژی حیزبی دێموکرات و بەئامانجگرتنی ئەم حیزبە لەلایەن ناوەندە نیزامییەکانی ڕێژیم وەک مووشەکبارانی ناوەندی دارشتنی هەڵوێست و سیاسەتی حیزب و هەروەها هەوڵی دانانەوەی بۆمب و تێرۆری کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە، نیشانەی ترسی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نفوزی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و جێگە و پێگەی ئەم حیزبە لەنێو خەڵکی کوردستاندایە.

بەشێکی دیکەی لێکدانەوەکە تایبەت بوو بەو ئەرکانەی کە لە قۆناغی ئێستا و داهاتوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستە وەک نەخشە ڕێگایەک بۆ درێژەدان بە تێکۆشانی سیاسیی خۆی سەرنجی زیاتریان بداتێ. بۆیە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ژینگە و پشتیوان و پێگەی ئەسڵیی حیزب پێداگری لە سەر کرابۆوە، گرینگیدان بە ڕووداوەکانی ناوچەکانی دیکەی ئێران و بەتایبەت ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە تاران وەک ناوەندی سیاسی و بڕیاری ئەم وڵاتە کە کاریگەریی لەسەر کۆی ئەم وڵاتە دادەنێ، بە پێویست زانرا. لەم سۆنگەیەوە پێداگری لەسەر پەرەپێدان بە پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات کرایەوە. هەروەها پەرەپێدان بە ئاستی هاوکاریی نێوان حیزبەکانی کوردستان لە ناوەندی هاوکاری و یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوان حیزبەکان وەک پێویستییەکی هەرە گرینگ بۆ ئەم قۆناغە لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، باسی لێوە کرا.

گۆڕانکارییەکانی ناوچە وەک ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی وڵاتی ئەفغانستان و شوێندانەرییان لەسەر وڵاتانی دەوروبەر کۆتا بەشی لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی بوو کە تیایدا ئاماژە بە سیاسەتی نوێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ئەفغانستان و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و هەروەها ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران ، باس لەسەر کاریگەریی ئەم ڕووداوانە لە کورتخایەن و درێژخایەن‌دا لە سەر وڵاتانی دەوروبەر کرا.

لێکدانەوەکەی دەفتەری سیاسی دوای باسێکی هەمەلایەن و دەوڵەمەندتر کردنی بە سەرنج و تێبینیی بەشدارانی کۆبوونەوەکە، بە پەسەندی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب گەیشت.

پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان تەوەرێکی دیکە باسەکانی حەوتەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. لەم پێوەندییەدا سەرەتا بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسی یەکگرتنەوە، ڕاپۆرتی هەیئەتی لەسەر چۆنیەتیی بەرەوپێشچوونی ڕەوتی وتوێژەکان بۆ پرسی یەکگرتنەوە پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کرد. کۆمیتەی ناوەندیی حیزب وێڕای پەسەندکردنی ڕاپۆرتی هەیئەتی حیزب بۆ پرسی یەکگرتنەوە، دەفتەری سیاسیی ئەرکدار کرد وەک چۆن حیزبی دێموکراتی کوردستان هەتا ئێستا بە هەست بە بەرپرسایەتییەکی زۆرەوە هەوڵی بەکردەوەی بۆ یەکخستنەوەی ڕیزی دێموکراتەکان داوە، لە هەوڵەکان بۆ بەئەنجامگەیاندنی ئەو پرۆسەیە بە هەست بە بەرپرسایەتیی زیاتری هەردوو لای دێموکرات بەردەوام بێ.

حەوتەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای چەند کاتژمێر باس و لێکدانەوەی سیاسیی تایبەت بە دوایین ڕووداوەکان و چەند پرسێکی تەشکیلاتی و نێوخۆیی حیزب، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٤٠٠/٥/٣٠**

# بە تێرۆرکردنی هەر ڕێبەرێکی کورد ڕێبازەکەی بە هەزاران ڕێبواری دیی بۆ دروست دەبێ

**(وتەکانی کاک خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهید مووسا باباخانی‌دا )**



**میوانانی بەڕێز!**
**نوێنەرایەتیی حیزب و لایەنە سیاسییەکان!**
**خوشک و برایانی ئازیز!**
**کادر و ئەندامان و پێشمەرگەکانی دێموکرات و دێموکراتەکان!**

پڕ بەدڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕوخساری پارێزگای کرماشان و تێکۆشەرێکی هەمووی ئەو کوردانەی بە هەموو هۆز و هەموو بۆچوون و ئایینێکەوە لە پارێزگای کرماشان بە دڵ و بە خەمخۆرییەوە بەشێوێن ئەو ڕووداوەدا ڕۆیشتوون.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا، بەتایبەت لە پارێزگای کرماشان پەیامێکی زۆرمان لە لایەن تێکۆشەران و، چالاکانی بواری مەدەنی و هۆزەکان و ئایینەکان بە یارسان و شیعە و سوونەوە پێ گەیشتووە. ئەوەش ئەوە دەردەخا کە کار و چالاکییەکانی مووسا باباخانی، لە پارێزگای کرماشان مانادار بووە. هەربۆیەش کۆماری ئیسلامی، مووسا باباخانیی کرد بە ئامانج و، لە ڕێگەی بەئامانجگرتنی مووسا باباخانییەوە، ویستی کرماشان بکا بە ئامانج. بەڵام کرماشان، شوێنی چالاکی و تێکۆشان، شوێنی پێکهاتن و هەماهەنگی و هاوڕەنگی هەموو ئایینەکان و هۆزەکان، وا بەئاسانی بەچۆکدا نایە. جێگای خۆیەتی لێرەوە پڕ بەدڵ و زۆر تایبەتی، سەرەخۆشی لە خەڵکی کرماشان و هەروەها لە بنەماڵەی شەهید مووسا باباخانی بکەم.

کاتێک لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا پێشەوا قازی محەممەد لە سێدارە درا، ڕێژیمی پێشوو پێی‌وابوو جووڵانەوەی کورد لەوێ کۆتایی پێدێ. کاتێک شۆڕش لە ئێران دەست پێ دەکا، حیزب دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی چالاکی دەست پێ دەکەنەوە و، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و دەیان کادری جووڵانەوی کورد لە ئێران شەهید دەکرێن، دیسان کۆماری ئیسلامی پێی‌وابوو ئەو جووڵانەوەیە بەچۆکدا دێ. کاتێک کە دەیان کادری دیکە تێرۆر دەکرێ دیسان هەر لەو بیر و خەیاڵەدا بوون. بە تێرۆرکردنی کاک مووسا باباخانی ئەوان پێیان‌وابوو ئەو جموجۆڵ و چالاکییە بەچۆکدا دێنن. دەمەوێ لێرە ئەو پەیامە بە دەسەڵاتداران بدەم، کە تێرۆرکردن و لەنێوبردنی ڕێبەران و تێکۆشەرانی جووڵانەوەی کوردی ئێران، هەرگیز ئەو جووڵانەوەیە بەچۆکدا نایەنێ. بە تێرۆرکردنی هەر ڕێبەرێک و، ئەوەی کە ئەو ڕێبەرە بە جەستە لەنێومان‌دا نامێنێ، بەڵام بە بیر و هزری کوردایەتی لە سەرتاسەری کوردستانی ئێران بە هەزاران ڕێبواری بۆ دروست دەبێ.

ئەگەر کاتی خۆی بیر و هەستی کوردایەتی لە کرماشان بە هاودەردی و هەماهەنگیی برایم‌خانی نادری لەگەڵ کۆماری کوردستان دەستی پێ کرد، لە دوای ئینقلابیش خەڵکێکی زۆر پێوست بوو بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و، بەشێکیش لەوانە بە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات گەیشتن. بەشێک لەوانە کە تێکۆشەرانی پارێزگای کرماشان بوون لەم سەنگەرەدا شەهید بوون و، ناودارانی ئەو پارێزگایەن. ئێستاش بە شەهیدبوونی کاک مووسا باباخانی دڵنیام ڕێبواری ئەو زیاتر دەبن، دڵنیام لە داهاتوودا تێکۆشەرانی کوردایەتی لە کرماشان، خۆیان لە ڕیزەکانی ڕێبەریی حیزبەکاندا دەبیننەوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا، جینایەتێکی ئاوا دیسان دووپاتە دەکاتەوە، کە بە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆککۆمارە تازەکەیان لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، نێودەوڵەتی و ناوچەیی ڕووبەڕووە. ئەوان لە درێژەی سیاسەتی یەکێک لە پیلانەکانیان ئەوەیە ناوچە نائەمن بکەن، چالاکی و بەرنامەی تێرۆری خۆیان زیاتر بکەن و لە هەموان گرینگتر لەنێو خەڵکی ئێراندا تێ بکۆشن نیفاق و دوو دەستەیی ساز بکەن. هەر لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لە شاری نەغدە لەو شوێنانەی کوردەکان و ئازرییەکان پێکەوە دەژین و، کاتی خۆی لە سەردەمی ئینقلابدا دوو میللەتی کورد و ئازەری لەگەڵ یەک و بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر، دژی حکوومەتی پێشوو دروشمی هەماهەنگی و هاوکارییان هەبوو، پشتی یەکتریان دەگرت و شانبەشانی یەک لە تەزاهورات و خۆپیشاندانداندا بوون، کۆماری ئیسلامی هەر کە دەستی بە کار کرد، یەکەمین کار کە کردی ئەوە بوو: لەو ناوچە هەستیارە، تۆوی نیفاق و دووبەرەکی لەنێوان ئەو دوو میللەتەدا بڵاو بکاتەوە. بەمجۆرە شەڕی نەغدەی وەڕێ خست.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئەو حکوومەتە کە دیسان لەگەڵ قەیرانێکی زۆر بەرەوڕوویە، هەوڵی داوە لەو ناوچەیە ئاژاوە بنێتەوە. بەڵام بەخۆشییەوە، بە هەست بە بەرپرسیارێتی تێکۆشەرانی کورد و ئازەری لە ناوچەکە و بەوەی کە ئەوان لەسەر خەت بوون و لە بواری جۆراوجۆردا هەماهەنگی و هاوکاریی یەکتریان کردووە، ئەو پیلانەی کۆماری ئیسلامییان مایەپووچ کردۆتەوە. بۆیە لێرەوە بە پەیامێک بۆ هەموو ئەوانە، دەستی هاوکاری و هەماهەنگیی ئەو دوو میللەتە لەو ناوچەیە دەگوشین و، هیواداریـن لەمەوبەدواش پێکەوە لەسەر خەت بن و، نەیەڵن پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لەدژی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی ئەوان سەر بگرێ. بۆ جارێکی دیکەش ئێمە بەوە خۆشحاڵین ئەو عەقڵییەتە، لەنێوان تێکۆشەران و ئەو کەسانەی کە لە بواری کاروباری مەدەنیدا، بە هەست بە بەپرسایەتی کار دەکەن، ڕۆژ بە ڕۆژ لە نێوخۆی ئێران، لە مەیدانی وەحدەت و یەکیەتیی گەلان لە حاڵی پەرەئەستاندن دایە. ئەوە یەکێک لەو شتانەیە کە کۆماری ئیسلامی لێی نیگەرانە، هەر بە کێشەی خوزستان کە دەستی پێ کرد و لە ئێران دەنگی دایەوە، خەڵک هاتنە سەر خەت و، ڕێک بە دوای ئەوەدا دەگەڕان کە وێڕای دروستکردنی نائەمنی لە ناوچەکە لە نێوخۆی ئێرانیشدا تێ بکۆشن بەوەی کە یەکڕیزیی گەلان تێک بدەن. ئێمە دڵنیاین و حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە لە ناوەندی هاوکاری هەموو لایەکمان وەک هەمیشە لەسەر خەتین و لە هەماهەنگی و هاوکاریدا دەبین. لەگەڵ لایەنە کوردستانییەکان، لەگەڵ چالاکانی بواری مەدەنی لە نێوخۆی ئێران، لەگەڵ چالاکیی سیاسی لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات، بۆ ئەوەی کە پێیان بڵێین و پێیان ڕابگەیەنین کۆماری ئیسلامی دوژمنی ئێمەیە، بەڵام ئێوە بەردەنگی ئێمەن.

پێیان ڕادەگەیەنین و پێیان دەڵێین، جووڵانەوەی کورد و کوردستان کە هەر ئەو ڕۆژانە مووسا باباخانیی پێشکەشی ڕێگای کوردایەتی و دێموکراسی لە ئێران کرد، بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە. پێیان دەڵێین مەسەلەی کورد و جووڵانەوەی کورد دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێ و نادیدەگرتنی مەسەلەی کورد لە ئێران، پشتگوێ‌خستنی ئەو هەموو توانا و وەز و پوتانسییەلەی مەسەلەی کورد لە ئێران، نادیدەگرتنی مەسەلەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت حیزبی دێموکرات و دێموکراتەکان، هەڵەیەکی گەورەیە. کاریگەریی خراپی دەبێ لەسەر دروستکردنەوەی داهاتووی ئێران بەشێوەیەک کە وڵامدەر بێ. با هەموو لایەکمان، بە چاوی دەرفەت چاو لە جووڵانەوەی کورد و مەسەلەی کورد بکەین. ئێمە پێداگری دەکەین کە جووڵانەوەی کورد لە ئێران هەڕەشە نییە، نە بۆ دێموکراسی، نە بۆ وەحدەت نە بۆ دروستکردنەوەی ئێرانی داهاتوو. ئەوە نیزامی کۆماری ئیسلامییە هەڕەشەیە، هەڕەشەیە و مەترسییە بۆ سەر هەمووی ئەو فاکتۆرانە، بۆ هەمووی ئەو ویست و داخوازییانە کە کۆمەڵانی خەڵکی کورد بە دوایدا دەڕۆن.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە لەگەڵ خەڵکی کوردستان بەگشتی و لەگەڵ خەڵکی کرماشان، بێستوونەکەی کاک مووسا باباخانی، پەیمان نوێ دەکەینەوە کە ڕێبوارانی ڕێگای کاک مووسا، لە کرماشان و لەنێو حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەدا زۆرن. ئەو جووڵانەوەیە هەرگیز بەچۆکدا نایە، خەبات و تێکۆشانی ئێمەی نەتەوەی کورد بەردەوام دەچێتە پێشێ و بۆ جارێکی دیکە ئەرک و، وەزیفەی خەباتکاران و تێکۆشەرانی بواری مەدەنی و جەماوەری لە هەمووی کوردستانی ئێران و لە کرماشان قورستر دەبێ، کە بە شانازییەوە، بە هەست بەو بەرپرسیارەتییەوە، بە بیرکردنەوە لە یەکڕیزییەوە ئەو خەبات و تێکۆشانە لە دژی کۆماری ئیسلامی و لەپێناو جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتیی خۆمان بەردەوام بەرنە پێشێ.

بۆ هەموو لایەکتان داوای ساغ و سلامەتی دەکەم، ڕوحی کاک مووسا باباخانی هەر شاد بێ، ڕێبواری ڕێگای هەر زیاد بێ و ئێوەش زۆر زۆر بەخێر بێن بۆ ئەو ڕێوڕەسمە.

سەرکەوێ کوردستان.

***



# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ساڵوەگەڕی فتوای جیهادی خومەینی دژ بە گەلی کوردستان

**خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!**
**ئازادیخوازانی ئێران!**
**کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!**

٢٨ گەلاوێژی ئەمساڵ بەرانبەر ٤٢ ساڵ بە سەر فتوای جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی ڕاپەڕیو و مافخوازی کوردستان تێ‌دەپەڕێ. لە وەها ڕۆژێکدا دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دەرکردنی فتوایەک داوای لە هەموو هێزە چەکدارەکانی ئێران کرد کە لە زەوی و ئاسمانەوە هێرش بکەنە سەر کوردستان و بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی کورد قەڵاچۆ بکەن. دوابەدوای ئەو بڕیارە، هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بۆ پاکتاوی خەڵکی مافخوازی کورد دەستی پێ کرد و لە ماوەیەکی کورتدا شار و گوندەکانی کوردستان بوون بە ئامانجی هێرشی بەربڵاوی هەموو هێزە سەربازییەکانی ئێران و شەپۆلێکی تەبلیغاتیی دوژمنکارانە بۆ بەسیجی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران و ناردنیان بۆ بەرەکانی شەڕ و خوێنڕشتن لە کوردستان وەکوو ئەرکێکی ئایینی وەڕێ خرا.

لە بەرانبەر ئەو هێرشە دڕندانەیەدا خەڵکی کوردستان بە ڕێکخستنی خۆیان بۆ بەرەنگارییەکی قارەمانانە و پاڵپشتی لە هێزە خەباتکارەکانی خۆیان کە نوێنەرایەتیی داوا ڕەواکانی خەڵکیان دەکرد، لاپەڕەیەکی زێڕینیان لە مێژووی خەباتی گەلانی ستەملێکراو دژ بە فاشیزم و کۆنەپەرەستی و سەرەڕۆییدا تۆمار کرد کە بە شەڕی سێ‌مانگە ناوبانگی دەرکرد و لەو شەڕە نابەرانبەرەدا دوژمنی تەیار بە چەکوچۆڵی پێشکەوتوو و هێزی سەربازیی زۆر و زەبەند، لە بەرانبەر ئیرادەی بەرگریی گەلی کوردستاندا بەچۆکدا هات، هەر بۆیە خومەینی دوای سێ مانگ و لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٥٨دا وێڕای دانانی بە شکستی سیاسی و سەربازیی خۆی، لە هەڵوێستێکی ڕیاکارانەدا داوای ڕاوەستاندنی شەڕ و دەستپێکردنی وتوویژ بۆ چارەسەری پرسی کوردی کرد.

بەو پێیە کە بزووتنەوەی کوردستان لە بنەڕەتدا خاوەنی تایبەتمەندییەکی ئاشتیخوازانە و پێشکەوتنخوازانە و دوور لە هەر جۆرە لاساری و دوژمنکارییەک دژ بە گەلانی دیکە بووە و هەر لە سەرەتاشەوە ڕێکاری سیاسی و دیالۆگی بە تاقەڕێگای چارەسەری کێشەکان زانیوە، چاوەڕوان دەکرا ئەگەر خومەینی لە پەیامەکەی خۆیدا ڕاستگۆ بێ، ئاشتی و سەقامگیری باڵ بە سەر وڵاتدا بکێشی و گەلی کوردستان بە مافە ڕەواکانی خۆی بگا، بەڵام لە ڕاستیدا خومەینی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هەمیشە هەڵسوکەوتێکی دووڕوویانەیان هەبوو و فەرمانی جیهادی ٢٨ی گەلاویژ هەرگیز کۆتایی پێ نەهات و هەتا ئێستاش درێژەی هەیە.

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا ڕێژیم بە شێوەیەکی داگیرکارانە لەگەڵ خاک و خەڵکی کوردستان جووڵاوەتەوە و سیاسەتی کوشتوبڕ و کاولکاری و تالان و تیرۆر و سڕینەوەی شوناس و کولتووری کوردی پێڕەو کردووە و وزە و سەرمایەیەکی مادی و مرۆیی سەرسووڕهێنەری لەو پێوەندییەدا تەرخان کردووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە نەک هەر نەیتوانیوە خەڵکی کوردستان لە داوا ڕەواکانیان پاشگەز بکاتەوە و بۆ خزمەت بە داگیرکاری و ئیدئۆلۆژیی کۆنەپەرەستانەی خۆی دەستەمۆیان بکا، بەڵکوو بە پێچەوانەی ڕابردوو کە دەنگی دلێری بزووتنەوەی کوردستان لە خەبات دژ بەو ڕێژیمەدا لە ناوچەکانی دیکەی ئێران کەمتر دەبیسترا، ئێستا شەقامەکانی هەموو شارەکانی ئێران شاهیدی بەربەرەکانێی ڕادیکاڵی خەلکێکن کە دروشمی ڕووخانی ڕێژیم دەدەن و ئەگەر سەردەمێک کورد لە بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا تەنیا بوو، ئێستا ئەو هەڵوێستەی بزووتنەوەی کورد هەموو ئێرانی گرتۆتەوە، بە جۆرێک کە لە دوایین هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی سەرکۆماری ڕێژیمدا ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا هاوشێوەی کوردستان زۆر کەم بوو و سەرشۆڕی و شکستێکی گەورەی بۆ ڕێژیم تۆمار کرد.

هەربۆیە ڕێژیم لە دوای هاتنە سەر کاری ئیبراهیم ڕەئیسی وەکوو تاوانبارێکی ناسراو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە دەستی بە خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی ئێران و کوردستان سوورە، شەپۆلێکی نوێی لە دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان و پیلانگێڕی دژ بە چالاکانی سیاسی و ڕێکخراوە خەباتکارەکانی بزووتنەوەی کورد دەست پێ کردووە کە لە ڕاستیدا هەر درێژەی فەرمانی جیهادی خومەینییە و نیشان دەدا کە بەربەرەکانێ و خەباتی بزووتنەوەی ڕەوای کوردستان دژ بەو سیستمە خۆسەپێنە ئازادیکوژە پێوەندیی بە نامۆبوونی داوا ڕەواکانی کورد لەگەڵ ماهییەتی دژەمرۆیی ڕێژیمی ئێرانەوە هەیە و تا ڕووخانی یەکجاریی ڕێژیم و هەڵتەکاندنی بنەماکانی عەقڵیەتی پاوانخوازی ناوەندگرا لە ئێراندا درێژەی دەبێ.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ٤٢یەمین ساڵوەگەڕی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە گەلی کورد و ڕۆژی بەرگریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستاندا، وێڕای دووپاتکردنەوەی پەیمانی وەفاداریی هەتاسەری خۆی بە خەبات بۆ دابینبوونی داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، ئاگاداری هەموو کۆمەڵانی خەڵک و لایەنە سیاسییە پێشکەوتنخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران دەکاتەوە کە خەباتی خەڵک و بزووتنەوەی کوردستان بەشێک لە خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکانە و لەو پێناوەدا خۆی بە پاڵپشت و هاوپەیمانی هەر هەوڵ و جووڵاونەوەیەکی پێشکەوتنخوازانەی هەموو نەتەوەکانی ئێران بۆ کۆتاییهێنان بە سیسستم و گوتار و عەقڵیەتێک دەزانێ کە لە جەوهەری خۆیدا سیاسەت و بڕیارگەلی هاوشێوەی ئەو فتوا نگریسەی خومەینی بەرهەم دەهێنێ.

سەرکەوتن بۆ بەرگریی قارەمانانەی خەڵکی کوردستان دژ بە پاوانخوازی و داگیرکاری،
تۆکمەتر بێ ڕیزەکانی هاوپەیمانیی دیموکراتیکی نەتەوەکانی ئێران،
بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٧ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی**

## هۆکارەکانی گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ دەسەڵات

**شاهـۆ مەتین**

تالیبان وەک بزووتنـەوەیـەکی ئیدۆلۆژیک لـەسـەر ئەساسی بناژۆخوازیی ئیسلامی و بەپێی ڕێساکانی دیوبەندی و داب‌ونەریتی پەشتوونی داڕێژراوە. تالیبان لە ماوەی ژیان و دەسەڵاتیدا بەهۆی کوشتنی خەڵکی سڤیل، کردەوەی تیرۆریستی و سیاسەتی تۆقاندن و جێبەجێ‌کردنی یاساگەلی دواکەوتووانـەی ناتەبا لەگەڵ ڕوح و عەقڵییەتی سەردەم، بە گرووپێکی بێزراو ناسراون. ئەم گرووپە لە ساڵانی ١٩٦٦-٢٠٠١ لە بەشێک لە ئەفغانستان دەسەڵاتدار بوون، بەڵام دواتر لە سۆنگەی هێرشی ئەمریکاوە بۆ سەر ئەم وڵاتە شکان. پاشان لە ساڵی ٢٠٠٦. ز جارێکی دی دەستیان بە چالاکی کردەوە و لەگەڵ حکوومەتی ئەفغانستان و هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان شەڕی چەکدارییان دەست پێ کرد. ئەوان ساڵی ٢٠٢٠ لەگەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دی دوای دانوستانێکی زۆر لە دۆحەی قەتەر ڕێککەوتنێکی سیاسییان ئیمزا کرد کە وێڕای هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی دیکە گەڕانەوەی ئەوان بۆ شانۆی دەسەڵاتی ئەفغانستانی لێ کەوتەوە.

**هۆکارە نێوخۆییەکان:**

ئەفغانستان وڵاتێکی شاخاوی و سەختە. ئەگەر تیۆرییەکەی هانتیگتن لەمەڕ پەیوەندی و کاریگەریی ژینگە و مرۆڤ بە بنەما وەرگرین، دەکرێ ڕەوشت و توندڕۆیی لەنێو ئەفغانەکان بۆ ئەو بنەمایە بگەڕێتەوە. چونکی لەبەر جوغرافیای ڕژد و سەختی نەتوانراوە وەک پێویست خزمەتگوزاری، پەروەردە و بارهێنان و شارستانییەت بگاتە هەموو شوێنەکان و بەوەش ئاستی خوێندەواری و تێگەیشتوویی لەو وڵاتە نزم و ناسەقامگیر بووە. هاوکات سیستمی خێڵەکی کە ناتەبا لەگەڵ یاسا و ڕێسا دێموکراتیکەکانی چاخی نوێیە، بەدرێژایی مێژووی گەلی ئەفغان لەم وڵاتەدا کاری پێ کراوە و ئەوەش بەستێنی بۆ سەرهەڵدانی تالیبان ڕەخساندووە.

لە لایەکی دی هێزی مرۆیی ئێستای گەلی ئەفغان سەتا ٧٠ی لاوە و ناسیارییەکی ئەوتۆیان بە نیسبەت مۆدێلی دەسەڵاتی تالیبانیزم نییە. نیزامی گەندەڵ و ناکارامە و نادێموکراتی ئەفغانستانی نوێ لە دوو دەیەی ڕابردوودا یارمەتیدەری سەرکەوتنی تالیبان بوون.

**هۆکارە دەرەکییەکان:**

لە ئاستی دەرەکیشدا سێ فاکتەری داعش-ئەلقاعیدە، ئێران-شیعەییزم و ڕێگای ئاوریشمی چینییەکان هۆکار بوون بۆ گەڕانەوەی تاڵیبان.

ئەمریکا، ئورووپا و وڵاتانی هاوپەیمانی عەرەبی ناوچە لایان وایە بۆ نەهێشتنی بیری داعشیزم بە هەموو لقەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ چاوی هیوایان ڕوو لە تالیبان بێ کە وەک ئالتێرناتیڤێکی دەستەمۆ کەڵکی لێ وەرگرن و تێرۆریزمی ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لانیکەم لە کورت‌ماوەدا خاو بکەنەوە. هەروەها ئەو وزە و کاتەی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ داعشیزم بەکاری دێنن، بتوانن لە بەرەی دەستەمۆکردنی ئێراندا بەکاری بێنن. هاوکات وەک دەوڵەتێکی سوننە مەزهەب بیکەنە هاوبەشی پڕۆژەی خۆیان دژی پڕۆژەی هیلالی شیعە و شیعەییزمی کۆماری ئیسلامی، تا بەمجۆرە ئەو شەڕەی ڕێژیمی ئێران بۆ تەناهیی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی لە دژی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەیکا، بیخەنەوە کۆشی خۆی و دواجار لەسەر مێزی دانوستان ئێران ناچار بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامە ئەتومی و مووشەکییەکەی بکەن.

فاکتەرێکی دیکە لەو پێوەندییدا زۆرتر پەیوەندیی بە شەڕی نەرمی ئەمەریکا _ چین لە بواری ئابووری و تێکنۆلۆژییەوە هەیە .لە ئەساسدا پاش دەرکەوتنی چین وەک زلهێزێکی ئابووری- تێکنۆلۆژی لە ئاستی نێودەوڵەتی و بەربەرەکانی کردن لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕێگای ئامێرە پیشەیی، نیزامی و تێکنۆلۆژییەکانی، پڕۆژەی ڕێگای ئاوریشەمی چینییەکان هاتە گۆڕێ کە لە ئێستادا وەک ڕەگێکی حەیاتی لە وڵاتی ئەفغانستانە و کاری لەسەر دەکرێ تاکوو سێ قاڕەی جیهان لە ڕێگای ئاوریشەمەوە بە چین ببەستێتەوە. هەروەها لەم ڕێگایەوە مەیدانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ڕەهەندی ژیئۆکالچێر، ژیئۆسیاسی و ژیئۆپۆلێتیکەوە بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی چۆل بکا و ئابووریی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بگرێتە دەست. لە بەرەی ئەولا و لە ژوورە فکرییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیشی ڕادەست‌کردنی ئەفغانستان بە تالیبان وەک ڕێگەچارەیەک بۆ پێش‌گرتن بەم هێژمۆنییەی وڵاتی چین لێک دراوەتـەوە، تاکوو نەهێڵن چین بە خەونە دێرینەکەی بگا .چونکی بە سەرگرتنی ئەم پڕۆژەیە وڵاتی چین تەنیا لە ڕەهەندی ئابوورییەوە نا ، بگرە شارەستانییەت و کولتووری چینیش هاوردە دەکا و هاوپەیمانانی چین (ئێران) بەهێزتر دەبن کە کۆنتڕۆڵ کردن و تێکشاندنی بە سەرگرتنی ئەم پڕۆژەی ڕێگای ئاوریشم، ئەستەم دەبێ.

لە کۆتاییدا تاڵیبان بە هۆکاری نێوخۆیی و دەرکی کە سەرکەوت و ئێستا کۆنترۆڵی جوغرافیای ئەفغانستان و گەلانی ئەم وڵاتە دەکا، بەڵام ئەوەی ڕوونە شارستانییەت، دێموکراسی و مەدەنییەت لەسەر بنەچە و بنەوانی هزری تالیبانیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین تووشی مەترسی و ئالێنگاری هاتوون و مرۆڤایەتی لەگەڵ گەردەلوولێکی گەورەی ئینسانی بەرەوڕوویە. چۆنکی هەر ئێستا هەموو ڕەوت و لایەنەکانی فێندەمێنتاڵی ئیسلامی (سوننە) لە وڵاتانی ناوچە وەک سەرکەوتنی (دارالسلام) بەسەر (دارالکفر) وێنای دەکەن و گڕوتینێکی بێ‌وێنەیان بۆ چالاکی و جموجۆلی توندئاژۆیانە تێ‌کەوتووە.

ئەوەی لەم ساتە پڕ هەستیارەدا پێویستە زیاتر وریا بێت گەلی کورد و بزووتنە ماف‌ویست و نەتەوەخوازەکەیەتی، چۆن ئەم گرووپ و تاقمە فێندەمێنتاڵانە وەک داردەستی وڵاتانی زاڵ بە سەر کورد بۆ تێکدانی ڕۆح و زێهنییەتی دێموکراسی‌خوازی، ئازادی، تۆلێرانس و پۆلۆڕالیزم لە کوردستان ڕۆڵ دەگێڕن و هەوڵی بە لاڕێدابردنی شوناسی ئاشتیخوازی، نەتەوەخوازی و نیشتمان‌پەروەریی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی دەدەن.

# مستەفا مەولوودی:
# بە هەڕەشە و تێرۆر نە چاوترسێن دەکرێین و نە مەیدان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ دەکەین

**دیمانە: عەلی بداغی**



**تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو جەرگەی شاری هەولێر پرسیارێکی گرینگی وروژاند کە بۆچی جارێکی دیکەش حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کرا بە ئامانج؟ کۆماری ئیسلامی چۆن و بۆچی توانیویەتی لە هەرێمی کوردستان لە لێدان و حەزفی فیزیکیی دژبەرانی سیاسیی خۆیدا سەرکەوتوو بێ؟ لە بنەڕەتڕا ئایا عێڕاق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئەمنە؟ حیزبە کوردییەکان چۆن دەتوانن بەرەوڕووی مەترسییە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.**

**"کوردستان" وەڵامی ئەمانە و چەند پرسیارێکی دی لە وتوویێژ لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەردەگرێ.**

***

**تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پەلامارەکانی دیکەی سەر حیزبی دێموکرات لە پێنج_ شەش ساڵی ڕابردوودا پرسیاری جۆراوجۆری لەسەر حیزبی دێموکرات دروست کردووە. ئێوە وەک حیزبی دێموکرات لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر کراونەتە ئامانج. بۆ؟**

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمێکە و زۆر لەمێژە کراوەتـە ئامانج. خۆ ئەگەر لە قۆناغی خەبات لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوییش تێپەڕین و تەنیا باسی دەورانـی کۆماری ئیسلامی لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بکەین، دەبینین هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە دەستی بە سەرکوت‌کردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد کرد. تێرۆرەکانیش بە تێرۆری شەهید سەرگورد عەباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوڕای نیزامیی حیزب لە ساڵی ١٣٥٩ دەستی پێکرد و دەزگای تێرۆری ڕێژیم هەتا ئێستاش لە پیلان و کردەوەکانی بەردەوامە. هەر بەپێی ئامار زیاتر لە چوارسەد تێکۆشەری کورد کە پشکی زۆری بەر حیزبی دێموکرات دەکەوێ، لە ئەندام و پێشمەرگەیەکی سادەوە بگرە تا ڕێبەرانی ئەو حیزبە وەک دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەڕەفکەندی لەنێو لیستی ئەو تێرۆرانە دان کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کردوونی.

ئەوەش کە بۆچی ئەو تێرۆرانە زیاتر لە حیزبی دێموکرات دەکرێن هۆیەکەی ڕوونە، لەبەر ئەوەیە کە ئەو حیزبە زۆرترین کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد هەیە؛ بۆیەشە ڕێژیم بەرنامە و پیلانی بۆ دادەنێ و لێی دەدا. نەخش و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەسەر بردنەسەرێی وشیاری سیاسیی خەڵکی کوردستان و ئاشناکردنیان بە مافەکانیان نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت لە ئاستی ئێرانیشدا دیار و بەرچاوە و ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێی زۆری بۆ ڕێژیم درووست کردووە. هەر دوای ڕووداوی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، سپای پاسداران لە فیلمێکی دێکۆمێنتاریدا کە بڵاوی کردەوە، زۆر بەڕوونی و ئاشکرا ڕایگەیاند کە بۆیە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌یان کردووەتە ئامانج، چونکە ئەو حیزبە ئەمنییەتی ڕێژیمی وەمەترسی خستووە. کەواتە کاریگەریی ئەو حیزبە و سیاسەت و جۆری تێکۆشانی کە بەدرەنگی زۆری هەیە ڕێژیمی لەوە نیگەران کردووە، بۆیە هەموو سنووره دەوڵەتی و نێودەوڵەتی و تەنانەت ئەخلاقی دەبەزێنێ و کردەوەی تێرۆریستیی لەو چەشنە دەکا و ئەمە لە پێنج_ شەش ساڵی ڕابردوودا زۆرتر و بەرچاوتر بووە.

**ئەدی کەمتەرخەمیی حیزب و کادر و پێشمەرگەکان چی؟**

ئەمن لەوە تێدەگەم کە ڕەنگبێ ئەمە پرسیاری زۆر کەس بێ کە بەپەرۆشەوە دەڵێن ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە کەمتەرخەمن، بۆیە تا ڕادەیەک بەئاسانی دەکرێنە ئامانج. بەڵام بابەتێک هەیە کە خەڵکی کوردستان پێویستە بیزانن کە ئەگەر پیلانێکی تێرۆریستیی ڕێژیم دژ بە حیزبی دێموکرات سەرکەوتوو بووە، دەیان پیلانی لەو جۆرەش پووچەڵ کراونـەتـەوە. ئـەوە حەقیقەتێکە کە هۆکاری سەرەکیی تێرۆری کادر و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو حیزبە و گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەریی ئەو حیزبە کاریگەریی زۆر و دیاری لەسەر جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. ئەم حیزبە حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان و نەیاری سەرەکیی کۆماری ئیسلامییە و هەڵگری دروشم و ویست و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بۆیە هەمیشە دەکرێتە ئامانج.

**حەوتووی ڕابردوو عەلی شەمخانی، دەبیری شورای بەرزی ئەمنیەتی ڕێژیم لە دیدار لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێڕاقدا وێڕای هەڕەشە لە حیزبە کوردییەکان، داوای دەرکردنی ئەو حیزبانەی لە دەوڵەتی عێراق کرد. ئێوە ئەو هەڕەشانە و ئەو داوایە چۆن وەردەگرن؟**

جارێ پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی پێشووی عێڕاق و گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی لەو وڵاتـە، دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستێوەردان لەم وڵاتە زۆر ئاوەڵا بووە. ڕێژیم هەوڵی داوە لە گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە ئەوپەڕی کەڵک بۆ بردنەپێشی سیاسەت و پیلانەکانی خۆی لە بوارەکانی جۆراوجۆر بە تایبەت لە پرسی ئەمنیەتیدا وەرگرێ. ئەوەش لە کاتێکدا کە بەهۆی دۆخی پێوەندییەکانی نێوان ڕێژیمی پێشووی عێڕاق و ئێران سەرکردایەتی و هێزەکانی بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە کوردەکانیشەوە لەو وڵاتە جێگیر بوون. ئەوە لە دیوی ئێرانیش بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عێڕاق هەر وا بوو. ئێستاش کە بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنەی پێشووی عێڕاق کە هێندێکیان پێوەندییەکی زۆر نیزیکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو بوونەتە دەسەڵات لەم وڵاتەدا، سروشتییە ڕێژیمی ئێران دەست‌ئاوەڵایی زیاتری لە عێڕاقی ئێستادا بۆ ڕەخسابێ. هەرکاتێکیش لە بۆشایی دەسەڵاتدا یان لە هیندێک هەلومەرجی تایبەتدا بە هەلی زانیبێ، لەم وڵاتەدا زەبری لە نەیارەکانی خۆی وەشاندووە. بۆ نموونە هەموو بە چارەنووسی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەزانین کە ناچار بە چۆلکردنی عێڕاق کران. بۆیە ڕێژیم ئەگەر بۆی بکرێ، سروشتییە کە بیەوێ لە هەرێمی کوردستانیش ئەو چارەنووسە بەسەر حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێرانیشدا بسەپێنێ.

ئەوە هەڕەشە و هەروەها ئەو داوایەش کە شەمخانی لە وەزیری دەرەوەی عێراقی کردووە تازە نییە و زۆر جاری دیکەش ئەو بابەتە هەم لەگەڵ کاربەدەستانی پلەبەرزی عێڕاق و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش هاتۆتە بەرباس و ئەو داوایە لەوانیش کراوە. بەڵام ئەوجارە بەڕەسمی و بەئاشکرا هێناویانەتە بەرباس و پێویستە خوێندنەوەی تازەی بۆ بکرێ و ئێمەش لە بیری ڕێکاری گونجاو دابین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانە. ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندی مەعنەوی نێوان نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسیی هەرێمیش لەلایەن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەگەری حاڵەتی لەو چەشنە بە دوور دەزانم. بەڵام بەو حاڵەش حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان پێویستە بە هەماهەنگی و هەڵوێستی شیاو لە بیری پووچەڵکردنەوەی پیلانی لەو چەشنە بن. ئەوەش کە شەمخانی دەڵێ ئەگەر عێراق کەمتەرخەمی بکا ئەوان خۆیان دەست‌پێشخەری دەکەن، ئەوان تا ئێستا ئەوەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە و لە هیچ دەستیان نەپاراستووە. بۆیە ئەو جۆرە هەڕەشانەی کۆماری ئیسلامی هێزەکانی ڕۆژهەڵات چاوترسێن ناکەن و خەباتی سیاسی و تێکۆشانی مەیدانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران هەروا درێژەی دەبێ.

**خەڵکانێکیش هەن کە بێگومان دڵسۆزی پرسی کوردن و لایان وایە کە ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لەبار نییە؟ ئێوەش ئاوا بیر دەکەنەوە؟**

دەبێ بڵێم کە کۆماری ئیسلامی قەت هیچ ڕێزێکی بۆ پرەنسیپ و سنوورە نێودەوڵەتییەکان نەبووە و بەئاسانی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی بەزاندووە، هەربۆیە قەت ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات بەتەواوی ئەمن نەبووە و ئێستاش نییە و پێموانیە لەو بارودۆخەدا و بەمزووانە لەوە باشتر بێ و ئەوەش هۆکاری جۆراوجۆری هەن. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێمە هیچکات بەتەواوی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و ئەمنییەتی هەرێمەوە پارێزگارییان لێ نەکراوە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆخۆیان بەرپرسایەتیی پاراستنی خۆیان لەئەستۆ بووە کە ئەوە کەم و زۆر کەلێنی ئەمنییەتیی درووست کردووە. زۆر جاریش لەو حاڵەتەدا زیان و خەساری گیانی وماڵی بەر حیزبەکان کەوتووە.

سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران لە عێراق ڕوون و ئاشکرایە و حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیش کە بەرپرسایەتییان لەسەر شانە بەو حەقیقەتە دەزانن و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی خۆیان مدارا لەگەڵ بارودۆخەکە دەکەن، یان باشتر وایە بڵێم لە بەرامبەر دەستوەردانە هەمە جۆرەکانی ڕێژیمی ئێران دستەوەستانن و چاوەڕوانی داهاتووی ناڕوونن و لەگەڵ وەزعەکە خۆیان ڕاهێناوە کە ئەو سیاسەتە زۆرترین دەرفەتی بۆ خراپکاری و پیلانگێڕیی ڕێژیمی ئێران لە عێراقدا پێکهێناوە.

ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕاستییانە دەبێ لە ڕێگەی مومکینەوە خۆمان زیاتر لە خەمی ئەمنییەت و پاراستنی خۆماندا بین کە ئەوەش کار و هاوکاریی پتری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێویستە. هەڵبەت لە هەموو حاڵەتێکیشدا بەرپرسایەتیی قانوونی و ئەخلاقیی پاراستنی هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

**ئەو پرسیارەش هەیە کە ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو پێوەندییەدا گوشارێکی خستووەتە سەر حیزبی دێموکرات؟**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە حاڵەتێکی زۆر تایبەتدایە. لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە هەموو ئاست و بوارەکاندا ڕێک نییە تا بە ڕێکاری یاسایی بەرپرسایەتیی پاراستنی کەسانی سیاسی بەتەواوی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ڕەچاو بکەن. لە هەرێمی کوردستانیش ناڵێکی نێو هێزە سیاسییەکان بواری زیاتری بۆ دەستێوەردان و بردنە پێشی پیلان و سیاسەتە نایاساییەکانی ڕێژیمی ئێران خۆش کردووە. هەلومەرجی ژئۆپۆلتیکیی هەرێم لە ناوچە و پێوستیی پێوەندیی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت مێژوویی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی باشوور، هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیی پێکهێناوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان بەرپرسانە هەڵسوکەوتیان کردووە و هەلومەرجی هەرێمی کوردستانیان لە زۆر بارەوە ڕەچاو کردووە؛ تەنانەت زۆربەیان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان وا جووڵاونەتەوە کە پێویست بەوە نەکا هەرێمی کوردستان تووشی چاڵنج و کێشە ببێ؛ بەڵام بەو حاڵەش بەڵێ زۆر جاران بەرپرسانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەو بابەتانەیان، بە تایبەت چاوەڕوانیی ڕێژیمی ئێرانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کردووە. ئێمە بە دەرکی تەواوی هەلومەرجەکە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەو دۆخە کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە خەبات و تێکۆشانی هەمەچەشنی خۆمان چاوپۆشیمان نەکردووە و مەیدانمان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ نەکردووە. هاوکات دەشزانین کە ڕێژیمی ئێران بەردەوام لە بیانوو دەگەڕێ و بیانووشی لێ نابڕێ، بۆیە چاوەڕوانیی جیددیمان لە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە کە بە پاراستنی سەروەریی یاسایی وڵاتەکەیان، ئەمنیەتی گیانیی تێکۆشەرە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەن و ئیزنی دەستوەردانی دەرەکی بە ڕێژیمی دژیگەلیی ئێران نەدەن. پاراستنی گیان و ئەمنیەتی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بۆ ئەوان هەم مەسئوولییەتی قانوونی هەیە، هەمیش بەرپرسایەتی ئەخلاقییە و نابێ ڕێگە بدەن کە مێژوو بە خراپ لەسەریان بنووسێ.

**کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن دەتوانێ لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندە دەستئاوەڵا بێ بۆ کردەوەی تێرۆریستی لە دژی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی خۆی؟**

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە نەیشاردۆتەوە کە سیاسەتی بنگەیی ڕێژیم ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامییە بەتایبەت بۆ وڵاتانی دەوروبەر کە ئیسلامین و کەم و زۆر شیعەشیان هەیە. ئەمە لە ڕوانگەی خۆیانەوە ڕەواییەتی بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتانەدا بۆ دروست کردوون. وەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشووتریشدا باسم کرد، شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و داڵدەدانی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی عێراق و هەروەها کۆمەڵێک هاوپەیمانیی سیاسی و نیزامی لەگەڵ هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی پێشووی عێراق وای کرد کە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی عێراقدا پێگەیەکی تا ڕادەیەک قایم بۆخۆی دروست بکا. بە تایبەت گوتمان کە بەشی زۆری دانیشتووانی وڵاتی عێراق موسڵمانی شیعە مەزهەب و کورد بوون کە کاتی خۆی ڕێبەرانی حیزبەکانیان لە وڵاتی ئێران حاوابوونەوە. ئەوەش بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوەندیی نێوان حکوومەتی ئێران و ئەو هێز و لایەنانەی لەگەڵ یەکتر بەهێز کرد و دوای دوو دەیە دەبینین کە دەسەڵاتداری سەرەکیی عێراقی نوێش هەر هەمان ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەن کە باسمان کردن. سنووری دوورودرێژی جوغرافیی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و هەروەها پێویستی زۆری دوو لایەنە بە پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی نێوانیان بوونی کۆماری ئیسلامیی لە هەموو گۆڕەپانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش پڕڕەنگ کردووە. تەنانەت باڵادەستیی کۆماری ئیسلامی بەشێک لەو هێزانەی بێئیرادە و تووشی دەستەوەستانییش کردووە و سەربەخۆیی سیاسیی لێ زەوت کردوون. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی بە کەیفی خۆی لەو وڵاتەدا و بە هەرێمی کوردستانیشەوە تەڕاتێن دەکا و

بە دانانی ڕایەڵەی سیخوڕی، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دژبەرانی، مۆرە دروستکردن و دواجار دەستوەشاندن لە نەیارانی بەرنامەکانی دەباتە پێشێ.

**هاتنەسەرکاری کەسێکی وەک ڕەئیسی بەپێی پێشینەی کارەکانی لە کۆماری ئیسلامیدا، ئایا دەکرێ بە نیشانەی بەربڵاوتربوونی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لێک بدرێتەوە؟ یان پێچەوانە پێتانوایە ئێران جێگەوپێگەی لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا لە جاران لاوازترە؟**

وەک خۆم لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا لە نەخش و دەوری هێزە ئەمنییەتییەکان و سوپای پاسداران و پیلانی تێرۆریستی ڕێژیم جیاوازییەک لە نێوان دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی و دەوڵەتی برایم ڕەئیسیدا نابینم. هەموو یەک ئامانج و مەبەستیان هەیە، بۆیە لام وایە لەو بارەوە مۆرەکانی ڕێژیم لە سوپای پاسداران و هێزە ئەمنییەتییەکان هەروەک چۆن لە زەمانی سەرکۆماریی حەسەن ڕووحانیدا دەستکراوە بوون و بە ئیمکاناتی ڕێژیم درێژەیان بە سەرکوتی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانیان داوە، لەو ناوچەدا دەستوەردانیان کردووە، پیلان و بەرنامەی تێرۆریان لە ئورووپا و وڵاتانی ناوچە بەڕێوە بردووە، بە هاتنە سەر کاری ڕەئیسیش ئەو سیاسەتە درێژەی دەبێ و ڕەنگە لە جاران زیاتر هێز و ئیمکانات و کاتی بۆ تەرخان بکرێ؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕەئیسی تا ڕادەیەک لە ڕووحانی گوێلەمستترە بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. لە تەواوەتیی خۆیدا پێموایە کۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی قۆناغەکانی تەمەنی ژیانی ڕێژیمدا، ماهییەتی ئەو ڕێژیمەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاشکرا کردووە و درێژەی ئەو سیاسەتە لە بەردەوامیی خۆیدا بە قازانجی ڕێژیم ناشکێتەوە؛ بەڵکوو هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەوەدا تووشی قەیران و کێشەی زیاتری دەکا.

**ڕێگاکانی بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر حیزبی دێموکرات لە چیدا دەبینن؟**

پێشتریش ئاماژەیەکم پێدا کە مادام تێکۆشەرانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، مەسئوولییەتی پاراستنی گیانیان و سەر و ماڵیان لە ئەستۆی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەوە ئەسڵە و نابێ لەبیری بکەین. بەتایبەت کە هەموو لایەک بەڕوونی ئەوە دەزانن کە ڕێژیمی ئێران لە بۆشایی ئەمنییەتی و خەمساردیی ئەوان کەڵک وەردەگرێ. ئەوان دەبێ هەوڵ بدەن لە ڕێگەی دیپلۆماسی و یاسایی و پاراستنی ڕێوشوێنی تۆکمەی ئەمنییەتی ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکەنەوە. بەڵام بە ئەزموونێک کە ئێمە هەمانە و ئەو دەورانە سەختەی کە تێپەڕمان کردووە ناکرێ جاری هومێد بەو ڕێکارە ببەستین. کەوایە دەبێ بۆخۆمان پتر لەبیری پاراستنی خۆماندا بین و بەوردی پلانی ئەمنییەتی و خۆپاراستن بۆخۆمان دابنێین و لەسەر خەت بین. بۆ دەستخستنی زانیاریی ورد و شیکارییان و، چاوەدێریی وردمان هەبێ. دەبێ بەباشی کۆنترۆڵی دەوروبەر و ڕێگاکانی هاتوچۆی خۆمان بکەین و حەول بدەین لە هەموو بارێکەوە چاوکراوە بین. پیلانەکانی دژمن لەقاو بدەین و لایەنە پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان بە وردی لە پیلانەکانیان ئاگادار بکەینەوە. مەسئوولییەت و بەرپرسایەتییەکان بیهاوێینە سەرشانیان و وەبیریان بخەینەوە کە چ ئەرکێکیان لەسەر شانە و خۆشمان ئامادەتر بکەین. بەگشتی پاراستنی باشتر و پەرچەکرداری پێویست لە کات و شوێنی خۆیدا بەکار بێنین.

**یەکەم ڕەوتی ڕووداوەکان بەرە ئەوەن گۆڕانکاریی قووڵ لە ناوچەکەدا ڕوو بدا، دووهەم لەگەڵ هەموو ئەو مەترسییانەی کە لەسەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەیە، بەڵام دیسانەکەش حیزبەکان لە ئاستی چاوەڕوانیی گشتیدا لەگەڵ یەکدی تەبا نین و بارتەقای هەڕەشەکان نەیانتوانیوە یەکریز و یەکگرتوو بن. ئەم بارودۆخە تا کەی ئاوا دەبێ؟**

وایە. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست ئاڵۆز و ناجێگیرە و هەردەم چاوەڕوانی ڕووداوی گەورە و گۆڕانکاریی جۆربەجۆری لێ دەکرێ، کە دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی گونجاو و باش بێنێتە ئاراوە و هاوکاتیش دەبێ چاوەڕوان بین بەرەوڕووی سیناریۆی سەخت و ناخۆشتریش ببینەوە کە بەداخەوە بەشێکی زۆریان لە ئێستادا لە ئیرادەی ئێمە بەدەرن. لە ناوچەدا کەلێن و ئاستەنگی زۆر هەیە، گەلانی نیشتەجێ لەو ناوچەیە هەموویان وەک پێویستە بە مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دێموکراسیی خۆیان نەگەیشتوون. حکوومەتە نادێموکراتیک و دیکتاتۆرەکان لە چاخی بیست و یەکیش لە ناوچەکەدا هەر دەسەڵاتدارن. زۆر بەرژەوەندیی جۆراجۆری میللی، خەڵکی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتیی هەن کە لە ناوچەکەدا یەکانگیر یان دژی یەکن. زلهێزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاوبەرژەوەندییەکانیان بە چڕی لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە. هەمووی ئەوانە بە ئێمە دەڵێن کە بەڵێ گۆڕانکاریی قووڵ لە ارا دایە. بەڵام چەندەیان لە دژ یان لە بەرژەوەندی ئێمەدا دەبێ بەتەواوی ڕوون نییە و پێشبینی کردنیشی ئەستەمە.

لە پێوەندی لەگەڵ هێزەکان و ئەوەی کە ناڵێکن و لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک و هەلومەرجەکەدا نین تا ڕادەیەک ڕەخنەکە لەجێی خۆیدایە. بەڵام ئەوەی جێگای ئومێدە ئەوەیە کە هێزەکان بەگشتی هەستیان بە گرینگیی دۆخەکە و مەترسی و پێشهاتەکان کردووە. دەشزانن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو و بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکاندا سەریان بێ کڵاو نەمێنێتەوە و بە ئەرک و بەرپرسایەتیی سیاسیی خۆیان هەستن، دەبێ بەیەکەوە لەسەر خەت بن، بەتایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا لە کۆبوونەوەی بەردەوام دایە.

ئەزموونی بزووتنەوەی کورستان بە ئێمە دەڵێ لەگەڵ ئەوەی شتی نارێک و نەگونجاو لە مێژووماندا هەبووە، بەڵام ئەو ئامادەییەش هەیە کە ئەگەر دەرفەتی لەبار هاتە پێش بە دروستی کەڵکی لێ وەربگرین و بتوانین مەترسییەکانیش لە خۆمان دوور خەینەوە. هیوادارین ئەوجارەیان بە بەرپرسایەتیی زۆرترەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئەزموونەکان ئەو نارێکییەی کە هەیە و زۆر و کەم لێی نیگەرانین بە ئاستێکی زۆر کەم بگەیەنین و لە هەموو زەرفییەتەکان بەباشی کەڵک وەربگرین.

# براوەکانی ئەفغانستان: قەتەر، چین ڕووسیە، پاکستان، تورکیە و ئێران



و: کەماڵ حەسەنپوور

براوەکانی کابول ئەو لایەنانە دەبن کە لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن تاڵیبانەوە قازانج دەکەن. ئەوان هەر ئەو لایەنانەن کە بە سەرشۆڕیی وڵاتە یەکگرتووەکان کەیفخۆش دەبن.

لەنێو ئەو "براوانەدا" دەکرێ ئاماژە بە قەتەر، ڕووسیە، چین، پاکستان، تورکیە و ئێران بکرێ. ئەوە دەکرێ بە چەند شێوە ببینرێ. زۆربەی ئەو وڵاتانە خانەخوێی تاڵیبان بوون یان بە شێوەی تاکتیکی پشتیوانییان لێ کردوون. هی دیکە وەک تورکیە هەوڵی داوە لە ئەفغانستانی دوای ئەمریکادا دەورێکی هەبێ.

میدیای ئێران پڕ لەو ڕاپۆرتانەن کە لەواندا دەلیل دێننەوە کە تاڵیبان بناژۆخوازی هەناردە ناکەن، یان هەڕەشە لە هیچ کەس ناکەن و ئێران هەمیشە یارمەتیی خەڵکی ئەفغانستانی کردووە. بۆ وێنە کاربەدەستی ئێرانی، عەلی شەمخانی، لێدوانێکی ئەرێنیی لەبارەی دەوری ئێران لە ئەفغانستان بڵاو کردۆتەوە.

لە هەمان کاتدا ئەلجەزیرەی قەتەر، لەکاتی دەسبەسەرداگرتنی کۆشکی سەرۆک کۆماری لە لایەن تاڵیبانەوە لەوێ بوو. وێدەچێ قەتەر زانیاریی وردی لەبارەی پلانەکانی تاڵیبان هەبووبێ چونکە چەند ساڵە خانەخوێی ئەوانە.

قەتەر بنکەی سەربازیی مەزنی وڵاتە یەکگرتووەکانی لێیە بەڵام هەمیشە پشتیوانی بناژۆخوازانی ئایینی بووە، لە ناویاندا حەماس و ئیخوانولموسلمین و فەڕشی سووری بۆ تاڵیبانان ڕاخستووە. ئەوە سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ قەتەر و، لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کەڵک لەو شتە وەردەگرێ.

لە کاتێکدا کە قەتەر و تورکیە بۆیە لەو مەسەلەیە قازانج دەکەن چونکە پشتیوانی تاقمە ئیسلامییەکانن و بە شێوەی گشتی پشتگیریی لە جووڵانەوە فرە ڕاسترەوەکانی ئیسلامی دەکەن، ئێران بۆیە قازانج دەکا چونکە دەبینێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە جیرانەتی ئەو دەچێتە دەرەوە. ئێران هەر وەها دەخوازێ کە وڵاتە یەکگرتووەکان عێراقیش جێهێڵێ و کەڵک لە بشێوی ئەفغانستان وەردەگرێ تا زەخت بخاتە سەری کە لە عێراقیش بچێتە دەر.

تورکیە، لە سوورییە لەگەڵ ئێران و ڕووسیە هاوکاری دەکا تا هەوڵ بدا ئەمریکا لەوێ بچێتە دەر. هەموو ئەو وڵاتانە هاوڕان کە دەیانەوێ وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە بچێتە دەرەوە.

ڕووسیە و چین، هەردووکیان لەو ساڵ و مانگانەی دواییدا پێشوازییان لە وەفدی تاڵیبان کردووە. ئەوان دەیانەوێ کاناڵی کراوەیان لەگەڵ تاڵیبان هەبێ و بەتەمان ئەوان وەک دەوڵەتی نوێ بەفەرمی بناسن. ئەوە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا گرینگە. بە پشتیوانیی ڕووسیە و چین، تاڵیبان دەتوانن دەسەڵاتی جیهانیی وەدەست بێنن کە پێویستیان پێیە و وردە وردە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر بە فەرمی بناسرێن.

کۆبوونەکانی نێوان تاڵیبان و نێردەی ڕوسیە لەم حەوتوویەدا، کە هەواڵەکانی بڵاو بۆتەوە، گرینگن. ئاژانسی هەواڵدەریی ڕووسیە، تاس، ڕایگەیاند، "باڵوێزی ڕوسیە لە ئەفغانستان، دیمیتری ژیرنۆڤ، ڕۆژی سێ شەممە لەگەڵ ڕێکخەری ڕێبەریی جووڵانەوەی تاڵیبان [لە ڕووسیە یاساغە] بۆ باس لەسەر ئاسایشی باڵوێزخانەی ڕوسیە وتووێژ دەکا، نێردەی تایبەتیی سەرکۆمار لە ئەفغانستان زامیر کابولۆڤ لە وتووێژێکدا باسی ئەوەی کرد."

ئەو گوتی، "باڵوێزی ئێمە لەگەڵ نوێنەرانی ڕێبەریی تاڵیبان لە پێوەندیدایە. هەر وەک ۱۰ خولەک پێش ئێستا پێی گوتم، سبەینێ چاوی بە ڕێکخەری ڕێبەریی تاڵیبان دەکەوێ تا لە ئاسایشی، لە نێویاندا باڵوێزخانەکەمان، دڵنیا بێ."

کابالۆڤ گوتی، باڵوێزی ڕووسیە لەگەڵ نوێنەری تاڵیبان باسی وردەکارییەکانی پاراستنی دەرەکی بۆ نوێنەرایەتیی دیپلۆماتیکی ڕووسیەی فیدراڵ دەکا. ئەوە بەو مانایەیە کە ڕووسیە بەتەمایە لە داهاتوودا تاڵیبان بەفەرمی بناسێ. ڕووسیە دەتوانێ یارمەتی بە بەهێزتربوونی بڕوا بەخۆبوونی تاڵیبان بکا. بەڵام ڕووسیە بۆخۆی خاوەنی پاشخانی خۆیەتی لە ئەفغانستان. ئەو دەزانێ کە دەوڵەتی پشتگیریکراو لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە خێرا ڕووخاوە. ڕووسیە دەیهەوێ لە ناوەندی ئاسیا دڵنیا بێ، لەگەڵ بەرەی باشووری ئەوێ. ئەوە بەو مانایەیە کە بشێوی دەبێ لە ئەفغانستاندا بڵاو بێتەوە. ئەو دەیهەوێ لەگەڵ چین، پاکستان، تورکیە و ئێران کار بکا تا دڵنیا بێ کە تاڵیبان کۆنترۆڵ بکرێن و بە شێوەیەکی سەقامگیر دەسەڵات بگرنە دەست.

هەموو ئەو وڵاتانە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەن. ئەوان دەیانهەوێ ئەمریکا لە ناوچەکە بچێتە دەرەوە. دەیانهەوێ ئەمریکا سەرشۆڕ بکرێ. ئەوان هەروەها دەیانەوێ ئەو وزە و کانزایانەی کە لە ئەفغانستانەوە تێپەڕ دەبێ لەگەڵ یەکتر بەش بکەن. ئامانجی ئەوان ئەوەیە کە یارمەتی بە خێراتر بوونی لاوازیی وڵاتە یەکگرتووەکان و خۆرئاوا بکەن.

ئەو وڵاتانە بەرنامەی ئایدیۆلۆژیکی جیاوازیان هەن. تورکیە، پاکستان و قەتەر، جیهانبینی فرە ڕاستی ئیسلامییان هەیە. ئەوان دەیانەویست لەگەڵ مالیزی و ئێران لەسەر بیرۆکەی سیستەمی بازرگانیی ئیسلامیی نوێ و بەرنامەی تەلەفزیۆنیی بۆ بەربەرەکانی لە "فۆبیای ئیسلامی" [ترس لە ئیسلام] کار بکەن.

تورکیە و قەتەر تەوەرێک پێکدێنن کە پشتگیریی لە ئیخوان ئەلموسلمین دەکا و، لەو دەلاقەوە، لە سووریە و لێواری غەززە بەهۆی سەرکەوتنی تاڵیبانەوە جێژنە گیراون. چین و ڕوسیە بیرۆکەی جیاوازیان لە بارەی چۆنیەتی قازانج وەرگرتن لەو ڕووداوە لە گۆڕەپانی جیهانیدا هەیە.

ئێستا، هەرەسهێنانی ئەفغانستان نسکۆیەکی مەزنە بۆ ناوبانگی وڵاتە یەکگرتووەکان و سیستەمەکانی پشتگیریکراو لە لایەن ئەو وڵاتەوە وا دەنوێنن کە بە لاوازیی و کاتیبوونی ئەو شیناوردەیە کە لە بەهاردا دەڕوێ و لە پاییزدا سیس دەبێ.

* ئورشەلیم پۆست– سێت جەی فرانتزمەن

## هەگبەی شۆڕش و شاخ



### کۆچی سووری هەڵۆکان

### چیرۆکی نەبەردیی شەهید موزەفەر تابعی



برایم چووکەڵی

نایەکسانی و نادادوەری کە بەدرێژایی مێژوو بەسەر تاکی کورد داسەپاوە، تاکی کورد بە خوێن و ئێسکەوە هەستی بەو بێ مافییە کردووە و هەوڵ دەدا تا مافەکانی دەستەبەر بکا، هەربۆیەش بەدرێژایی چەندین سەدە لە هیچ بستێکی ئەو کوردستانە مەزنە نەبووە ئاوری شۆڕش و مافخوازی ئەو گەلە زوڵملێکراوە بکوژێتەوە. هەگبەی «شۆڕش و شاخ»ی ئەم ژمارەیە ئاوڕ لە تاکێکی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری دەداتەوە کە شەهید «موزەفەر تابعی»یە.

شەهید موزەفەر تابعی لە گوندی «لۆن» لە ناوچەی بێڵەوار لەدایک بوو. تا وەرگرتنی بڕوانامەی دیپلۆم درێژەی بە خوێندن دا و لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی مەزنی گەلانی ئێران لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی، ئەو کە لاوێکی تازەپێگەیشتوو، لەسەر هەست و وریا بوو، پێی نایە گۆڕەپانی کاری سیاسییەوە. موزەفەر بۆ خەباتی سیاسی سەنگەری حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و بە دنیایەک ئاوات و ئارەزوو چەکی دەست دایە و بەگژ داگیرکەراندا چۆوە. ئەو پێشمەرگەیەکی بەئەخلاق و لەبەردڵان بوو. لە شەڕەکانی ناوچەدا هەمیشە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. هەڵسووڕ، لەسەرەخۆ، ئازا و بەنەزم، بەورە و خاوەنی گەلێک سیفەتی خەباتگێرانەی دیکە بوو.

شەهید موزەفەر تابعی لە عەمەلیاتەکانی دژی دوژمن لێوەشاوەیی خۆی نیشان دا. بە قارەمانەتییەکەی لە شەڕی نەورۆزی ٥٩ شاری سنەدا لاپەڕەیەکی زێڕینی خستە سەر کارنامەی پێشمەرگانەی و ئەوی گەیاندە پلەی فەرماندەریی لک. ئەو فەرماندەیەکی نموونە بوو. لە چالاکیی پێشمەرگانەی خۆی لەگەڵ هاوڕێیانی لەنێو شاری سنەدا نیشانی دا چ ڕۆڵەیەکە. لەم شەڕەدا هەر چوار دەوری هاوڕێی موزەفەر گیرابوو و بەتەواوی کەوتبووە گەمارۆی دوژمنەوە، بەڵام بێئەوەی ورە بەربدا و لە بەرانبەر دوژمن بەچۆکدا بێ بە ئیمانێکی قایم و ورەیەکی بەرزەوە شەڕی کرد و هەرچەند لەو شەڕەدا کەوتە بەر پڕیشکی نارنجۆک و بریندار بوو، گەمارۆی پاسدارە دژی گەلییەکانی تێک شکاند.

شەهید موزەفەر لە درێژەی ژیانی پێشمەرگانەیدا بەهۆی لێهاتووییەکانی بە جێگری هێزی شەهید شەریفزادە دیاری کرا و لەو ئەرکەشدا ڕووسور هاتە دەر و تا کاتی شەهید بوونی ئەم بەرپرسایەتییەی لەسەر شان بوو. بە فەرماندەیی ئەو چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتووانە لەسەر جادەی سنە-دیواندەرە بەڕێوە چوون، بەڵام بەداخەوە شەهید موزەفەر تابعی ئەو دەرفەتەی بۆ نەرەخسا کە زیاتر خزمەت بە حیزب و گەلە بەشخوراوەکەی بکا و وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار لە ئاسمانی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد ئاوا بوو.

ڕۆژانی ٢٧ تا ٢٩ی گەلاوێژی ١٣٦٢ ناوچەی لەیلاخی سنە، گۆڕەپانی حەماسە و هەڵمەتی دەستەیەک لە پێشمەرگە فیداکارەکانی هێزی شەریفزادە بوو کە جوامێرانە و ئازایانە لەبەرانبەر هێرشی دڕندانەی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیدا، سەنگەری دیفاع لە بوون ومانی نەتەوەکەیان پاراست و تا دوا فیشەک و دوا دڵۆپی خوێن و دوا هەناسەی ژیانیان، لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان شەڕیان کرد و دەرسی کۆڵنەدان و بەچۆکدا نەهاتنیان بۆ هاوسەنگەرانیان بەجێ هێشت، دەرسێک کە بۆ نەسڵەکانی دوای خۆیان بیکەنە سەرمەشقی ڕێگای خەباتیان.


لەشکری کۆماری ئیسلامی بە هێزێکی لەئەژمارنەهاتوو بە پشتیوانیی تانک و تۆپ و خۆمپارە و کاتیوشا، لە هەموو لایەکەوە بە مەبەستی تەفروتونا کردنی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی سنە، پەلاماری دڕندانەی بۆ سەر ناوچەی» ڕمشت و میراوە» دەست پێ کرد. دوژمن هەموو ڕێگاکانی لە پێشمەرگە گرتبوو و هیچ ڕێگایەکی دەربازبوونی بۆ نەهێشتبوونەوە. پێشمەرگەی دێموکرات دوو ڕێگای لەبەر بوو، یا تەسلیم بوون یان مەرگی سەربەرزانە، بۆیە وەک هەمیشە ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردو بەڵێنیان دا بە شانازییەوە گیانی خۆیان فیدا بکەن، بەڵام لەبەرامبەر دوژمندا سەر نەوی نەکەن. پاش ئەو بەڵێنییە، بڕیاریان دا بە مەبەستی شکاندنی گەمارۆی دوژمن دەستبەکار بن. لەو شەڕەدا چەندین فەرماندەی قارەمان بەشدار وەک سەروان ئێقباڵ کەریمنژاد بەشدار بوون و، لە پێشەوەی هاوسەنگەرانیان دەست بە کار بوون و هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی دوژمن و چەندین کوژراویان پێ بەجێ هێشتن.

ناوچەی «ڕمشت ومیراوە» ئاگر و ئاسنی بەسەردا دەباری و نوقمی گڕ و دووکەڵ بوو. لە هەموو لایەک گرمەی تۆپ و قریشکەی بیکەیسی و هاژەی کاتیوشا و لوورەی خۆمپارە دەنگی دەدایەوە و شاخ و پێدەشتی دەدڕی و بەرەو سەنگەری ڕۆڵەکانی دێموکرات دەچوون، بەڵام هێزی پێشمەرگە کە قەت لە ئاور و ئاسنی دوژمن نەترساون، بەرەو سەنگەری دوژمن پێشڕەوییان دەکرد.

سەرئەنجام پاش سێ ڕۆژ شەڕی دەستەویەخە و سەنگەر بە سەنگەر، دوای سێ ڕۆژ حەماسە خوڵقاندن و قارەمانەتی نواندن، پاش سێ ڕۆژ بەربەرەکانی بە فەرماندەریی موزەفەر تابعی و سەروان ئێقباڵ کەریمنژاد گەمارۆی دوژمن تێک شکێندرا. لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژ شەڕەدا بەداخەوە سینگی پڕ لە شەهامەت و غیرەتی فەرماندەری لێوەشاوەی حیزبەکەمان موزەفەر تابعی لەگەڵ ١٥ هاوسەنگەری دیکەی کە بەشێکیان فەرماندە بوون کەوتنە بەر فیشەکی دوژمن. شەهیدانی دیکەی ئەم حەماسەیە بریتی بوون لە: سەروان ئێقباڵ کەریمنژاد فەرماندەری هێز، شوکرڕوڵڵای وەیسی فەرماندەری لک، حەبیبوڵڵای وەیسی فەرماندەری دەستە، عەباسی شەریعەتی ئەندامی کومیتە ناوچە، توفیق ئەسەدنژاد جێگری لک، عەبدوڵڵا ڕەزایی فەرماندەری دەستە، ئەمیر محەممەدی، ناسر ڕۆستەمی، محەممەدی زیبایی، یەدوڵڵای هادی، ئەمیر ئەنساری، هاشم سەلاحیان، زاهید عەلامی، حەمید یەحیەوی و عەلی حەبیب نژاد.

ڕوحیان شاد و سەنگەری خەباتیان ئاوەدان

# ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، نیزامێکی سیاسیی تاوانبار



عومەر باڵەکی

ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوی کاتێک ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی ڕووخا، هیچ کەس لە خەڵکی ئێران کە سەرمەستی سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان بوون بیریان لەوە نەدەکردەوە کە نیزامێک لە دوای نیزامی پاشایەتی لە ئێران دەسەڵات دەگرێتە دەست کە بناخەی لەسەر خوین و تێرۆر و ئێعدام و زیندان و ئەشکنجە دادەمەزرێ. هەروەها سنووری ئەم جینایەتانەی دەباتە ئەو دیوی چوارچێوە جوغرافییەکەی وڵات و هەموو پڕەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و تەنانەت نێودەوڵەتییش بە مەبەستی لەبەینبردنی جیابیرانی خۆی ژێرپێ دەنێ. خەڵک خافڵ لەوە بوون کە دامەزرێنەران و دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە تازە بەدەسەڵاتگەیشتووە کوشتن و ترس و تۆقاندن دێننە نێو قانوونی ئەساسیی وڵات و ڕەواییەتی دەدەنێ بۆ ئەوەی دەستیان ئاوەڵاتر بێ بۆ بە ئەنجامگەیاندنی مەرامە نائینسانییەکانیان.

لە پێشەکیی قانوونی ئەساسیی ئەو نیزامەدا کە باس لە ئەرتەش و سپای پاسداران دەکا، هاتووە: "ئەرتەش و سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بێجگە لە پاراستنی سنوورەکانی ئێران، ئەرکی گرینگ و سەرەکییان جیهاد لە ڕێگای خوا و خەبات لە ڕێگای پەرەپێدانی حاکمییەتی قانوونی خوا لە سەرانسەری جیهان‌دایە". ئەمە بەو مانایە دێ کە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەشەپێدانی بیر و هزری خۆی دەست لە هیچ تاوانێک ناپارێزێ و پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەک نەبووە و ناشبێ. بەپێی ئاماری ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ لەنێوان ساڵەکانی ١٣٥٧-١٣٩٩ی هەتاوی، واتا لە ماوەی ٤٢ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی ئەم ڕێژیمەدا زیاتر لە ٤٤٦٠٠ کەس لە خەڵکی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆری وەک تێرۆر، ئێعدام و ڕەشەکوژی لە نێوخۆی وڵات گیانیان لێ ئەستێندراوە و بەشێک لەوانیان لەژێر ئەشکەنجەدا کوشتوون. نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو ئەو تاوانگەلەی بە بیانووی بێبنەما و تەنیا بەهۆی جیابیری و دژایەتیی ئەو کەسانە لەگەڵ دەسەڵاتەکەیان کردووە.

لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش هەر بەپێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە لە مانگی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٩دا بڵاو بۆوە، کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٢ ساڵ دەسەڵاتی ڕەشی خۆیدا لە ٤٠ وڵاتی دنیادا جێ‌پەنجەی بە ٣٦٠ کردەوەی تێرۆریستیی ئامانجدارەوە دیارە. هەڵبەت بە خاترجەمی دەتوانین بڵێین ئەو ڕاپۆرتە، ئەم نزیک بە ٤٠٠ کردەوە تێرۆریستیە لە خۆ ناگرێ کە تێرۆریستەکانی ئەم ڕێژیمە لە هەرێمی کوردستان-عێراق بەدژی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوویانە. سێ حەوتوو لەوە پێشێش ناوەندی مافی مرۆڤی "عەبدولڕەحمان بروومەند" بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرت و بەڵگەنامەیەک نووسیی کە بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە بەردەوامەکانی خۆی توانیویەتی زیاتر لە ٥٤٠ کەسایەتیی ئێرانی دەستنیشان بکا کە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیەوە کوژراون یا ڕفێندراون.

ئەوەی لەو ڕاپۆرتەی بنیاتی بروومەندا گرینگە ئەو بەشەیە کە دەڵێ لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بەم لاوە، بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی جیاجیادا سەدان هێرشیان کردووەتە سەر چالاکانی سیاسیی دژبەری خۆیان و چونکی هیچ کۆسپ و بەربەستێکی ئەوتۆیان لەبەردەم نەبووە و لەو سۆنگەیەوە تووشی هیچ لێپێچینەوە و سزادانێک نەبوون، لەو پارێزراوییەدا لە هێرش و پەلامارەکانیان بەردەوام بوون.

ئەو شێوە کار و سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر بنەمای بڵاوکردنەوە و سەپاندنی ترس و تۆقاندن دامەزراوە، ئەگەر لە نێوخۆی ئێران توانیویەتی تەمەنی ڕێژیم بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ درێژ بکاتەوە و ڕێگە بدا هەتا ئێستاش بەسەر گەلانی ئێراندا حکوومەت بکا، بەڵام ئێستا ئیدی گلۆڵەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە کەوتووەتە لێژی. دەبینین لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ناڕەزایەتیە جەماوەرییەکانی گەلانی وەزاڵەهاتوو لە دەستی ئەو نیزامە هەر جارێ لە گۆشەیەکی ئێران سەر هەڵدەدا و سنووری پیرۆزییەکانی ئەو نیزامە دەبەزێنێ. لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات و بەتایبەتی لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش‌دا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پێگەی ئەو نیزامە سیاسییە لاواز و لاوازتر دەبێ و هاوکات پەروەندەی کردەوەی تێرۆریستی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ئەو نیزامەوە لەسەر مێزی ڕێکخراوە مرۆڤ‌دۆستەکان و دادگای دەوڵەتەکان ئەستوور و ئەستوورتر دەبێ. لە ئێستادا بەشێک لە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە ماوەی ئەو ٤٢ ساڵەدا پۆستە گرینگەکانی حکوومەتییان بەدەستەوە بووە، لە دادگای وڵاتانی ئوروووپایی و ئەمریکایی و هیندێک وڵاتی دیکە بە تاوانی جینایەتی جەنگی و کردەوەی تێرۆریستی حوکمی دەستبەسەرکردنیان لەلایەن دادگای ئەو وڵاتانەوە بۆ دەرچووە. ئەوانەش فاکت و بەڵگەی ڕەسمیین بۆوەی بتوانی بڵێی کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ڕێژیم و نیزامێکی تاوانبارە.

ئەگەر حوکمی دادگای میکۆنووس (٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦) بۆ ماوەیەک توانی دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی -لانیکەم لە وڵاتانی ئوروووپایی- بوەستێنێ، یان گۆڕانکارییەک لە فۆرمی کار و کردە تێکدەری و تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی سنوورەکانی‌دا پێک بێنێ، دەبینین کە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی ماوەی چەند ساڵێکە دەستبەکار بۆتەوە و توانیویەتی قوربانیی تازە لە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی ئەم وڵاتە بستێنێ. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و وردبوونەوەیە ئەوەیە، کە کۆمەڵگەی جیهانی وەک دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی لەسەر ئەو پەروەندانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵسوکەوت ناکا. هەر لە دوو ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لانی‌کەم لە چەند وڵاتی ئوروووپایی وەک: دانمارک، هۆلەند، ئەڵمان، نۆروێژ، ئوتریش، فەڕانسە و بێلژیک بە تاوانی دەستتێدابوون لە کردەوەی تێرۆریستی ناوی هاتووە و کەس یا کەسانی سەر بە ئورگانە دەوڵەتی و نیزامییەکانی ئەو ڕێژیمە لە لایەن پۆلیس و دەزگای قەزایی ئەو وڵاتانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە، دەستبەسەر یا داوا کراون.

بۆ نموونە: ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی دادگای جینایی شاری ئەنتورپ لە وڵاتی بێلژیک ئەسدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆماتکاری کۆماری ئیسلامیی بە هۆی پلاندانان بۆ کردەوەی تێرۆریستی و دانانەوەی بۆمب بە ٢٠ ساڵ زیندانی حوکم دا. ئەو بۆمبە قەرار بوو لە کۆبوونەوەیەکی بەربەرینی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق لە دەوروبەری پاریس لە پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاویدا بتەقێتەوە کە زووتر پۆلیس پێی زانی. هەروەها ماوەیەکە کە دادگایەک لە ستۆکهۆلمی سوئێد بۆ لێپرسینەوە لە تاوانەکانی حەمید نووری، یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسیی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی پێکهاتووە. ئەو دادگایە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە دادپرسی لە تاوانەکانی ناوبراو کە بە تاوانی کوشتنی بەئانقەست و جینایەتی ئاشکرا گیراوە، بەپێی ئەسڵی سەلاحییەتی جیهانیی دادگاکان بۆ پێڕاگەیشتنی بەو تاوانانەی دەچنە خانەی جینایەتی شەڕ بە دژی مرۆڤایەتی لەئارا دایە. هەر لەو پێوەندییەدا و لە سەرەتای ئەم مانگەشدا کە تێی‌داین، لقی دووی دادگای تاوانەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق (هەولێر) دوای نزیک بە سێ ساڵ لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تاوانباران لەسەر تێرۆری قادر قادری، فەرماندەیەکی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان حوکمی ئێعدامی بۆ تاوانبارانی ئەو کردەوە تێرۆریستیەدا دەرکرد. لەو پەروەندەیەدا و لە ئیدیعانامەی دادئەستێن‌دا بەڕوونی باس لەوە دەکرێ کە کوشتنی قادر قادری دەستی دەزگای ئەمنی دەوڵەتێکی دراوسێی هەرێمی کوردستانی لە پشتە، دیارە هەرچەند بە هۆکاری جۆراوجۆر ناوی ئەو دەوڵەتە نەهاتووە، بەڵام وەک ئاشکرایە و لە زمان دەستەی پارێزەرانی بنەماڵەی قوربانیی ئەم پەروەندەیەوە بەردەوام گوتراوە، ئەو دەوڵەتە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

ئێستا ململانێی ویژدانی و ئەمنیی کۆمەڵگەی جیهانی و دەزگاکانی دادوەری لە وڵاتانی دێموکراتیک لەلایەک و بیرتەسکی و دژەمرۆڤایەتی بوونی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە نەک هەر لنێو سنوورەکانی ئێران بەڵکوو لە سەرانسەری جیهان بە جۆرێک لە جۆرەکان لەئارا دایە. ویژدانی کۆمەڵگەی جیهانی دەیهەوێ بەگژ کردەوە نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەتی کردەوە تێرۆریستیەکانی ئەو نیزامەدا بێتەوە کە ئەوە بەخۆشییەوە ماوەیەک بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لانیکەم دامودەزگاکانی پۆلیس و دادوەری هێندێک لە وڵاتانەوە دیارە. بەڵام چونکە ئەو نیزامە پایەکانی لەسەر تێرۆر و تۆقاندن و خوینڕشتن دامەزراوە، وا بە ئاسانی سندم ناکرێ. وەک چۆن تەنیا حەوتوویەک دوای دەرچوونی حوکمی تێرۆریستەکانی پەروەندەی تێرۆری قادر قادری لە دادگای تاوانەکانی هەولێر، شەوی ١٤ لەسەر ١٥ی گەلاوێژ دەستەیەکی دی لە تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی، مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌یان لە نێو شاری هەولێردا تێرۆر کرد.

ڕاستە کە تێرۆر و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاوەڵدووانەی یەکترین، ئەوەش ڕاستە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە هیچ جینایەتێک بەدژی نەتەوەی کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەی نەپرینگاوەتەوە، بەڵام ئێستاش خافڵ لەوەن کە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەوانە بەچۆکدا نایە، بەڵکوو بەوە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان زۆرتر بێزیان لەو نیزامە هەڵدەستی و ڕقئەستوورتر و مکوڕتر لە جاران لە دژایەتی‌کردنی ئەو ڕێژیمە بەردەوام دەبن. هاوکات لەنێو بیروڕای گشتیی جیهانی و نێودەوڵەتییش‌دا بێزراوتر دەبن و پتر جێگە و پێگەی خۆیان لەدەست دەدەن و زیاتر و زیاتر شمشێری دادپەروەری لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی نزیک و نزیکتر دەبێتەوە.

بە هەموو نیشانەکان ئەو ڕۆژە نزیکە کە ئەو هەمووە خوێنە بەناحەق ڕژاوە بناخەی حوکمڕانیی ئەو نیزامە دژە مرۆڤایەتییە لە بناخەوە هەڵتەکێنێ.

***



# سێ پاڵنەری سەرەکی بۆ «سەربەخۆییخوازی»

## (بە بیانووی ئاگرتێبەردانی پەیکەری ماموستا هەژار)


شارۆخ حەسەنزادە

سێ پاڵنەری گرنگ بۆ ویستی سەربەخۆییخوازی بریتین لە: یەکەم: دیاریکردنی مافی سروشتیی چارەنووسی خۆت، دووهەم: هەبوونی دەسەڵاتێکی توتالیتەر و سێهەم: ڕەگەزپەرەستی و سووکایەتیی چینی هەڵبژاردەی باڵادەست.

### مافی دیاریکردنی چارەنووس

مافی دیاریکردنی چارەنووس (The right to self-determination) لەو دەستە مافانەی، مافەیلی مرۆڤە کە بەو پێیە تاک یان نەتەوەکان بۆخۆیان چارەنووسی خۆیان لە پانتایی جۆراوجۆری وەک سیاسەت، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ... دیاری دەکەن. ئەو مافە وەک ماف و ئازادییە ئینسانییەکانی دەژمێردرێ کە بەو پێیە سەرجەم تاک و گرووپەکان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، ئایین و... دەتوانن کاروباری خۆیان لە بەستێنە جیاوازەکان بەدەستەوە بگرن. بەگشتی مانای دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین هەروەک ئەوەی کە لە بەڵگە نێودەوڵەتییە جۆربەجۆرەکانی وەک جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەیماننامەکان، ڕاگەیەندراوی پێوەندیی دۆستانە، بڕیارنامەی ٢٦٢٥، ڕاگەیەندراوی پێدانی سەربەخۆیی بە خەڵکی داگیرکراو و... باسی لێوە کراوە، بە مافی سەرجەم خەڵک و نەتەوەکان بۆ دەستنیشانکردنی ئازادانەی ڕەوشی سیاسی خۆیان و بەدواداچوونی ئازادانەی دۆخی گەشەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان دەگوترێ.

مافی دیاریکردنی چارەنووس لە بەڵێننامەی حقووقی سڤیل و سیاسی و پەیماننامەی نێودەوڵەتیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری لە چوارچێوەی برگەی ١ی هاوبەش، بە پەسندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتووە و پاراستنی وەک دابودەستوورێکی تۆکمە و پتەو لە کەشی حقووقی نێودەوڵەتی وەک بنەمایەکی زۆر پێویست سەیری دەکرێ. هەروەها لە بەستێنی جیلی سێهەمی مافەیلی مرۆڤ کە ڕوانینێکی نوێ بۆ ئەو دەستە لە مافانە هەیە، جێگە و پێگەیەکی بەرچاوی بۆ تەرخان کراوە بەجۆرێک کە وەک مافێکی گشتی و تێکڕایی بۆ مرۆڤایەتی لەبەرچاو گیراوە. ئەو مافە، تایبەت بە خەڵکە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە وڵاتانی دژبەری ئەم بۆچوونە، پێناسە و ماناکەیان بە پاساوی "جیایی و جیایی خوازی و یەکپارچەیی خاک" ئاڵۆز کردووە و بەرژەوەندیی بەشێکی دیکە لە وڵاتانیش بۆتە هۆکار کە ئێستا وەک باسێکی مەترسیداریان لێ کردووە!

پرۆفیسۆر "مایکێل ئەکهارست" لە کتێبی "سەرجەم حقوقی نێودەوڵەتیی نوێ"، مافی دیاریکردنی چارەنووس ئاوا پێناسە دەکا: مافێکە کە بەپێی ئەو، خەڵکی نیشتمانێک کاروباری سیاسی و حقووقیی ئەو خاکە دیاری دەکەن هەتا بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ یان ئەوەیکە وەک بەشێک لە دەوڵەتێکی دیکەیان لێ بێ". فەرهەنگی "پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان"، مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێک دەزانێ کە هی گرووپێکی دیاریکراو لەو خەڵکەیە کە خۆیان لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکەنەوە و بەتەواوەتی مافی خۆیانە ئەو نیشتمانەی کە بۆخۆیان دەخوازن و تێیدا دەژین و ئەو حکوومەتەی کە بۆخۆیان دەیانهەوێ دابمەزرێنن".

هەر بەپێی ئەو بەڵگە نێودەوڵەتییانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بکا هەتا دۆخی سیاسی و مەدەنی خۆی ئازادانە هەڵبژێرێ، هەروەها گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆی داوا و دابین بکا. هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی لە سامان و سەرچاوەکانی سرووشتی خۆی بەبێ هیچ کێشە و گرفتێکی وەک هاوکاری ئابووری نێودەوڵەتی، لەسەر بناخەی بەرژەوەندیی هاوبەش و حقوقی نێودەوڵەتی ئازادانە پاوان بکا و هیچ کات ناکرێ نەتەوەیەک لە سەرچاوە و یارمەتی و هاوکارییەکانی خۆی بێبەش بکرێ و وڵاتانی تەرەفی بەڵێننامەکانیش ئەرکدارن کە بەپێی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان ڕێز لەو مافانە بگرن.

### هەبوونی دەسەڵاتێکی توتالیتەر

توتالیتەر جۆرێک لە ڕێژیمێکی سیاسییە کە لەوێدا، لێنزیک سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کەسی و گشتیی خەڵک لەژێر چاودێریدایە و بەگشتی تایبەتمەندیی ئەم جۆرە حکوومەتانە بریتین لە، ئایدۆلۆژییەکی گشتی، سیستەمێکی تاکحیزبی تایبەت بەو ئایدۆلۆژییە کە لیدەرەکەی تەنیا یەک کەسە، هەبوونی دەزگای سیخوڕی و پۆلیسیی جۆراوجۆر و بەربڵاو، پاوانی کەرەسەی پەیوەندییە گشتییەکان، دەسبەسەرداگرتنی ئابووری، باوەڕنەبوون بەهیچ جۆرە ماف و ئازادییەک بۆ ئەوانی دی، نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین، سەرکوتی توندی حیزب و کەسایەتیی سیاسی، ئۆلی، نەتەوەیی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، دژایەتیی توندی ڕەخنەگران و دژبەرانی حکوومەت و... لەم جۆرە سیستەمانەدا شێوازی جۆراوجۆریان هەیە کە دەتوانین ئاماژە بە جۆری وەک، زۆرداری، سەرەڕۆیی، حکومەتی موتڵەقە، ئۆل سالاری و... .

میناکی هەرەبەرچاوی ئەم جۆرە حکوومەتانە مائۆ لە چین، ستالین لە سۆڤییەت، موسولینی لە ئیتالیا، هیتلەر لە ئەلمان، سۆنگ لە کۆرەی باکوور، بەشار ئەسەد لە سووریە، چاوێز لە وێنزوئێلا، کاسترۆ لە کوبا و ڕێژیمی کۆماریی ئیسلامیی ئێران. لەم جۆرە دەسەڵاتانەدا هیچ جۆرە ئازادییەکی سیاسی، تاک و ڕێکخراوەیی بوونی نییە و خواستی خەڵک بۆ هیچ چەشنە باسێک لەبەرچاو ناگیرێ هیچ، بەڵکوو بەتوندی بەرپەرچ دەدرێتەوە و ڕێز بۆ مرۆڤەکان و بایەخە مافە مرۆڤییەکانیش دیزەبەدەرخونە دەکرێ! لە کەشێکی وەهادا کە مافی نەتەوەکان و ئازادیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری لەبەرچاو ناگیرێ و هیچ ڕۆچنەیەک بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی بەدی ناکرێ، باوەڕمەند بوون بە زمانی دیالۆگ و لەیەک تێگەیشتن هەر بوونی نییە و مەنتقی گوتوبێژ دەست نادا و بێمانایە، ویستی سەربەخۆیی تاکە ڕێگای ئەو گەلانەیە کە لەناو سیستەمێکی توتالیتەردا دەژین.

### ڕەگەزپەرەستی و سووکایەتیی چینی هەڵبژاردەی باڵادەست

ئاپارتاید، هەڵاواردن، سووکایەتی و بێڕێزی جۆرێکی تایبەت لە ڕەگەزپەرەستییە کە بەپێی لۆژیکی هەڵە و گشتیی مرۆڤەکان بەجۆرێکی نەشیاو و بێ نەرمی نواندن شەقل دەگرێ. لەم ڕوانینەدا بە لەبەرچاو گرتنی ڕەگەز، مێژوو، زمان، کولتوور، ئایین و زایەندی لایەنەک، لەلایەن لایەنێکی دیکە (باڵادەست) دەچەوسێتەوە و بێڕیزی پێ دەکرێ. بەتایبەت ئەگە ئەو سووکایەتی و بێڕێزییانە لەلایەن چینی هەڵبژاردەی کۆمەڵگە ئاگاهانە بکرێ و بە نییەتی شکاندنی نەتەوەیەک بێ، لە نەستی لایەنی بەرامبەر سەربەخۆیی خوازی وەک تاقە ڕێگای دوور کەوتنەوە لەم کێشانە دەبێتە پرسێکی تایبەت و کار بۆ جودا بوونەوە لەم نەریتە نەشیاوە دەکرێتەوە بۆ بەرگری کردن لە شوناسی خۆی.

هێرش بردنە سەر ئێلیمان و هێما نەتەوەییەکان، بێڕێزی بە کەسایەتییە سیاسی، ئەدەبی، مێژوویی، زمانی و.... بە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە جۆرێک نەخۆشیی کۆمەڵایەتییە کە حکوومەتەکان بەستێنیان بۆ خۆش دەکەن و پەرەیان پێ دەدەن.

وەک چۆن لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پەهلەوی بە قەڵەمی کەسانی وەک ڕەشید یاسەمی و لەسەردەمی ڕێژیمی ئیسلامییش شەفیعی کەدکەنی زمانی کوردی وەک دەستەخوشک و زاراوەی "گەڕەک" (محلی) ناو دێنن و هەوێتیی کورد بە مێژووی پڕ لە قۆپی و تەزویری و چەواشەکراوی خۆیان دەبەستنەوە. یان کاتێک کەسانێک فێر دەکەن کە گۆڕی مامڵێ لە مهاباد بشێوێنن، وێنەی تابلۆی مەولەوی لە سەقز ئاگر تێبەردەن، کۆتەڵی ماموستا هەژار بسووتێنن، یان بێڕێزی بە زمان، کولتوور و جلوبەرگی کوردی بکەن؛ ئەمانە بێڕێزی و سووکایەتی شەبەنگێکی باڵادەستە کە بە زانیارییەوە هەوڵی ئەو شکاندنە دەدا.

کاتێک باس لە "ئێمە" و "کۆمەڵگە" دەکرێ پرسی "هەوێتی"(شوناس، پێناسە) دێتە گۆڕ. سنووری نێوان "ئێمە" و "دیتران" بە هێڵی هەوێتی خۆیا دەبێ. توێژینەوەی شوناسی نەتەوەیی یەکێک لەو مژارانەیە کە گرینگی دیرۆکی و کۆمەڵناسانەی هەیە. گرینگیی دیرۆکی بەو ئاقارەدایە کە، ئەم دیاردەیە لە ئاکام تێپەڕینی زەمەن لەنێو کۆمەڵگەدا شەقڵی گرتووە و لە یاریی نێوان ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان گووراوە. هەر شوناسێک کە ئەمڕۆ لەکۆمەڵگە و لەنێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا وێنا دەبێ لە ڕەوتە مێژووییەکانی سەردەمە جۆراوجۆرەکان وەرگیراوە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە شوناسی نەتەوەیی بۆیە بایەخ و گرنگایەتی هەیە کە یەکێک لە هۆکارە هەرە بەرچاوەکانی بایەخدان بە سامانە نەتەوایەتییەکان، یەکێتی کۆمەڵگە و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە هەر کۆمەڵگەیەک پێناسە دەکرێ. هەر نەتەوەیەک بەو ڕادەیە لە شوناسێکی پتەو و ڕاوەستاوتر گەیشتبن بەو ڕادەیە یەکیەتیی و کۆڵەکەکانی یەکگرتوویی و هاوپەیمانی کۆمەڵایەتیان سەرکەوتووتر دەبێ.

ئەوە لە حاڵێکدایە، کوردستانی ڕۆژهەڵات دەگەڵ ئەوەیکە زیندووترین و مێژووییترین ڕێکخراوە سیاسییەکانی تێدا هەڵکەتووە بەڵام هیچکات ئیزنی بە ناسیۆنالیزمێکی دەمارگرژانەی وێرانکەر نەداوە ببێتە وێژمان، یان بێڕێزیی بە کەسایەتی و زمان و مێژوو و کولتووری هیچ نەتەوەیەکی نەکردووەتە دەستووری کار. کورد لە ڕۆژهەڵات بەجۆرێک ناسیۆنالیزمێکی دێموکراتیک و مرۆڤتەوەری ڕەچاو کردووە.

ئەوەش شایانی گوتنە کە "سەربەخۆییخوازیی" و "جیاییخوازی" دوو چەمکی لێک جیاوازن. سەربەخۆییخوازیی بە ڕوانینی سیاسی تێکۆشانێکە بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی نەتەوەیی کە لەژێر دەستی داگیرکەردایە و گەلەکەی دەچەوسێتەوە. بەڵام جیاییخوازی بە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی بریتییە لە وازهێنانی گرووپێک لە دامەزراوەیەکی مەزنتر یان حیزبێک یان حکوومەتێک بە قەولی "ئالێن بوچانان" جۆرێک تەڵاقی سیاسی وەرگرتنە لە حکوومەتێکی دیکە کە ئەمە هەوڵدانە بۆ جیاکردنەوە و دابەشکردنی وڵاتێک کە داگیر نەکراوە و خەڵکەکەشی ناچەوسێندرێتەوە. سەربەخۆیی خوازی لە ئاستی نێودەوڵەتی و بەپێی یاسا نێونەتەوەییەکان دەچێتە قەوارەی مافی دیاریکردنی چارەنووس و ڕەوایی پێ بەخشراوە، بەڵام جیاییخوازی نەک هەر ڕەوایی پێ نەدراوە بەڵکوو بە دەستتێوەردان لە خاکی وڵاتێک دادەنرێ و سەرکوتیش دەکرێ.



***

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# تۆ بڵێی «نیسکاو»

# باشترین درمانی کۆرۆنا بێت؟

بیسمیهی تەعالا. جاری جاران و ئێستاشی لەگەڵ دابێ، لەبەر ئەوەی "بەناوی خوای بەخشندە و مێهرەبان" بە زمانی عارەبان زۆر لەم ڕستەیە بە زمانی فارس و کوردان و زمانانی دیکە پیرۆزترە، ئێمە هەرگیز لەسەر نامە و داواکاری بۆ دەوڵەت و ئەملاوئەولا ڕستە عەرەبییەکە نانووسین. دیارە لە ئێرانی خۆمان ئەو ئێرانەی دۆست و دوژمن دەڵێن ئێمەی کورد خاونی سەرەکیین، نووسین بە زمانی کوردی باو نییە و نامە و مامە هەر بە فارسی دەنووسرێن و جا بە ناچاری "بیسمیهی تەعالا" بۆ دەستپێکی نامان زۆر باشترە. مەبەستی ئێمە ئەوەیە ئەم بیسمیهی تەعالایە بکەوێتە نێو قوڕ و چڵپاویش کێشە ناخولقێنێ بە هۆیەوە گوناهبار نابین.

جا ئەمجار نامەکەم دەست پێدکەم:

بیسمیهی تەعالا

وێڕای سڵاو بۆ ڕوحی پاک و بێگەردی ئەو ڕێبەرە مەزنەی چەند ساڵ لەمەوبەر لە پێناو کۆتاییهێنان بە ئەو جەنگە هەشتساڵەیەی خۆی هۆکاری دەستپێکردنی بوو، جامی ژەهری نۆش فەرموو. هەروەها دروودی بێپایان بۆ بەڕێوەبەرانی دز و جەردەی گیانبەکەفی حەمامکردنی بەر لە نوێژی دوژمنشکێنی تاران بە ئیمامەتی سەید ئەحمەدە شێتەی خاتەمی و هیوای تەمەنی درێژی بۆ سۆفی عەلی و هاوڕێیانی دەمهەوێ سەبارەت بە "نیسکاو"ی بەرگریکردن کۆرۆنا چەند پرسیارێک بکەم و هیوادارم مەراجعی "زیڕەبت" بە هەموو کەیفی خۆیان وڵامم بدەنەوە.

پرسیاری یەکەم: بەپێی کام فتوا و کێهە بەڵگە و چ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو زانراوە واکسینی فایزێر و ئاسترازنکا و جانسۆن ئەند جانسۆن مەترسیدارن و نابێ هاووڵاتیانی ئێرانی ئەم ڤاکیسنانە لە خۆیان بدەن؟

پرسیاری دووهەم: بە کام بەڵگەی چین و ماچین زانراوە کۆرۆنا مەترسییەکی وا نییە و یەک دوو ڕۆژی دیکە کۆتایی دێ؟

پرسیاری سێهەم: ئەرێ سۆفی عەلی ئەو کاتەی ئیزنی نەدەدا واکسینی ئەمریکایی و ئورووپایی بێتە نێو ئێران خۆی چ "نیسکاو"ێکی لە خۆی دا؟

پرسیاری پێنجەم: چۆن بوو سۆفی عەلی گوتی نیەتمە ناماقووڵیم کرد و ئەوەندەی پێتان دەکرێ واکسینی ئیستکباری زل و بچووک و دوور و نزیک بکڕن و ئەم خەڵکە لەم وایرۆسە مەترسیدارە ڕزگار بکەن.

پرسیاری سەر هەموو پرسیاران: ئەرێ ئەو کابرا عرووسە بۆچی وێنەی خۆی و باڵیۆزی بریتانیای ڕێک لەو شوێنە گرتبوو کە سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەم سێ سەرۆکی بریتانیا و ئەمریکا و ڕووسیە کاتی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی بۆ دابەشکردنی ئێران گرتبوویان؟

پرسیارێکی خۆمانە: ئەرێ بۆچی کاک عەلی موتەهەری کوڕی مورتەزا موتەهەری دەڵێ کۆمارەکەیان کەوتووەتە دەست چین و ڕووسیە؟

دەڵێن لە لێکدانەوەی سیاسیدا، هەموو بوویەر و ڕووداوی دوور و نزیک پێوەندییان بەیەکەوە هەیە و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

وەک سیاسەتمەداری لە ئێمە شارەزاتر دەڵێن، بۆ تەواوکردنی ئەم پازێڵەی دڵخوازی خۆمان، ناچارین باسێک لە "نیسکاو" بکەین.

وەک زۆربەی ئێوە دەزانن، نیسکاو" لە دوو وشەی "نیسک" و "ئاو" پێکهاتووە. نابێ لێتان تێک بچێ نیسکاو هەمان "نیسکێنە" نییە. نیسکێنە جگە لە نیسک و ئاو کۆمەڵێک پێکاتەی وەک خوێ و چەوری و بیبار و زەردەچێوە و "مەردە"چێوە و شتی وای تێدایە. بەڵام نیسکاو تەنیا نیسک و ئاوی بێ ڕۆن و خوێ و بیبار و زەردەچێوە و مەردەچێوەیە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی چەند کاتژمێر لەمەوبەر بڵاو کراونەتەوە، لە ئێران لەچاو ئەو وڵاتانەی دیکە کە خەڵکەکەی واکسینی کۆرۆنایان لە خۆیان داوە، بە ڕێژەی چەند ئەوەندە خەڵک بە نەخۆشیی کۆرۆنا مردوون. یانی ئەوانەی لە وڵاتان واکسینیان لە خۆیان داوە، بە ڕێژەی زۆر کەمتر لەوانەی لە ئێران واکسینیان لە خۆیان داوە، بە نەخۆشیی کۆرۆنا مردوون.

بە تایبەت واکسینی چینی و ڕووسی و ئەو واکسینە بەرەکەت و مەرەکەتەی ئێران خۆی دروستیان دەکا، واباشە ناویان پێچەوانە لە ئاخرەوە پیت بە پیت بخوێندرێتەوە. واتە "نیسکاو"

ئەنجامی کۆمەڵایەتی: "کۆمەڵ-گا" زۆر گوێ ناداتە ئەنجامی کاریگەریی "واکسین و "نیسکاو" لای خۆی و ئەوی بیری لێناکاتەوە پەتا و نەخۆشییە.

تێبینی بۆ ئەنجامی کۆمەڵایەتی: دو وشەی تێکەڵاوی "کۆمەڵگا" و "کۆمەڵ_گا" لە بواری داڕشتن و ماناوە بە قەرایی ماڵی "سەرۆک" و ماڵی "بنۆک"ان لەیەکتر دوورن.

ئەنجامی سیاسی: سیاسەتیش وەک هەموو شتێکی "تراو" شل و توند و پەیت و ناپەیت و ڕێک و ناڕێکیی هەیە. سیاسەتی کۆرنا و واکسینیش وایە و لە نێوان شلشل و توندتوند واتە "شل شل و "پەیتپەیت"ەکەی دا لە بەرزی و نزمیدایە. بو وێنە دەکرێ بڵێین "کۆرنا هیچ نییت"، "کۆرۆنا درۆیە"، "کۆرۆنا مەترسیدارە"، "هەوڵ بدەن بە نیسکاوی خۆمان کرۆنا چارەسەر بکەین"، "واکسینی دوژمن مەکڕن" و "بۆ دابینکردنی واکسین پەنا بەرنە بەر دوژمنان".


تێبنی بۆ ئەنجامی سیاسی: بە ڕێشی پانە و شۆڕەوە لە پیک و ماپیک دەدا.

ئەنجامی ئابووری: لەبەر ئەوەی لە سەتا نەوەتی خەڵکی نێوخۆ ئەگەر دژی دەسەڵاتیش نەوستنەوە ڕقیان لێیەتی، هەتا زیاتر بە کوڕۆنا بمرن باشترە.

تێبینی بۆ ئەنجامی ئابووری: ئەگەر خەڵکێکی زۆر لە نێوخۆ بە کۆرۆنا بمرن، ئەوانی دیکە لە ترسی لەیەکترگرتنەوە کەمتر بۆ خۆپێشاندان و مۆپێشاندان دژی مەقامان دێنە شەقامان و پێداویستیی نێوخۆش بە پارە و مارە و تفەنگی ساچمەزەن و ماشێنی و ئاوڕشێن و گازی فرمێسکڕێژ کەم دەبێتە و یارمەتیی زیاتر دەدرێتە حیزبوڵڵا و حەشد و مەشد و حوسی و مووسی و ئەوانی دیکە.

کوردستان
ژمارە ٨٠٥
٣١ی گەلاوێژی ١٤٠٠ _ ٢٢ی ئاگوستی ٢٠٢١

## وانەی ئەفغانستان



د.کامران ئەمین ئاوە

بە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و وڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئورووپا لە دەیەی ٩٠ی سەدەی ڕابردوو، بەرەی چەپ و عەدالەتخوازی سۆسیالیستی لە ئاستی جیهاندا تووشی قەیران و شکستێکی مێژوویی بەڵام کاتیی هات. ئەم ڕەوتە بوو بە هۆی سەرهەڵدانی جیهانێکی یەک جەمسەری و چۆپیکێشانی بەرەی ڕاست و، گۆڕانی قیبلەی تەنانەت بەشێک لەوانەی خۆیان بە چەپ دەزانی بەرەو واشنگتۆن و، هێنانەگۆڕێی ئەم بیرۆکەیە کە تەنیا بە یارمەتیی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی دەکرێ کورد لە بەشە دابەشکراوەکانی نیشتمانەکەی لە ئاوات و ئامانجەکانی نزیک بێتەوە.

ڕووداوەکانی عێراق، ڕووخانی حکوومەتی سەدام و، دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بیرۆکەیەی بەهێزتر کرد، بەڵام مخابن لە درێژخایەندا ڕوو لە واشنگتۆن کردن ئاکامێکی وەهای بۆ کورد بە گشتی نەبوو. پەیتا پەیتا سەهۆڵی هیوابەستن بە ئەمریکا و ڕۆژاوا لای زۆربەی ئەوانەی بەوان هیوادار بوون، لە ئاکامی پشتیوانی‌نەکردنی ئەمریکا و ئورووپا لە سەربەخۆیی باشوری کوردستان، پشت‌کردنیان لە کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕێگەدان بە تورکیە بۆ داگیرکردنی عەفرین و بەشێک لە خاکی ڕۆژئاوا، هەروەها بێ‌دەنگییان لەبەرامبەر تاوان و جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران بەرامبەر بە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کارەسات‌گەلی وەکوو مووشەک‌بارانی قەڵای دێموکرات، تێرۆری کادر و ئەندامانی حیزبە کوردستانییەکان و بەهێند نەگرتنی کێشەی کورد لەو بەشەی کوردستان، توایەوە.

سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە پشتی بە پشتیوانیی ئەمریکا گەرم بوو، پێی‌وابوو بەپێی پێوەندیی دۆستانەیان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕۆڵی قارەمانەی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعش‌دا، ئەوان پشتیوانی لە ڕەوتی سەربەخۆیی کورد دەکەن. هیوایەک کە تەبایی لەگەڵ سیاسەتی ژئۆپۆلیتیکی ئەو وڵاتانە نەبوو و، لەدەستدانی پتر لە سەتا ٥٠ی خاکی باشووری کوردستان و بە تایبەتی شاری ستراتێژیکی کەرکووکی لێ کەوتەوە.

کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش وێرای نەخشی بێ‌وێنەیان لە ڕەوتی تێکشکاندنی داعش و خوڵقاندنی حەماسەگەلی گەورە لە کۆبانێیەوە هەتا ڕەقە، هەمبەر بە هێرشی دڕندانەی سپای داگیرکەری تورکیە بێ‌پشتیوان مانەوە؛ شار و گوندەکانی ئەو بەشەی کوردستان بە دەست سپای تورک و هێزی بەکرێگیراوی سووریە تاڵان کران و، وێرای سووکایەتی‌کران بە ژن و منداڵی کورد، لە مەدرەسەکانی بەشە داگیرکراوەکەی ڕۆژئاوای کوردستان، ئاڵای تورکیە هەڵکرا و ڕۆڵەی کورد ناچار بە خوێندنی وانە بە زمانی تورکی کرا. لەم نێوەدا بۆ سەرۆک‌کۆماری ئەوکاتەی ئەمریکا واتە ترامپ تەنیا بەرگری لە چاڵە نەوتەکان گرینگ بوو و شەڕی کورد و تورک وەکوو کایەیەکی منداڵانەی مێژوویی و درێژخایەن سەیر کرا.

ئەم ڕۆژانەش شایەتی دووبارەبوونەوەی ڕووداوە تاڵەکانی ئەفغانستان پاش پشت‌چۆڵکردنی خەڵکی ئەو وڵاتە لە لایەن ئەمریکا و وڵاتە هاوپەیمانەکان و ساتوسەودایان لەگەڵ تاڵبانین. تاڵبان شار بە شار و گوند بە گوندی ئەم وڵاتە دەگرێ، ڕوحم بە گەورە و بچووک ناکا، هەرکەسی وەدەست دەکەوێ بەپێی بیرۆکەی کۆنەپەرستانە و دواکەوتووانەی ئایینیی خۆی قەتڵوعامی دەکا. ئەم ڕووداوانە دەیسەلمێنن پشتبەستن بە پشتیوانیی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، خەیاڵێکی چەوت و خاوە و، ئاکامێکی ئەرێنی لێ ناکەوێتەوە. هێزی نیوخۆیی کاتێک لە کاتی دەسەڵاتداریی خۆیدا نەتوانێ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگە پێک‌بهێنێ؛ ئاسایش، دێموکراسی، دادپەروەری و خۆش‌بژیویی دابین بکا؛ کاتێک نەتوانێ پێش بە گەندەڵی بگرێ و سیستمێکی ئەمڕۆیی بە دوور لە کاریگەری سەرۆک خێڵە حیزبی و ناحیزبییەکان و بیروهزری وەدواکەوتووی عەشیرەیی دابین بکا؛ کاتێک نەتوانێ ئایین و شەریعەت لە دەوڵەت و سیستمی پەروەردە جیا بکاتەوە؛ کاتێک نەتوانێ یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەدا دابین بکا و کەلێنی چینایەتی کەم بکاتە و سەرمایەی ئەو وڵاتە بۆ چاکسازی و گەشەسەندنی باری ئابووری و فەرهەنگیی وڵاتەکەی تەرخان بکا؛ کاتێک داهات و سەرمایەی وڵاتەکەی نەک بۆ خزمەتی پەرەپێدانی کار و پیشەسازی، دروست‌کردنی فابریک و ڕێگای هاتوچۆ، بیمەی گشتی و مافی بێکاری بەڵکوو بۆ خزمەتی ئەوانە بێ کە بە هۆی دەسەڵاتداری، خەریکی ڕاووڕووتن و گیرفانی خۆیان و حیسابە بانکییەکانیان لە دەرەوەی وڵات پڕ دەکەن و خوێنی هەزاران گیان‌بەختکردووی ڕێگای ئازادی و سەربەستیی وڵاتەکەیان بە ڕاحەتی بەفیڕۆ دەدەن و چارەنووسی وڵاتەکەیان بە بڕیاری دەوڵەتەکانی ئەمریکا، ئورووپا، هەروەها دراوسێیەکانیان گرێ دەدەن، هەر ئەوەیان بەسەر دێ، کە بەسەر دەوڵەتی ئەفغانستان هات.

هیچ کاتێک بۆ فێربوون لە ڕووداوەکانی مێژوو درەنگ نییە. هێگێل فیلسووفی ئاڵمانی دەڵێ: «تا ئێستا هیچ کەس، هیچ کات شتێک لە مێژوو فێر نەبووە». ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەوە لەم ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە مێژوو مرۆڤ فێری چەند وانەیەکی بەکەلک و ژیرانە دەکا و پێویستە ئینسان لە مێژوو دەرس وەر بگرێ، ئەنجامە بەکەلکەکانی هەڵێنجێ و بەلانی کەم هەڵەی پێشینیان دووپات نەکاتەوە. لێرەدا ئیدی خەتاکە نەک بۆ دەرسەکانی مێژوو، بەڵکوو بۆ نەبوونی بڕشت و لێهاتوویی بۆ فێربوونی ئەم وانانە دەگەڕێتەوە.»(١)

***

١) تاریخ کردستان، مؤلفان لازایف، محوی و دیگران. نتیجه‌گیری ص ٣٠٨ ترجمه منصور صدقی و کامران امین آوه، چاپ اول ٢٠٠٧، آلمان

# زۆر لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی شۆڕشگێڕ پێکەوە لە نەمر گادانی‌دا کۆ ببوونەوە

**(پوختەی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لە کۆڕیادی نەمر جەلیل گادانی‌دا)**



**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**کادرەکان، ئەندامان و پێشمەرگەکان و هەروەها بنەماڵەی بەڕێزی کاک جەلیل گادانی!**

ئەورۆ کۆبووینەتەوە بۆ یادی یەکساڵەی کاک جەلیل گادانی. ساڵی پار کاتێک ڕێبەریی حیزب بە ڕاگەیەندراوێک هەواڵی کۆچی دوایی کاک جەلیلی ڕاگەیاند، دەقیقەن ئەو وەختیش گوتی کە ئێمە ئارەزوومان دەکرد لە هەنگاوی یەکەمدا، کاک جەلیل تەمەنی درێژتر بوایە و ئەو ڕۆژەمان نەدیتبا. ڕاستە مەرگ سروشتییە، بەڵام مەرگی کاک جەلیل لەو مەرگانەیە کە زۆر قسە هەڵدەگرێ. بۆ؟ چونکی کاک جەلیل لە تەمەنی ١٣-١٢ ساڵیەوە لەگەڵ حیزبی دێموکرات بووە. بۆیە بەسەرهاتی کاک جەلیل بۆخۆی بە جۆرێک ئاوێنەیەکی گچکەی مێژووی حیزبی دێموکراتە و هەڵی دەگرت ئێمە توانیبامان ڕێوڕەسمێکی بەربەرین، بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب، هەروەها دۆستانی کاک جەلیل پێک بێنین. بەداخەوە ئەو قەولە کە ساڵی پار دامان، تەبیعەتەن بەهۆی دۆخی کۆڕۆنا و لەبەرچاوگرتنی هێندێک فاکتەری ئەمنییەتی، دیسان ئەو ساڵیش بەوجۆرە بۆمان جێبەجێ نەبوو. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە دەفتەری سیاسیی حیزب بڕیاری دا کە دەبێ کۆبوونەوەیەکی خۆماڵیمان هەبێ و لەو کۆبوونەوەیەدا یادی کاک جەلیل بکەینەوە.



قسە لەسەر کەسایەتیی کاک جەلیل زۆر هەڵدەگرێ، کەسێک کە پتر لە حەوت دەیە لە تەمەنی ٨٧ ساڵەی خۆی لە خەبات و تێکۆشاندا بووبێ، لاپەڕەیەکی یەکجار زۆری هەیە کە ئەو لاپەڕانە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە بۆ هەڵدانەوە دەبن. ئێمە قسە لەسەر کەسێک دەکەین کە لە ١٣-١٢ ساڵی و لە لووتکەدا ڕێبازی خۆی دیاری کرد. لووتکەکە چی بوو! کۆماری کوردستان بوو کە تازە دامەزرابوو. حکوومەتی کوردی بوو، دامەزراوەی حکوومەتی کوردی بوو. سەرۆک‌کۆماری هەبوو، ئەنجومەنی وەزیرانی هەبوو. بە دنیایەک هیوا و ئومێدەوە لەنێو خەڵکدا بەرەو ئەوە دەڕۆیشت، کە ئەو کۆمارە بنەمایەکی بەهێزی دامەزراوەیی بۆ کوردایەتی وەدی بێنێ. کاک جەلیل لەو کەشوهەوایەدا هاتە نێو کوردایەتی. کاک جەلیل بە ئێحساسی "سرودی ئەی ڕەقیب" بە گەورەیی سەرۆک‌کۆمار پێشەوا قازی محەممەد، بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، لەو کەشوهەوایەدا ئەو بنەمایە تەسویرێکی لە مێشکی کاک جەلیل‌دا دروست کرد کە ئەو تەسویرە، هەتا ڕۆژی مەرگی لە هەموو ئاسار و شوێنەواری ژیانیدا پێیەوە دیار بوو، بە واتایەکی دی کاریگەریی ئەو دورانە لەسەر کاک جەلیل زۆر بەهێز بوو.

کەسێک کە حیزبی دێموکراتی نەدیبێ و کاری لەنێودا نەکردبێ، ئەگەر چاو لە مێژوو و خەبات و تێکۆشانی ڕێبەرانی ئەو حیزبە، دوای پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و کەسایەتیەکانی دیکە بکا، دەزانێ کە مێژووی ئەو حیزبە چ بووە. بەڵام بە حوکمی تەمەنی دووروودرێژی کاک جەلیل ئەو لەو بوارەدا زۆری پێ بوو. ئەو لە تەمەنی لاوییەوە فێری کوردایەتیی بوو، و باشیش فێر بوو. چونکی هەموو جارێ کە گوێم دەدا بە وتووێژەکانی کاک جەلیل کە باسی کۆماری کوردستانی دەکرد، هێندە بە عەلاقە و بەخۆشی و هێندە بە حزووری زێهنێکی چالاک، هێندە بە ئاوات و ئارەزوو دەیگێڕایەوە هەر شیرین بوو گوێت لێ بێ و لێی فێر بێت. ئەو لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانیدا خۆی نەدەکرد بە قارەمان، بەڵام هەوڵی دەدا ڕۆڵی قارەمان بدا بە زۆرێک لە هاوڕێیانەی کە لە ژیانی حیزبایەتیدا کاریان لەگەڵ کردووە؛ بەتایبەت کە باسی ڕێبەرانی شەهیدی دەکرد، یان ئەو کادرانەی کە لە کاروباری حیزبایەتیدا زۆر هەڵسووڕاون.

خەبات و تێکۆشانی کاک جەلیل ئەگەر بڵێم لە لوتکەوە دەستی پێ کرد، دوای هەوراز و نشێوەکانی ژیانی حیزبی دێموکرات بەردەوام لەگەڵی هاتووە، لە زیندان، لە دەربەدەری، لە باشووری کوردستان و لە بواری تەشکیلاتی و لە بواری بەدواداچوون و لە بواری مێژوویی و لە بواری نووسین و لە بواری کار و لە هەموو بوارێکدا، بەشێکی زۆر لە ئێوە زۆر لە من باشتری پێ دەزانن. تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی شۆڕشگێڕ زۆربەیان پێکەوە لە کاک جەلیل‌دا کۆ ببوونەوە. ئەو کەسێکی بە پوشتکار و ماندوویی‌نەناس بوو، لەوانە گرینگتر هەتا خودا حەز دەکا کەسێکی خاکی و خۆماڵی و بێ‌ئیدعا بوو. کاک جەلیل بە لوتکەی بەرزی حیزبایەتی گەیشت. لە ئەندامی ڕێبەری و دەفتەری سیاسی و هەتا دەورانێک سکرتێری حیزبی دێموکرات بوو، بەڵام لە هەستان و دانیشتنی ڕۆژانەدا هەرگیز ئەوانە نەدەبوو بە هۆی ئەوەی کە بە تەبیعەتی مەوقەعییەتی تەعامول لەگەڵ دەورووبەری بکا. ئەو هەروا ئینسانێکی سادە و خاکی بوو. نوقتەی بەقوەتی کاک جەلیل، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی بوو. چۆنیەتیی ڕەعایەت‌کردن و ڕەچاوکردنی بارودۆخی خەڵک، لەگەڵ هاوڕێیاندا بوون، لەگەڵ بنەماڵەکان و لەگەڵ ماڵ و منداڵ و لەگەڵ هەموویان و لە ڕۆژە خۆش و ناخۆشەکاندا مانەوە لەگەڵیان. کاک جەلیل بۆ ئەوە نموونەیەکی زۆر بەرز بوو. دەبا زۆر شتی لێ فێربووبایەن و ئێستاش سەرمەشقێکە کە دەبێ زۆر شتی لێ فێر بین.

کاک جەلیل لە کاروباری حیزبایەتیدا زۆر ماندوویی‌نەناس بوو. هەتا دەهاتە لای خۆم، یان من بە خزمەتی دەگەیشتم قسەکانی هەرگیز نسیحەت نەبوو، بەڵکوو هاندەر بوو بۆ ئەوەی کە ئینسان چەندە تێ بکۆشی و کار بکا. ئەرێ ئەو کارەتان بۆ نەکردووە؟ ئەوەتان بۆ لەبیر چووە؟ ئەوەتان بۆ نەکرد؟ بۆ لە فلان شوێن نەبووم؟ بە نیسبەت فلان شت چیتان کرد؟ هەمیشە گوزارشی لێت دەویستەوە. بەڵام کە گوزارشتی لێت دەویستەوە نەک وەکوو کەسێک کە ڕێبەرە و تۆ دەبێ گوزارشتی پێ بدیەوە، وەکوو کەسێک کە ئەزموون و ژیان و ڕابردووی لە حیزبی دێموکرات هەبوو، دەیزانی ئەو حیزبە بە چی پێ گەیشتووە هەتا ئێرە. دەیزانی ئەو حیزبە چەندە خەڵکی لەگەڵدایە و، دەیزانی بۆ ئەوەی کە ئەو حیزبە باش بچێتە پێشێ دەبێ لێپرسینەوە لەنێو ئەو حیزبەدا پەرە بستێنێ. ئەو بەرامبەر بە ڕابردووی ئەو حیزبە، هەستی بەرپرسیاییەتی دەکرد و بۆ داهاتووەکەی بەخەم بوو.

کاک جەلیل ئەگەر دەهاتە کار و بەرپرسایەتی، لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدا، دڵنیام ئەگەر هەر کارێکمان پێ سپاردبوایە نەیدەگوت نا. هێندە لەو بابەتەوە ئامادە بوو بۆ حیزبەکەی بەرپرسایەتیی بە دەستەوە بگرێ. زۆرجار لە کۆنفرانسەکان و کۆبوونەوەکان و کۆنگرەکاندا کە دێتە سەر باسی کار، کێ کار دەکا، کێ کار وەرناگرێ، کێ چ کارێک دەکا، لەو بوارەدا ئەگەر مەوزووعێک دەهاتە گۆڕێ، دەیگوت جا کاکە گیان ئەگەر ئێوە نەیکەن من بۆخۆم دەیکەم. ئەوەی کە دەیگوت بۆ خۆم دەیکەم لەو تەمەنەدا، ئەرکی سەرشانی بۆ ئێمە دروست دەکرد و، ئەوە پەیامێکی زۆر باش بوو. ئەوە زۆر باش بوو کەسێکی وامان بە دەورەوە بوو کە لەو تەمەنەدا لەجیاتی بۆڵەبۆڵ هەمیشە هانت دەدا. ئەو لەپێناو ئامانجەکانی و ئامانجی حیزبەکەیدا، هەمیشە حازر بە کار بوو.

کاک جەلیل هەروەک ئاماژەم پێ کرد، لە لوتکەوە دەستی پێ کرد. لە لوتکەی تەمەنی تێکۆشانی خۆشیدا تەواوی کرد. کاک جەلیل لە دەورانێکدا کۆچی دوایی کرد و ڕیزەکانی ئێمەی بەجێ هێشت، لوتکەی شعووری کوردایەتیی لە کوردستانی ئێران، لوتکەی گەشەی سیاسی و هەروەها ڕادەی ڕێبوارانی حیزبی دێموکرات و ڕێگاکەی کاک جەلیل هەزاران و هەزاران و هەزارانە. جا ئەگەر وایە کار و تێکۆشانی کاک جەلیل و هاوڕێیانی، لە حیزبی دێموکرات‌دا، بەهرە و نەتیجەی داوە، خەڵکێکی زۆریان پەروردە کردووە، ئەوە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی شەهیدی ئێمە و، کەسایەتیی ڕێبەرانمان وەک کاک جەلیل و ئەو کەساتییانەیە کە ئێستا لەنێوماندا و لە حاڵی حەیات‌دان.

ئەگەر کاک جەلیل لە مەهاباد و لە کۆماری کوردستان دەستی پێ کرد، کە دەسەڵاتەکەی و ڕادەی وشیاری و کوردایەتییەکە بە هەر هۆیەک بوو بەرتەسک و سنووردار بە ناوچەیەک بوو، کاک جەلیل لە کاتێکدا ماڵئاوایی لێ کردین کە هەست و ئێحساسی کوردایەتی و شعووری کوردایەتی و بەدواداچوون لەپێناو مافەکانماندا، هەموو شوێنەکانی کوردستانی ئێران هەتا خوارەوەی ئیلامی گرتۆتەوە. ئەوەش نەتیجەی کار و خەبات و تێکۆشانی کاک جەلیل و هاوڕێکانیەتی.

لە کۆتاییدا یادی کاک جەلیل هەر بەرز و پیرۆز بێ، ڕووحی شاد بێ، جێگای خۆیەتی بەو بۆنەیەوە، چون زۆر جار کاک جەلیل، لەگەڵ من دادەنیشت، من لە خزمەتیدا بووم و لێم دەپرسی، زۆر بە عەلاقەوە ناوی زۆر کەسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێنا کە هاوتەمەنی خۆی بوون یان تەمەنیان بڕێک کەمتر بوون دەیگوت: "کاکە گیان لێیان بپرسنەوە". ئەوانە بە قەولی کاک جەلیل سەربازە گومناوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن، لەنێوخۆی وڵات کە بەشێک لەوانە، ئیمکانی ئەوەیان بۆ نەڕەخسا کە حیزبی دێموکرات لە کۆڕوکۆبوونەوەیەکدا قەدردانییان لێ بکا. بۆیە کاک جەلیل یادت بەخێر، هەتا لەگەڵمان دادنیشتی هەمیشە پێت دەگوتین، تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات بەشێک لەو کادر و ئەندامانە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە هەتا ئێستا زەحمەتیان کێشاوە، لێرە نین و بوونیان نیە لەبیرتان نەچێتەوە. هەوڵ دەدین ئەوانمان لەبیر نەچێتەوە و، تۆشمان لەبیر ناچێتەوە.

# لە «برایم‌خان نادری»یەوە هەتا «مووسا باباخانی»



بیژەن قارەمانی

**مووسا وەک پێشمەرگەی شاخ پەنا و پشتیوانی شار بوو، دەستێکی چەک بوو دەستێکی قەڵەم، دوژمن نە چاوی دیتنی قەناسەی سەرشانی هەبوو، نە قەڵەمی بەبڕشتی دەستی و نە سیمای پڕ لە سیحر و جوانیی کوردانەی. بەحەق "مووسا خان" هەمان جێگەی "برایم خان"ی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەبوو. هەر بۆیەش دێوجامەیان بۆ ڕاخست و بە دەستی غەدر و تاوان لە بزووتنەوەی کوردیان ستاند**

کرماشان هەر بە کولتوور، هونەر، زمان، شێعر و گۆرانی سەلمێنەری کوردبوون و کوردستانی بوون نییە؛ ئەم دەڤەرە بە خاک و خەڵکەوە ناسنامەی کوردی لەسەر تاپۆ کراوە و مێژوو شاهیدی بۆ دەدا کە ناسنامەی کوردی لە گاشەبەردکانی هەڵکەندراوە و ناسیۆناڵیزم ڕەگ و ڕیشەی تێدا داکوتاوە و ئێتر ئەو کاروانە سەرەتایەکە بێکۆتایی .

لە سەردەمی دروستبوونی یەکەم بزاڤی مۆدێرن و ناسیونالیزمی کوردی [کۆمەڵە ژکاف] کە لە مەهاباد دادەمەزرێ، میرزا برایم نادری «برایمخان» پێوەندیی ڕاستەوخۆ بە کۆمەڵەی ژێکافەوە دەگرێ. ئەو وەک ناسیۆنالیستێک هەگبەی سەفەر دەکاتە سەر شانی و لە ناوچەی کرماشانەوە هەڵدەستێ و خۆ دەگەیەنێتە باخی میکائیلی مەهاباد و دەبێتە ئەندامی ژێکاڤ. لەگەڵ بیستنی هەواڵی ڕاگەیاندن و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی [کۆماری کوردستان] ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرێ و وێڕای کاک عەبدوڵڵا مودەبیر -کە پێشتر پێوەندییان لەگەڵ کۆمەڵەی ژێکاف هەبوو- لە کرماشانەوە خۆیان دەگەیننە مەهاباد و بەشداریی "جێژنی ئیستقلالی کوردستان" دەکەن. دواتر برایمخان بەکردەوە بوو بە یەک لە بەڕێوەبەرانی بەشی فەرهەنگیی حکوومەتی کۆماری کوردستان؛ بە جۆرێک کە لە ماوەی تەمەنی زێڕینی ١١ مانگەی کۆماردا جێپەنجەی بە کارە کولتوورییەکانی کۆمارەوە بە تەواوی دیار بوو.

بەداخەوە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان برایم خان و زۆربەی هەواڵانی ڕاپێچی زیندان کران و دوای دوو ساڵ کە لە زیندان ئازاد کرا، چارەنووس هەڵیداشتە دەرەوەی کوردستان و لە وڵاتی سووریە بە تەقەی سوپای ئەو وڵاتە گیانی لەدەست دا.

میرزا برایم نادری ناو و ناوبانگیکە کە بە باڵای مێژووی بزووتنەوەی کوردستان و کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانەوە تاپۆ کراوە. ئەگەر هەلومەرج ئەو دەرفەتەی نەدا بە کۆماری کوردستان لە ڕووی ڕووبەری جوغرافییەوە زیاتر پەل بهاوێ، بەڵام کۆمار بە بیر و هزری کوردانە و پێشکەوتووانەی ئەوسەردمیش سنووری هەر چوار پارچەی کوردستانی بەزاند و برایمخان بە کردەوە نوێنەری بەشێکی گەورەی کوردستان و گەورە شاری کرماشان بوو. بۆیە ئەو ناوە پاش نیزیک بە هەشتا ساڵ قەت لە بیر و یادەوەریی مێژوویی کورددا نەسڕایەوە و ئێستاش وەک ئەستێرە بە ئاسمانی کوردستانەوە دەدرەوشێتەوە. ئەو بوو بە ئۆلگوو بۆ نەوە لەدوای نەوە و هاوبیرانی "برایمخان" بیر و هزری کوردایەتیان لە کێڵگەی ئەو نیشتمانەدا بە جۆریک چاند کە بە هەزاران هەزار مرۆڤی خەباتکەری نیشتمانپەروریان لە داوینی خۆیاندا پێ گەیاند کە تێکڕا بە قەڵەم، بە چەک و بە بیروباوەڕ سەریان کردە پردەبازی ئازادیی نەتەوە و نیشتمانەکەیان.

**کاتێک خێڵی نەیارانی کورد بە هەموو تواناوە حەولی پاککردنەوەی ناسنامەی کوردستانی و کوردبوونی پارێزگای کرماشانیان دا و، ویستیان شوناسی بگۆڕن و، لە بزووتنەوەی کوردی دابڕن؛ میراتگرانی "برایمخان" وەخۆ کەوتنەوە و وەک کێوی بێستون لە بەرامبەریاندا ڕاوەستان**

ساڵ هات و ڕۆی. کورسیی دەسەڵات لە تاجبەسەرەکانی پەهلەوییەوە گەیشتە مەندیلبەسەرەکانی جەماران و لە سەربازەکانی کورشەوە گەیشتە "ئاخوند_پاسدار"ـەکانی کۆماری ئیسلامی. زمان هەمان زمان و سیاسەت هەمان سیاسەت و ڕەفتار لەگەڵ کوردان هەمان ڕەفتار. ئەوە بوو کە کاتێک خێڵی نەیارانی کورد بە هەموو تواناوە حەولی پاککردنەوەی ناسنامەی کوردستانی و کوردبوونی پارێزگای کرماشانیان دا و، ویستیان شوناسی بگۆڕن و، لە بزووتنەوەی کوردی دابڕن؛ میراتگرانی "برایمخان" وەخۆ کەوتنەوە و وەک کێوی بێستون لە بەرامبەریاندا ڕاوەستان. تەنانەت کەم نەبوون کەسانی ئایینی و نیشتمانپەروری وەک سەید تاهیر هاشمی و مەلا محەممەد ڕەبیعی کە بوون بە کۆڵەکەی کوردایەتی و پەیامی ئایین و بەها کولتوورییەکانی ئایینیان ئاوێتە و تێکەڵ بە بایەخەکانی نەتەوە و نیشتمان کرد.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ دارماندنی شکۆ و قەڵای میرانەی کرماشان چەندی هێنا و بردی بە زەبری چەک و سەرکوت هیچی بۆ نەکرا، بۆیە پیلانیان بۆ ئەوە دانا کە ئەو پارێزگایە بخەنە نێوان بەرداشی شەڕی مەزهەبی و تایفی و دابەشکردنی بەسەر شیعە و سوننی و یارسان و قەڵخانی و... . بەڵام خەڵکی کرماشان بە هەموو جۆراوجۆرییەکانەوە نەچوونە ژێرباری خواست و ویستی دەسەڵاتدارانی تاران و بەرەی خۆڕاگری و خەباتیان هەڵبژاردن و تیکەڵ بە کاروانی خەباتی نەتەوایەتی کوردستان بوون، خەباتێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتیی دەکرد و لەسەر ڕێچکەی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستان و بە ئیلهاموەرگرتن لە مێژووی کۆمار هەنگاوی دەنا.

لەم قۆناغەشدا زۆر ناوداری دیکەی پارێزگای کرماشانی هاتن و تەقڵی شۆڕش بوون و مێژوویەک لە سەروەرییان بۆ کوردایەتی و مافی نەتەوەیی تۆمار کرد، وەک: شاپوور فیروزی، سالار ئیبراهیمی، خەلیل زارعی [خلیل خەلبان]، عەبوو کەریمی و... . ئەوان بە بەخشینی ژیان و گیانیان خاوەندارییان لە شوناسی کوردبوونی کرماشان کرد و بیری نەتەوایەتییان بووژاندەوە. ئەوان وێڕای سەدان هاوڕێ و هاوسەنگەری دیکەیان گیانی شیرینیان کردە قوربانیی سەربەستیی ئەو نیشتمانە بۆوەی پێش بە ژێنۆسایدی کولتووری و هزریی کورد لە کرماشان بگرن و نەهێڵن پیلانی ڕێژیم بۆ گۆڕینی دێموگرافیی سیاسیی ئەو ناوچەیە سەرکەوتوو بێ. ئەو خەباتە نەتەوەیی و نیشتمانییە هەم شاری تەنییەوە هەم شاخی گرتە باوش و ئامانجەکانی کۆماری کوردستانی کردە سەرمشقی ڕێگای خەبات بۆ ئازادی و مافی چارەنووسی ڕۆژهەڵات .

ئەم کاروانە هەر دێ و بەڕێوەیە و ئەم خەباتەش لە شار و شاخ، لە ئەنجوومەنە ئەدەبی و ژینگەییەکان، لە ناوەندە پەروەردەیی و زانکۆکان لەسەر دەستی ڕووناکبیران و نووسەران و لاوانی کورد بەردەوامە. بەمجۆرە و لەو قۆناغەدایە کە لاوێکی تازەپێگەیشتوو و تێگەیشتووی کرماشانی -مووسا- دێتە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە. ئەو تازەلاو بوو کە تاوی دایە چەک و خۆی گوتەنی لە دژی ئەو زوڵمانە ڕا بوو کە دەسەڵات بە پلان و پلان لە دژی خەڵکی کرماشان دەیبردە پێشی. مووسا باباخانی بە هزری شۆڕشگێڕییەوە لەو ڕووداوانە دەڕوانێ و بەدوای چارەسەریک و ڕیگایەکدا دەگەڕێ هەتا پێناسە و ناسنامەی لێ ون نەبێ.



**هەر ئەو ڕێچکە و ڕێبازەی میرزا برایم نادریی لە کرماشانەوە تێکەڵ بە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان کردبوو و ئەوی کردە کاراکتەرێکی گرینگی بەشی کولتووریی کۆماری کوردستان؛ پاش حەوت دەیە "مووسا باباخانی"ـی کردە کاراکتێرێکی مەیدانیی ڕێکخستن و مێدیایی شۆڕشی کورد**

بیری لاوی و نیشتمانپارێزی سەری لە شاهو و داڵاهو و بێستون دەسوێ و حەماسەی هێزەکانی بیستون و شاهۆی کرماشان دەیخەنە سەر ڕاستە ڕێگای خەبات و بەمجۆرە بۆ خەبات لەپێناو ئازادیدا تێکەڵ بە کاروانی ناسیونالیزمی کوردی [حیزب دێموکرات] دەبێ. هەر ئەو ڕێچکە و ڕێبازەی میرزا برایم نادریی لە کرماشانەوە تێکەڵ بە کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان کردبوو و ئەوی کردە کاراکتەرێکی گرینگی بەشی کولتووریی کۆماری کوردستان؛ پاش حەوت دەیە "مووسا باباخانی"ی کردە کاراکتێرێکی مەیدانیی ڕێکخستن و مێدیایی شۆڕشی کورد.

مووسا باباخانی بە بڕینی زۆر پلە و پایەی تشکیلاتی تا ئاستی ڕێبەریی حیزبەکەی چووە پێش و لە ماوەی ٢٢ ساڵ پێشمەرگایەتی و خەباتی بێوچانیدا زۆر خزمەتی بەرچاوی کرد. هەر ئەو ئەرکوەخۆگری و تێکۆشانی ماندوویی‌نەناسانەیەش بوو کە مووسایان کردە سیمایکی دیار و هەڵکەوتوو لە هەیکەلی بزووتنەوەی کورددا.

مووسا وەک پێشمەرگەی شاخ پەنا و پشتیوانی شار بوو، دەستێکی چەک بوو دەستێکی قەڵەم، دوژمن نە چاوی دیتنی قەناسەی سەرشانی هەبوو، نە قەڵەمی بەبڕشتی دەستی و نە سیمای پڕ لە سیحر و جوانیی کوردانەی. بەحەق "مووسا خان" هەمان جێگەی "برایم خان"ی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا هەبوو. هەر بۆیەش دێوجامەیان بۆ ڕاخست و بە دەستی غەدر و تاوان لە بزووتنەوەی کوردیان ستاند. بەڵام کرماشان، زێدەکەی برایم خان و مووسا خان پڕە لەو ڕۆڵە خۆنەویستانە و نایەڵن ڕێبازی ئەو مرۆڤە شکۆمەندانە بێ ڕێبوار بمێنێتەوە. ئەو ئاڵایەی میرزا برایمخان نادری لە کۆماری کوردستان سویندی پێ خوارد، ٧٦ ساڵە لە هەموو ئەو نیشتمانەدا سوێندی پێ دەخورێ و بە تێرۆری مووسا باباخانی ناکەویتە سەر عەرز.

ڕاستە سوارێک گلا، بەڵام ئەو کاروانە هەر بەڕێوەیە...






ناسر سادقی

مرۆڤ کاتێک سەیری مێژوو یا ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانی خەباتی گەلی کورد بەتایبەت خەباتی ڕەوای پێشمەرگانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا، ئەوەی باوەڕی پێ دێنێ یا وەک نموونەیەک لە ڕقی پیرۆز سەرنجی ڕادەکێشێ، ئازایەتی و کڵپەی ئاگری ئەوین و هەستی پێشمەرگەیە کە بڵێسەئاسا شۆڕشی بەتینتر کردووە و قەت خۆی نەداوەتە دەست ترس و دوودڵی. سەروەت و سامانی دنیاش کۆت و بەندی نەکردووە و خۆی بە باوەڕ و ئیمان ئەسپاردووە. شەهید موسا باباخانی یەک لەو پێشمەرگانە بوو.

مووسای ئێمە یەک لەو کەسانە بوو کە دڵی، کانی خۆشەویستیی و ئاوێنەی باڵانوێنی خۆڕاگری و شکۆمەندی بوو. ئەو کەسەی چیرۆکی نیشتماندۆستی و پشوودرێژی لە ئەودا وەک بێستوون باڵای کرد، ئەو پێشمەرگەیەی هەتاوی عەشق بەگەلەکەی هەتا دەهات زیاتر لە باوەڕی دەر دەکەوت و گەشەی دەکرد. بۆ منێک کە ئەوندەی ڕێم دەکەوتە قەڵا و کۆری ئازیزان، ئەو یەک لەوانە بوو کە بە دیتنی ڕوحم لێوڕێژ دەبوو لە هەستی مەعنەوی و دیدەم پێی ڕوون دەبۆوە. کە گوێم لە زاراوە شیرین و دڵگرەکانی دەبوو و شیلە بزەکانیم دەدی، تەواو سوکناییم بە خۆی و هاوتەمەنە لاوەکانی دەهات و پشوویەکم دەهاتەوە و هیوام سەرلەنوێ دەپشکووتن.

بەڵام مەخابن خۆشییەکان بۆ ئێمەی کورد بە نرخی گران و دەسەندەیە و هەتا جارێک ئۆخژن لەدڵمان دەگەڕێ دەیان جار تامی تاڵی دابڕان و کۆڕی شین و ئۆغری یارانمانە. ١٧ی خەرمانان گەیشتبوویە. ئەوکاتەی لە قەڵای دێموکرات، دڵی پۆلێک لە شەهیدان لە سینگی هەڵو بەرزەکان لە بەرزترین شوێنی ئاسمانی نیشتمان کەوتنە فڕێن و سێبەریان ئاسمانی ڕۆژهەڵاتیشی تەنی، کۆمەڵێک لە هاوبیر و هاوسەنگەرانیش شەلاڵی خوێن وبرین بوون. هەواڵەکە ئەوەندە سامناک بوو نەمزانی ڕێگای هەولێر هەتا کۆیەم چۆن و بە چەند دەقە بڕی. سەرەتا ڕوو بە قەڵا ئاژوتمان و دوایە ملی ڕێگەی نەخۆشخانەمان گرت. هەتا لە دەرکی نەخۆشخانە نزیکتر دەبوومەوە هەستم دەکرد چرکەکانی تەمەن کەمتر دەبنەوە. وەک بەفری بەر هەتاو تەمەن و ڕوحم دەتوایەوە و دادەچۆڕێ. ڕۆژی ڕەش ئەو ڕۆژە بوو. یەکەم هەواڵ کە قورسایی و خەمێکی گرانی چزاندە دڵمەوە دیار نەمان و بزربوونی پۆلێک لەو شەهیدانە بوو کە سۆراخیان نەبوو، هەنگاکانم کزتر دەبوون سەیری بەردەکە و پەیژەکانم کرد هەمووی خوێن بوو، دەمزانی خوێنی ئازیزانمە، بەڵام خۆ ڕەنگی خوێنی هەموویان وەک یەک بوو.

وەژوور کەوتم چی ببینم! بۆ مەگەر دیدە دەتوانێ بە جارێک پۆلێک هەڵۆی باڵخوێناوی و تەواری بریندار ببینێ؟ هەر ناڵە بوو، هەر جەستە بوو لە دەیان لاوە دابێژرابوون. چۆڕاگەی خوێن شوێنی لەسەر هەموو کاشییەکانی زەوی بەجێ مابوو. خوێنی هەموویان هی یەک سەنگەر و بۆ یەک ڕێباز و یەک ئامانج و یەکڕەنگ بوو، سوور وەک ئاڵای کورستان.

نەمدەزانی سەر لە کامیان هەڵێنم و دەستی کامیان بگرم. ئەو خوشکانەی هەر لە پێ تا تەوقی سەر شەلاڵی خوێن و برین بوون، ئەو ژنانەی تۆرەمەی سەربەرزی نێو سەنگەر بوون، کەس تاقەتی نەبوو چاو لە برینەکانیان بکا. ئەو پێشمەرگانەی گرەویان لە سەر ئازادی بە زامەکانی خۆیان کردووە، هەموویان هەر نوکی مقەست و دەرزی لە جەستەیان ڕۆ دەچوو هەتا پریشک و ئاسن و پەلی لێ دەربێنن و برین و زامیان دەرمان کەن و زوو بێنەوە نێو سەنگەر، کۆڕ و کۆڕەوی خەبات چۆڵ نەبێ و دوژمن بە گەلیان خۆش نەبێ.

چاوم بە مووسا کەوت. وەک شێرێکی بریندار کە بە دەیان کەمتیار دەوریان دابێ و زامدار بووبێ، هەر هانکە هانکی بوو. پڕ بە جەستەی شێرانەی لرفەی دەهات شەپۆلی تەقینەوەکە و تەزووی کارەبا و ئەو بەرد ئاسن و پریشکانە کە بە سەریدا ڕووخابوون تووشی ئازارێکی لەڕادەبەدەر و حاڵەتێکی قورسی جەستەیی و تەنانەت دەروونییان کردبوو کە کەم کەس توانای خۆڕاگری و تاقەتی ئەو حاڵەتەی هەیە. لەگەڵ چەند کەس بە هەمووان دەست و لاقیمان دەگرت، بەڵام هەدادانی نەبوو. ئاخر خۆ مووسا کەسێک نەبوو سرەوتن بزانێ و وەک شەپۆلی زێی خوڕ ساتێ هەدادانی نەبوو.

موسا بە شیری شێرە ژنێکی کرمانشان فرچکی نەسرەوتنی گرتبوو، قەناسەکەی لە تیشەکەی فەرهاد لەلا خۆشەویستتر بوو، بۆ پاراستنی نیشتمان، ئیرادەی هاوتای قامەتی بیستوون بوو، بۆیەش دڵڕەشەکانی تاریکپەرەست هەمیشە لە ڕێباز و قەلەم و قەناسەکەی زراویان چووبوو.

دەستم لە نێودەستی بوو... چاوی لێ کردم و پڕ بە گەرووی هاواری کرد: «من نامرم... من پێشمەرگەی دێموکراتم.... من نامرم... .»

تۆ نامری کاکە مووسا، ئەتۆ کڵپەی ئاگری، ئەتۆ ڕازی هەرمانی خەباتی و لە مردن گەلێ بەهێزتری...

***

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:805 22 August 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


## کۆڕیادی ڕێزگرتن لە نەمر جەلیل گادانی

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکساڵەی کۆچی دوایی نەمر جەلیل گادانیدا کۆڕیادێکی بەڕێوە برد. لەم کۆڕیادەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٦ی گەلاوێژ بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و چەند ئەندامیکی بنەماڵەی جەلیل گادانی بەڕێوە چوو؛ ڕێز لە تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی نەمر گادانی نرا.

لەم کۆڕیادەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی لەسەر ڕۆڵ و پێگەی نەمر جەلیل گادانی لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کرد کە دەقی قسەکانی بەڕێزیان لەم ژمارەیەی «کوردستان»دا بڵاو کراوەتەوە.

بڵاوکردنەوەی دیکیۆمێنتێک لە ژیان و خەباتی کاک جەلیل، خوێندنەوەی هۆنراوەیەکی حەماسی لەلایەن شاعیر و نووسەر ڕەسووڵ سوڵتانی لە پەسنی کاک جەلیل گادانی، چەند سروودی شۆڕشگێڕی و دەقێکی شێعری لەلایەن شاحیر ئەحمەد قادری چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆڕیادە بوون.



کۆڕیادەکە بە خوێندنەوەی پەیامی بنەماڵەی نەمر گادانی لەلایەن خاتوو گلارە گادانی و نوێکردنەوەی پەیمانی بەڵێنی وەفا لەگەڵ نەمرانی حیزب و گەل کۆتایی پێ هات.

## مستەفا مەولوودی: بە وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی کورد تۆڵەی شەهیدانمان دەکەینەوە



ڕۆژی هەینی، ٢٢ی گەلاوێژ، بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە دەڤەری شاری هەولێر و لە سیمینارێکی تایبەتدا بۆ بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یادی ٧٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات بەرز ڕاگیرا.

ئەم سمیناره بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و تازەترین قوربانیی دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران، شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دەست پێ کرد. و پاشان کاک مستەفا مەولوودی، باسی لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) و ڕۆڵی ئەم حیزبە لە بزووتنەوەی سیاسی - نەتەوەیی کوردستان‌دا کرد.

کاک مستەفا مەولوودی کە زۆرترین بەشی بابەتەکەی تایبەت بوو بە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردودا، پەرژایە سەر عەقڵییەتی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە سەر بنەمای ئاشتیخوازی و بیرکردنەوەی ئەم حیزبە بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ڕێگەی وتوێژ و دیالۆگەوە، کە بەداخەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هێرش و شەڕفرۆشی وڵامی داخوازییەکانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستانی دایەوە.

جێگری سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی وتەکانیدا بە ئاماژە بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی تازە، بە سەرکۆماریی ڕەئیسی لە ئێران، وێڕای شیکردنەوەی دۆخی قەیراناویی ئێران و دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی، سەرنجی خستە سەر پیلانگێڕییەکانی ڕێژیم لە کوردستان و هەوڵە تێرۆریستییەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ زەربەلێدان لە تێکۆشەرانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات. بەڕێز مەولوودی لەم بارەوە بە ئاماژە بە پیلانەکانی ڕێژیم لە شاری نەغەدە بە مەبەستی نانەوەی دوو بەرەکی لە نێوان پێکهاتە جۆراوجۆرەکان، ڕۆڵی کەسایەتییە تێکۆشەر و دەروەستەکانی هەر دوو نەتەوەی کورد و تورکی ئەم شارەی بۆ پۆچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیم بەرز نرخاند.

کاک مستەفا مەولوودی بە ئاماژە بە تێرۆری شەهید مووسا باباخانی ڕایگەیاند کە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژە سەلماندوویانە کە بەم پیلانگەلە بەچۆکدا نایەن و هەموو لایەک دڵنیا دەکەینەوە کە بە درێژەدان بە ڕێگا و ڕێبازی شەهیدانمان و و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئاوات و ئامانجە بەرزەکانیان، تۆڵەیان دەستێنینەوە.

لە دوایین بەشی ئەم سمینارەدا بەڕێز مستەفا مەولوودی وڵاتی پرسیار و تێبینیی هاوڕێیانی بەشدار لە باسەکانی دایەوە.

## عومەر باڵەکی: دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات پێناسەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردن



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢٤ی گەلاوێژ بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی و ناوچەکانی گەرمیانی باشووری کوردستان، لە سمینارێکی تایبەت‌دا یادی ٧٦ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیرا.

لەم سمینارەدا کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە باسەکەیدا کە تایبەت بوو بە «کاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر گەشەسەندنی شعووری نەتەوەیی لە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان»دا، باسی لە دەسکەوتە زەینی و بەرهەستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە تا ئێستاش بەشێکی هەرە ئەساسین لە ماهییەت و پێناسەی نەتەوەیی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و کوردیان وەک میللەت پێ پێناسە دەکرێ. لەم پێوەندییەدا بەڕێزیان باسی لە دەسکەوتە مەزنەکانی وەک؛ دامەزرانی کۆماری کوردستان، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، دانانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سروودی نەتەوایەتی و .. هتد کرد کە بۆ کورد وەک نەتەوە هێما و سەمبوولی خۆپێناسەکردنن.

عومەر باڵەکی لە درێژەی باسەکەیدا وێڕای ئاماژەدان بە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەڵبژاردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبە لەپێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، جەختی لەسەر ماهییەتی ئاشتیخوازانەبوونی پەیام و سیاسەتی حیزبی دێموکرات کردەوە کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی و کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا ئەم حیزبە پێی وەفادار ماوەتەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە بەشێکی دیکە قسەکانیدا باسی لەو زام و برینانە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی ئەم ٧٦ ساڵە هەڵیگرتوون و گوتی: ڕووخانی کۆماری کوردستان، لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەدی سەرۆککۆمار، تێرۆری دەیان کەس لە ڕێبەران و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب و شەهیدبوونی هەزاران تێکۆشەری ئەم حیزبە، تەقینەوە و مووشەکباران و، وەک تازەترین نموونە، تێرۆری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، کاک مووسا باباخانی، بەشێکی ئەو قوربانیدانانە بوون کە حیزبی دێموکرات لە ماوەی تەمەنی خۆیدا تەحەموولی کردوون.

لە درێژەی سمینارەکەدا دوای خوێندنەوەی چەند پارچە شێعرێک لەلایەن خاوەن هەستێکی بەشداری سمینارەکە، چەند بەشداربوویەکی بەڕێز بە هێنانەبەرباسی سەرنج و پرسیارەکانیان، بەشدارییان لە باسەکەدا کرد کە لەلایەن عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە وڵامیان درایەوە.

بەر لە ماڵاوایی

## حیزبی دێموکرات هێز و ناسنامە



ڕەسووڵ سوڵتانی

بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە گرینگیی حیزبی دێموکرات، پێویستە ئاوڕێک لە چەمک و واتای هێز بدەینەوە. تا پێش میشل فۆکۆ، هێز و دەسەڵات، بە سیستەمێکی پڕ لە زەبروزەنگ دەگوترا، کە توانای سەرکوت و تۆقاندن و داپڵۆسینی هەیە، بەڵام فۆکۆ بە تێڕوانینێکی نوێوە لە هێز و دەسەڵات ورد بۆوە و پێی‌وابوو، هێز و دەسەڵات ئەگەر تەنیا ئەو بەشە بێ لە سیستەم، ئەوا هەمیشە دەبێ بە چەک و ڕاپەڕین و کودەتا بەرەنگاری ببینەوە. هەربۆیە ئەو فەیلەسووفە، پێناسەیەکی نوێی لە دەسەڵات هێنایەگۆڕێ، کە بریتی بوو لە «بەرهەمهێنان». دەسەڵات چی بەرهەم دێنێ؟ ئەوەی دەسەڵات بەرهەمی دێنێ، شوناس و چەمک و هزرە. تەواوی ئەو شتانەش لە چوارچێوەی زماندا بەرهەم دێن و دواتر دەبنە بەشێک لە کەسایەتیی تاک و کۆمەڵ و مێژوو. لەژێر تیشکی ئەو ڕوانگەیەدا، کە ئاوڕ لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەدەینەوە، گرینگیی ئەو حیزبەمان لە بەستێنی مێژوودا پتر بۆ دەردەکەوێ.

حیزبی دێموکرات، لە بەستێنێکدا ڕسکا و سەری هەڵدا، کە لەلایەکەوە نالەبار و لەلایەکیشەوە زۆر لەبار بوو. نالەبارییەکەی ئەو بەستێنە، پێوەندیی بە ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە هەبوو، کە سەدا نەوەدی پیاوەکانی و سەدا سەدی ژنەکانی نەخوێندەوار بوو. کەوابوو هەوڵدان بۆ دروستکردنی بزاڤێکی هزری و ڕێکخراوەیی و هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی سیستەم و بەکولتوورکردنی کاری بەکۆمەڵ و خەباتی هەرەوەزی لە وەها بەستێنێکدا، ئەگەر بە ئەشق و باوەڕێکی پتەوەوە قۆڵی لێ هەڵنەماڵی، نەک ئەستەم، بگرە وەکوو مەحاڵ دێتە بەرچاو. لەوەها بەستێنێکی نالەباردا ڕووناکبیرانی شۆڕشگێڕی کوردستان، بە قۆستنەوەی کەشی سیاسیی جیهان و ئاڵوگۆڕە قووڵەکان و خوێندنەوەیەکی دروستی ڕووداوەکان، بڕیاری دامەزراندنی حیزبی دێموکراتیان دا. هەڵبەت پێش ئەوە، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لەسەر دەستی پۆلێک ڕووناکبیری نیشتمانپەروەر دامەزرابوو و هەر ئەو کۆمەڵەیە بوو دواتر ناوەکەی گۆڕدرا و کرا بە حیزبی دێموکرات.

بەڵام لایەنە لەبارەکەی ئەو بەستێنە، ئاوات و ئارەزووی پەنگخواردووی میللەتێک بوو، بۆ هەبوونی ڕێکخراو و دەوڵەت و دەسەڵاتێک، کە خۆی تێیدا سەرۆک و بەڕێوەبەری وڵاتەکەی بێ و لە سێبەریدا بتوانێ کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆی وەکوو مرۆڤێک ببینێ و بینوێنێ.

تاسە و تینوێتیی خەڵکی کوردستان، بوو بە هەوێن و پشتیوانی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات، کە هەر بەو پشتیوانییەشەوە دواتر ئەو حیزبە، کۆمارە شکۆدارەکەی کوردستانی دامەزراند.

حیزبی دێموکرات، لە دامەزرانەوە تا ئێستا، وەکوو هێز و دەسەڵاتێکی هزری پێی ناوەتە گۆڕەپانی خەباتەوە. ئەو هێزەی وا فۆکۆ باسی دەکا، هێزێکی خوڵقێنەر و بەرهەمهێنەر. بەرهەمهێنەری شوناس، یان لانیکەم پێناسەکردنەوەی شوناسی تاک و نەتەوە و بەرهەمهێنەری گوتارێکی بنیاتنەرانە.

ئەگەر ئاوڕێک لە پێش دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف/دێموکرات بدەینەوە، خەبات و جووڵانەوەکانی کورد، لە چوارچێوەیەکی عەشیرەیی یان ئایینیدا بوون و لەگەڵ لەسێدارەدران یان مەرگی سەرکردە و نەفەری یەکەمی جووڵانەوەکاندا ئەو جووڵانەوانە دامرکاونەتەوە. نموونەش، جووڵانەوی شەهید سمکۆی شکاک و دامودەزگاکەی شێخ مەحموود و ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران و... بەڵام لەگەڵ دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا ئێمە لەگەڵ بەرهەمهێنان و خۆپێناسەکردنەوەیەکی نوێ و مۆدێڕن ڕووبەڕووین، کە تێیدا باسی نەتەوە بە شێوەیەکی نوێ دێتە گۆڕێ. ڕاستە لە جووڵانەوەکانی دیکەشدا باسی دەوڵەتی کوردی و بیری نەتەوەیی کراوە و لە بڵاڤۆکەکانیشیاندا ناوی هاتووە، بەڵام شوناس‌بەخشیی حیزبی دێموکرات و داڕشتنی چوارچێوەیەکی نوێ و نووسینەوەی بەرنامە و ئەساسنامە و دامەزراندنی کۆمار و هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و دامەزراندنی سوپای میللی (هێزی پێشمەرگەی کوردستان) و هەڵکردنی ئاڵا و کردنەوەی قوتابخانە و چاپی کتێب و ڕۆژنامە و دەیان گۆڤار و بڵاڤۆکی دیکە، هەنگاوێکی نوێ و گرینگن، بۆ بنیاتنانی نەتەوەیەک، کە ئەمجارە جیاواز لە هەموو کات و سەردەمێک، بڕوا بە توانا و بەهرە و کەسایەتیی خۆی بکا و ئەزموونی خۆبەڕێوەبەرییەکەی ببێتە بەردی بناغەی مێژوویەکی شکۆدار. هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە، کە ئەوە لە سەدەیەک نزیک دەبێتەوە کە ئەو حیزبە، سەرەڕای ئەوەی سێ سەرکردەی مەزنی لێ شەهید کراوە و بە هەموو شێوازێک هێرشی دوژمنەکانی کورد و کوردستانی لەسەر بووە و لەسەریەتی، کەچی لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا نەک هەنگاوی شل نەبووە، بگرە بە تین‌وگوڕتر لە جاران بەرەو ئەو ئامانجە پیرۆزانە هەنگاو دەنێ. ئەگەر حیزبی دێموکرات، تەنیا حیزبێکی چەکدار بوایە، بە دڵنیاییەوە دوژمنانی کورد ئەوەندە لێی نەدەترسان و حیسابیان بۆ نەدەکرد، ئەوەی زەندەقی دوژمنانی کوردی بردووە، ئەوەیە، کە ئەم حیزبە بەرهەمهێنەر و شوناس‌خوڵقێن بووە و ڕۆشنگەری و پێداگریی لەسەر مافە نەتەوەییەکانی میللەتی کورد و بەرگریی لە ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤی کردووەتە سەرمەشقی خەبات و تێکۆشانی خۆی.